# پەیوەندییە گشتییەکان

# پەیوەندییە گشتییەکان

## (دەروازەیەك)

**هۆشیار مزەفەر عەلی**

**مامۆستای یاریدەدەر**

**بەشی راگەیاندن/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین**

**هەولێر - ٢٠١١**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **پەیوەندییە گشتییەکان (دەروازەیەك)**
- هۆشیار مزەفەر عەلی
- وەرگێڕانی: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٤٥٠) لەساڵی ٢٠١١
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١١
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٦٢)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

**پێشکەشە بە..**

**هاوسەرەکەم.. هاوڕێی ڕێگام.**

**کەسوکارە ئازیزەکانم.**

**هەموو هاوڕێیانم و دڵسۆزانم.**

**هەموو ئەوانەی حەز بەدیداریان دەکەم و حەز بە دیدارم دەکەن.**



## ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................................................ ٧

**بەشی یەکەم/ پەیوەندییەگشتییەکان........................................................................ ١١**

**بەشی دووەم/ جەماوەر و رای گشتی ........................................................................ ٥٣**

**دەروازەیەك بۆ کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکشتییەکان........................................................................ ٨٣**

گرنگی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییەگشتییەکان .......................................... ٨٥

# پێشەکی

مرۆڤ بە سروشتی خۆی جیا لە خەڵکی دیکە ناژیت، بەڵکو بارودۆخی ژیان وا پێویست دەکات پەیوەندی بەوانی دیکەوە بکەیت و، لە کاتی ئەم پەیوەندییە بەوانی دیکەوەو هاوکاریکردن لەگەڵیاندا، کەسەکە یان کاریگەرییەکی باشی لای خەڵکانی دیکە بەجێ دەهێڵێت یاخود کاریگەرییەکی خراپ، ئەگەر کاریگەری باشی بەجێهێشت ئەمە هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی کارەکانی بەخێرایی و کۆششێکی کەمتر ئەنجام بدات، پێچەوانەکەشی راستە. بەمجۆرە گونجانی تاك و گرووپەکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا شتێکی گرنگە و زۆر پێویستە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

هەمان شت سەبارەت بە هەر رێکخراوێك، ئەویش جیا لە جەماوەر و کۆمەڵگەکەی دەوروبەری ناژیت، ئەو پێویستی پێیەتی و کۆمەڵگەش پێویستی بە ئەوە، هەر دەبێت پەیوەندی باش لە نێوانیاندا هەبێت و هەریەکەیان لە گرنگی ئەو رۆڵە بزانن کە لە کۆمەڵگەدا دەبینرێت و، بەبێ پەیوەندی باش لە نێوان رێکخراوەکان و لە نێوان جەماوەری پەیوەندیدار پێی یان کۆمەڵگەی دەوروبەری ئەم رێکخراوانە گرەنتی ئاشتی و سەقامگیری خۆی بکات و، هەرچەندە قەبارەی دامەزراوەکان گەورەتر بوو ئەوا ماوەی نێوانی و نێوان جەماوەرەکەی و کۆمەڵگەی دەورووبەری دوورتر دەبێتەوەو، زانینی رای هەزاران یان ملیۆنەها کەس و گرووپەکان بووە پێویستییەکی ناچاری، بۆ ئەوەی سیاسەتەکەی بەو شێوە نەخشە بکێشێت کە لەگەڵیاندا



دەگونجێت، پاشان بۆیانی باس بکات بە مەبەستی وەرگرتنی متمانە و ریزگرتن و پاڵپشتییان بۆی.

حکومەتە دیموکراتییەکانیش هەوڵدەدەن بۆ زانینی ئارەزووەکانی جەماوەر و وەدەستهێنانی ماتمانە و پاڵپشتییەکەی، چونکە ئەو جێبەجێکاری ئەو سیاسەتانەیە کە حکومەت نەخشەی دەکێشێت و لەسەر ئەو بنەمایە مان و نەمانی بەندە، بەرژەوەندییەکانی خەڵك بەیەکدا ئالآن و ئارەزووەکانیان جیاواز بوو و پەیوەندییە پشت پێ بەستووەکان لە نێوان رێکخراوەکاندا زیاتر بوو، هەروەك هێزی رای گشتی زیاتر بوو و بووە پێویستییەکی ناچاری بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەر و داخوازییەکانی تاك و گرووپەکان و، وەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاریکاری و متمانەی ئەوانی دیکە لە رێگەی باوەڕکردن، قوربانیدا بە بەشێك لە کاری رۆژانەی بەڕێوەبەر لە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی رێکخراوەکان، جا کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی، یاخود ئابووری بێت، ئەم دامەزراوانە درکیان بەوە کرد ناتوانن سەرکەوتن وەدی بهێنن ئەگەر دوور لە جەماوەر بژین یان خۆی لەوان دا ببڕێنێت.

لێرەدا پێویستی لە سەردەمی ئێستاماندا دروست بوو بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە، ئەرکی دروستکردنی پەیوەندی باش لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی- بە کەسانی پسپۆر لەم بوارەدا بسپێرێن و، بەمەش کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەتەکان و دامەزراوە جیاوازەکان دروستبوو، کە لەم کاتەی ئێستاماندا بۆتە یەکێك لە پێویستییەکان.

لەلایەکی دیکەوە رای گشتی ئێستا رۆڵێکی گرنگ لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبینێت و، بەپێویست دەزانرێت لە هۆکارەکانی پێکهێنان و کارابوونی رای گشتی و، ئامرازە کارتێکراوەکانی و، چۆنێتی ئاراستەکردنی و کاریگەری لەسەر رێڕەوەکەی، تێبگەین.

بەکورتی، پەیوەندییە گشتییەکان و رای گشتی ئەمڕۆ دوو بواری گرنگ لە کاری میدیایی دەنوێنن، بۆیە پێویستە زیاتر لێی بکۆڵینەوەو، لە ئامرازە میدیاییە گونجاوەکان بۆ کاریگەری کردنە سەریان ئاگاداربن.

لەم وانانەدا قوتابیان کورتەیەك لەبارەی گرنگترین ئەو چەمك و لێکۆڵینەوانەی کە باس لە پەیوەندییە گشتییەکان و رای گشتی دەکەن بەرچاویان دەکەوێت و، رەنگە مایەی سوودمەندی بێت کە هەندێجار خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکان بۆ زیاتر قووڵبوونەوەو فراوانبوون لە بابەتەکەدا. لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو قوتابیان.

# بەشی یەکەم

## پەیوەندییە گشتییەکان

### یەکەم: پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان:

زاراوەی پەیوەندییــە گــشتییەکان Public Relation نزیکــەی کۆتــایی ســەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵداو، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەکارهێنانی بــووە بــاو و، چــەندین پێناسەی بۆ کراو، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لە نێوەندی کارەکاندا، بەڵام بەکاردەهێنرا بۆ وەسـفکردنی کۆمەڵەیـەکی هەمـەڕەنگ و بـەرفراوان لـە چـالاکییەکان کـە وایکـرد تەمومژی و نادیاری لەخۆبگرێت، ئـەوەتا فەرهـەنگی وێبـستەر ( Websters New Collegiate Dictionary) پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات بەوەی کۆمەڵە چالاکییەکە دەستەیەك یان یەکێتییەك یاخود حکومەتێك یـان هـەر ڕێکخـستنێك لـە بونیاتی کۆمەڵایـەتی ئـەنجامی دەدات، لـە پێنـاو خوڵقانـدنی پەیوەنـدی بـاش و چـاك لەگـەڵ جـەماوەرە جیاوازەکانـدا، کـە مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکـات، وەك جـەماوەری بەکاربەران و بەکارهێنەران و هەڵگران پـشکەکان، هـەروەها جـەماوەر بـە شـێوەیەکی گشتی، ئەمەش بۆ ڕاڤەکردنی خۆی بۆ کۆمەڵگە بۆ ئەوەی پێی ڕازی بن.

گرنگترین شت کە ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ کرد ئەوەیە کە پەیوەندییــە گــشتییەکان تەنیا کورت نەبۆتەوە لەسەر جۆرێکی دیاریکراو لە دامـەزراوەکان یـان دەزگاکـان یـاخود لەسەر جۆرێکی دیاریکراو لە پیشەکان، بەڵکو ڕوونیکردەوە کـە پەیوەندییــە گــشتییەکان لە سەرجەم دامەزراوە و دەزگا جیاوازەکاندا پەیڕەو دەکرێت، جا حکومی یـان نـاحکومی



بێت، پیشەسازی یان بازرگانی یـاخود خزمـەتگوزاری یـان شـتی دیکـە بێـت، هـەروەها پێناسەکە بایەخی بـە ڕوونکردنـەوەی ئامانجەکـە لـە پەیوەندییــە گــشتییەکاندا، ئـەویش دروستکردنی پەیوەندی باشە لەنێوان ئەو دامەزراوانـە و ئـەو جـەماوەرەی کـە مامەڵـەی لەگەڵدا دەکات یان پەیوەندی پێوە دەکات، بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانە دواجار ڕەزامەنـدی ئەو کۆمەڵگەیە بەدەستبێنن کە تیایدا دەچین. هەروەها ئەم پێناسەیە جـۆری جـەماوەری فەرامۆش نەکردووە، جـا جـەماوەری دەرەکـی بێـت (پارەپێـدەر یـان بەکاربـەران) یـاخود جەماوەری ناوخۆیی، واتە ئەوانەی لەو دامەزراوانە کار دەکەن.

ئەو کەموکورییەی کە لەم پێناسەیە گیراوە ئەوەیە کـە وای دانـاوە پەیوەندییــە گشتییەکان چالاکییەکە لەلایەن دامـەزراوەکانەوەیەو، بەکارهێنانی وشـەی چـالاکی تێکەڵییەکی تێدایە لە نێوان چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان و بـەکارهێنانی وەك هاو واتا بۆ هەندێ لە ئەرکەکانی وەك ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە و ڕێکلام لـە بـارەی ڕێکخراوەکـە، بـەڵام چـەمکی پەیوەندییــە گــشتییەکان فـراوانتر و گــشتگیرترە لــە چەمکی ئەم زاراوانە، هەروەها ئەم پێناسەیە وای دانا کە پەیوەندییــە گــشتییەکان جۆرێکە لە چالاکی مرۆیی بەبێ ئەوەی مۆرکی هونەر یان زانستی بخاتە سەر، ئـەو بنــەما زانــستییەکانی دیــاری نــەکرد، کــە پەیوەندییــە گــشتییەکانی لەســەر دادەمــەزرێت، بەوپێیــەی پەیوەندییــە گــشتییەکان شــتێکی ســەرپێیی و خۆگــوتنی (ئیرتیجـالی) نییـە، بـەڵکو دەپێورێـت و شـیدەکرێتەوە و دادەڕێـژرێت و جێبـەجێ دەکرێت و بەدواداچوونی بـۆ دەکرێـت و هەڵدەسـەنگێنرێت و، پێویـستە پـسپۆڕانی ڕاهێنەر کار لەسەر پرۆسەکانی بکات.

لە پێناسـەکانیتردا وا دانـراوە کـە پەیوەندییــە گــشتییەکان هەوڵێکـە دەدرێـت بـۆ لـەخۆگرتنی جـەماوەر، (کریـستیان) پێناسـەی کـردووە بـەوەی کۆشـشە دەدرێـت بـۆ کاریگەری کردنە سـەر جـەماوەر لـە ڕێگـەی ئـامرازە جیاجیاکـانی ڕاگەیاندنـەوە، بـۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی دروست لەبارەی دامەزراوەکەیان لا دروست بێت بەمـەش پاڵپـشتی بکەن لە تەنگژەکانی و یارمەتی بدەن لە ئامانجەکانی و هانی بدەن لە چالاکییەکانی.

پەیمانگەی پەیوەندییە گشتییەکانیش وا پێناسەی کردووە، کە هەوڵێ داڕێژراو و مەبەستدار و پاڵپشتیکراوە بۆ دۆزینەوەی لێکگەیشتن و متمانە و پارێزگاریکردن لە تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ڕێکخراوەکە و جەماوەرەکەیدا.

زاراوەی (جەماوەر) بە زاراوەیەکی گونجاو دادەنرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان بایەخ بە هەموو دەستەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەدات کە پەیوەندی پێوە دەکات و، پەیوەندییە گشتییەکانیش کار دەکات بۆ وەرگرتنی متمانەی جەماوەر لەو دەسکەوتانەی کە دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات و، لادانی بەستوویی و دوژمنایەتی و نالێکگەیشتن، کە جیاوازە لە شێوازەکانی گەیاندنی حەزبزوێن (اغرائی) کە ڕێکلام پێشکەش دەکات.

بۆ ئەمەش نموونەیەکی سادە دەهێنینەوە، ئەگەر دامەزراوەیەك ویستی ڕێگەکان چاك یان قیر بکات و بەدرێژایی ڕێگەکەش چاڵێك هەبوو، ئەوا پێویستە تابلۆیەك هەڵبواسیت و لەسەری ناوی دامەزراوەکە هەروەها هۆشداری بۆ ڕێبواران و ئوتۆمبێلەکانی لەسەر بنووسێت و، داوای لێبووردنیش بکات لە بوونی ئەو چاڵە، ئەمەش هەستێکی چاك لای خەڵك بەرامبەر دامەزراوەکە و ئەرکەکەی دروست دەکات.

هەرچەندە ئەم پێناسەیە لەگەڵ ئەوەی پێشتری کۆکە لەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کۆششکردنە، بەڵام ڕوونیکردەوە کە هەوڵێکی بەرنامە بۆ دانراوو داڕێژراوە، لەمەشدا ئاماژەیەك هەیە بەوەی ئەم هەوڵانە لەسەر بنەمای زانستی لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و پلاندانان دامەزراوە، هەروەها پێناسەکە ئەوەی لەخۆگرتووە کە ئەم کۆششانە کاتیی نین، بەڵکو بەردەوامن.

زۆر لە زانایانی کۆمەڵناسی و راگەیاندن هەوڵیاندا بگەنە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ پەیوەندییە گشتییەکان و چەمکێکی نوێی بۆ دابنێن و، پێناسە کۆنەکەی بریتیبوو: کۆششی کارگێڕی پلان بۆ دانراو و داڕێژراو و بەردەوامە بۆ ڕێکخستنی کار لەلایەن دامەزراوەکانەوە کە ئامانجی بوون و پاڵپشتیکردنی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕە لەنێوان



دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی بۆ ئەوەی خۆگونجاندنی دامەزراوەکە لەو کۆمەڵگەیەی تیایدایە ئاسا بێتە دەست.

لە روانگەی ئەم وێناکردنەوە، پەیوەندییە گشتییەکان لە تەنیا ڕێکلامکردن بۆ کاڵایەك زیاتر دەبێت، هەروەها ئەوە لەخۆدەگرێت، کە دامەزراوەکە لەگەڵ بابەت و پێداویستی و ئاستەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی خۆی بگونجێنێت.

پێناسەیەکی باو هەیە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان و زۆرترین جۆر کە گۆڤاری (پەیوەندییە گشتییەکان Public Relations)ی ئەمریکایی خستییەڕوو، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕییە کە ئاراستەکانی جەماوەر هەڵدەسەنگێنێت و، هەماهەنگی سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی تاك یان ڕێکخستنن لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا وەدی دەهێنێت و، بەرنامەی کار بۆ بردنەوەی متمانەی جەماوەر و پەسەندکردنی بۆ دامەزراوەکە دادەنێت و جێبەجێی دەکات.

لە روانگەی ئەم پێناسەیەوە، پەیوەندییە گشتییەکان بەشێکە لە چالاکی هەر دامەزراوەیەك و، بەردەوامیشە و، کارێکی کاتیی نییە.

هەندێ لە توێژەران پێشنیازی پێناسەیەکی تریان بۆ پەیوەندییە گشتییەکان کردووە، ئەوە لە روانگەیانەوە فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ کارگێڕی کە بە سیاسەتەکانی دامەزراوەکە و پەیڕەوکردنەکانی و دەستکەوتەکانی دەریدەبڕێت و، ئامرازی گەیاندنی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ جەماوەرەکەی لا فەراهەمە و، کۆششکردن و خەباتکردن لە پێناو دۆزینەوەی لێکگەیشتنی ئاڵوگۆڕ و ناوبانگێکی باشە.

ئەم پێناسەیەش چوار رەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

یەکەم: فەلسەفەیەکی کارگێڕییە کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە. دووەم: دەربڕی فەلسەفەیە لە سیاسەتی بڕیارداندا. سێیەم: ئەو کارەیە کە لەم سیاسەتانەوە بەرهەم دێت. چوارەم: ئامرازی گەیاندنی هەیە کە یارمەتیدەرە بۆ خولقاندنی ئەم سیاسەتانە و باس و ڕوونی دەکاتەوە و بەرگری لێدەکات و بڕوای پێ دەدات لای جەماوەر، ئەمەش بە مەبەستی وەدەیهێنانی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕ و ناوبانگی باشە.

ئەم پێناسەیەی دواییش روون و دیاریکراو نییە، چونکە دەربڕینی پەیوەندییە گشتییەکان فەلسەفەیەکی کارگێڕییە ڕێکخراوێك پەیڕەوی دەکات، زۆر یارمەتی بەخش نییە لە روونکردنەوەی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان.

هەروەها هەن پەیوەندییە گشتییەکان بە پرۆسەیەکی بەردەوام دادەنێن، سیدل T.C.Seidle پێناسەیەکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان خستەڕوو کە دەڵێت: پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەیەکی بەردەوامە، بە هۆیەوە هەر دامەزراوە یان ڕێکخراوێك ئاراستە دەکرێت بۆ بردنەوەی متمانەی بەکارهێنەرانی و کارمەندانی و جەماوەر بە گشتی، بە مەبەستی لێکگەیشتن لەگەڵ هەموویاندا، گوتمان پرۆسەیەکی بەردەوامە، چونکە رای جەماوەرە بە راست و هەڵە و، لەوەی دەبێت یان نابێت، هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، ئەمەش پێویست دەکات بە بەردەوام رایەکەی لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و ڕێگە بەکارهاتووەکان لە کۆمەڵەکە یان دامەزراوەکە یاخود ڕێکخراوەکە بپێوێت و شی بکاتەوە، مەبەست لە ڕێکخراو لێرەدا هەر تاك یان دەستە یاخود دامەزراوەیەکی گشتی یان تایبەتی، حکومی یان ئەهلییە، کە چالاکییەك ئەنجام دەدەن، جا لە هەر جۆر یان رەنگێکدا بێت، بۆ رووبەڕووبوونەوەی جەماوەرێکی دیاریکراوە، ئەم پرۆسەیەش بە دوو ڕێگە دەکرێت: یەکەم، چالاکییەکی ناوخۆییە لەسەر بنەمای رەخنەگری خودی بۆ راستکردنەوەی رەوشە ناوخۆییەکان و، دووەم، چالاکییەکی دەرەکییە کە سوود لەهەموو ئامرازە شیاوەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە دەبینێت.

یەکەم پێناسەی وردیش بۆ چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان، پەیمانگەی بەریتانی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە ساڵی ١٩٤٨ داینا بەوەی "برەودانە بە دۆزینەوەی لێکگەیشتن و پەیوەندی بەهێز لە نێوان ڕێکخراوو تاکەکانی، یان هەر گرووپێك لە گرووپەکان یاخود تاکەکان یان ڕێکخراوەکان و، ئەوەی لەسەر بنەمای ئەم لێکگەیشتنەوە بەرهەم دێ لە دروستبوونی ناوبانگێکی باش و پەیوەندییەکی بەردەوام".



مێژوونووسان و بایەخمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان ناکۆکن لەوەی پەیوەندییە گشتییەکان هونەرێکی تەکتیکییە ناگاتە ئاستی زانست، یاخود زانستێکە ناوەڕۆکی زانستی لە رووی تیۆری و میتۆدییەوە بەسەردا جێبەجێ نابێت، بۆ بڕیاردان لەمبارەیەوە پێویستە سەرەتا ڕێك بکەوین لەسەر مانای هونەر و مانای زانست. هونەر کۆمەڵە کارێکی مرۆیی ڕێکخراوە، ئامرازێك بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، یاخود پیشەسازییەکە لە پیشەسازییەکان کە مرۆڤ بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاری دەهێنێت، چونکە هونەرمەند کارێك بۆ خودی خۆی ناکات، بەڵکو مەبەستی شتێکیتر و مەبەستێکی دیاریکراوە، هونەرەکان دابەش دەبن بۆ هونەری قازانجهێنەری ماددی و بەرز (یان جوان)، هونەری قازانجهێنەری وەکو دەریاوانی و بازرگانی و تەلارسازی، بەڵام هونەرەجوانەکان مۆسیقا و گۆرانی و نواندن و سەمای ئیمزایی (التوقیعی) دەگرێتەوە.

بەڵام زانست کۆمەڵە راستییەکی ڕێکخراوی بابەت یەکگرتووە، چەسپاوی بەڵگەی عەقڵی یان تاقیکردنەوەیی، بەمانایەکیتر ڕێکخستنی زانینە بۆ سروشتی دیاردەکان و پەیوەندی نێوانیان.

بەڵام پێویستە بزانین کە زانست و هونەر بە شێوەیەکی توندوتۆڵ پێکەوە گرێدراون، چاوەڕوان ناکرێت زانست بەبێ هونەر هەبێت، یاخود هونەر بەبێ زانست بەرز ببێتەوە، ئەمەش لەو زانستە پراکتیکیانەدا دەردەکەوێت کە سوودەکەی لە جێبەجێکردنی هونەریدا دەردەخات، بەڵام هونەر زۆرجار پشت بە زانستێك یان چەند زانستێکی جیاواز دەبەستێت، بۆ نموونە بازرگانی لە بەرزبوونەوەکەی پشت بە زانستی ئابووری و بیرکاری دەبەستێت. دەریاوانیش پشت بە بیرکاری و هێڵکاری دەریاکان دەبەستێت.

بەکورتی، زانست، بریتییە لە کارگێڕی یان زانین و، هونەریش لە کارکردن پێکهاتووە. هەندێ لە پێناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندییە گشتییەکان هونەرەو، مەبەست لە هونەریش لێرەدا هونەری تواناییە، نەك بە مانا

جوانییەکەی، هونەری تواناییش بریتییە لە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ رۆیشتنیان، واتە پێویستی بەتواناو زمانپاراوی و باش مامەڵەکردن هەیە، هەروەها بەنوێکردنەوەو داهێنانی بەردەوام بەپێی پێویستییەکانی بارودۆخ و هەڵوەستەکان و، هونەرێکە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەر و دەستکەوتنی رەزامەندییان و خۆشەویستییان و وەرگرتنی متمانە و پاڵپشتییان، ئەمەش لەرێگەی گەیاندن بە جەماوەرەوە بۆ گواستنەوەی راستییەکان بۆیان دێتەدی و، لێکدانەوەی ئەو راستییانە بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوە و دەستانە پاڵپشتی جەماوەر بۆی وەدەستبهێنێت. ئەوەتا بلومفلید D.Bloomfiled وای دەبینێت کە پەیوەندییە گشتییەکان هونەری کاریگەری کردنە لەسەر ئەوانیتر بۆ گرتنەبەری هەمان رێگە کە ئەو دامەزراوانە شوێنی کەوتوون. هەروەها (هوارد بونهام Howard Bonham) ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی خاچی سووری ئەمریکایی وا پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە، کە هونەری لێککگەیشتنە لەگەڵ جەماوەردا، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانە بە تاکەکان و رێکخراوەکان.

پێناسەی دیکەش هەن کە پەیوەندییە گشتییەکانیان بە زانستێك داناوە کە بنەما و شێوازی خۆی هەیە، کەوا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی رەفتاری تاك و کۆمەڵەکان دەدات و رای گشتی دەپێوێت و شی دەکاتەوە، بە مەبەستی رێکخستنی پەیوەندییە مرۆییەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و دۆستایەتی و هۆشیاری و، پلاندانانی زانستی بۆ پرۆگرامەکانی پەیوەندییە گشتیەکان لەخۆدەگرێت و، بایەخ بە گەیاندنی باشی زانیارییەکان دەدات لە نێوان ئەو دەستەیەی کە بایەخمەندە بە مەسەلەکە و لە نێوان جەماوەرەکەیدا، بە ئامانجی وەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیانداو، گەیشتن بە پلەیەکی بالاّ لە پاڵپشتی تەواوەتی و بەشداریکردنی ویژدانی.



خاوەنانی ئەم ئاراستەیە وای دەبینن کە کۆمەڵگەکان لە کۆندا پێویستیان بەم زانستە نەبووە، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان ئاسایی و سادە بووە، بەڵام بە پێشکەوتنی شارستانی و ئەوەی لەگەڵ دروستکردندا هات لە تایبەتمەندی و دابەشکردنی کار، کۆمەڵگەکان وردە وردە ئاڵۆز دەبوون، دواجار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاك و کۆمەڵەکانیش وای لێهات، لە ئەنجامی ئەمەدا پێویست بوو هاوسەنگییەك لە کۆمەڵگەدا دروست بێت، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش و پاڵپشتیکردنی ئەرکیی لە نێوان ئەندامەکانیدا. لێرەدا ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان خۆی لە چاودێریکردنی پەیوەندییە مرۆییە دروستەکان لە نێوان ئەندامانی دامەزراوەکە لەلایەك و، لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر لەلایەکیترەوە. بەجۆرێك زانستی پەیوەندییە گشتییەکان بایەخ بە دۆزینەوەی ئەو بنەما و پرەنسیپانە دەدات کە یارمەتیدەرە لەدروستکردنی پەیوەندیگەلێکی پڕ لەمتمانە لە نێوان دەستە جیاوازەکانی گەلدا، بە مەبەستی سەرکەوتنی پرۆژە قازانجکەرەکان.

ئەوەی لە لێکۆڵینەوە و راڤەکردنی رەفتاری مرۆیی بە کەموکوڕی دەبینرێت، ئەوەیە کە رەفتاری مرۆیی دەریایەکی فراوانە و سنووری بۆ نییە و، ئەو قسەیە راست نییە کەوا پەیوەندییە گشتییەکان لە هەموو چالاکییەکی مرۆیی دەکۆڵێتەوە.

تێڕوانینێکیتر هەیە وای دادەنێت کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەر یان توانایە، ئەوەتا رکس هارلۆ و بلاك Black & R.Harlow، هەروەها فەرهەنگی زانیاری ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەرە، زانستە لەو روانگەیەی کە پشت بە زانستی کۆمەڵناسی مرۆیی دەبەستێت، زانستیشە لەو رووەوەی کە پەیڕەوی شێوازی زانستی دەکات لە گەڕان و دەستنیشانکردندا. هونەریش ئەگەر لە لایەنە پراکتیکییەکەیەوە لێی بڕوانین، واتە لایەنی جێبەجێکاری، هەروەك لایەنی خودیشی دێتە نێو پێکهاتەکەیەوە، بەجۆرێك شێوازەکانی

جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئەم زانستە لە پسپۆڕێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە، بە میتۆدەکە و ئامادەباشییەکانی و شێوازی ئامادەکردنەکەی کاریگەرە.

لە رووی زاراوەسازییەوە، وشەی (پەیوەندییەکان) مانای پرۆسەی پەیوەستی و گەیاندنەکان و پێکەوەبەستنەکان دەدات، کە لە نێوان دەستە یان دامەزراوەیەك و ئەو جەماوەرەدا هەیە، کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام وشەی (گشتی) واتای هەموو ئەو کۆمەڵە یان توێژە لە کۆمەڵگە دەگەیەنێت کە رێکخراوەکە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە و، هەموو جەماوەری کارمەندان و کڕیارەکان یان بهێنەکان، یاخود هەڵمەتی هەڵگرانی پشکەکان یان پارەپێدەرەکان، یاخود دەستە حکومییەکان.

پێویستمان بەوە نییە ئاماژە بەوە بدەین، کە هەندێ جەماوەر کە لە نێو چوارچێوەی پەیوەندییەکانی یەك دەستەدایە، بەرژەوەندییان دژ بەیەکە، دواجار کێشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان سەبارەت بە دەستە یان بەڕێوەبەرایەتییەك لە ناسینی جەماوەر جیاوازە کە تێگەیشتنی و درککردنی تێبینییەکانی دەستپێدەکات و، کارکردن لەسەر بەردەوامی پەیوەستی نێوانیان و لە نێوان دەستەکە لەبارێکی باشدا بێت.

هەندێ نووسەر وای دەبینن پەیوەندییە گشتییە باشەکان دەکرێ بەم هاوکێشەیە دەربڕێت:

"راپەڕاندنی باش+ هەواڵی راستگۆ= پەیوەندی گشتی باش"

لە پێناسەکانی پەیوەندییە گشتییەکانەوە دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێ پوخت بکەینەوە:

١- پەیوەندییە گشتییەکان زانستێکە پشت بە شێوازی زانستی دەبەستێ و، پشت بە تیۆرە زانستییەکان و شارەزاییە تەکنیککراو و ئەزموونە لێکۆڵراوەکان دەبەستێت.

٢- پەیوەندییە گشتییەکان هونەرە، بەو مانایەی کە پشت بە جێبەجێکردنەکانی زانستی کۆمەڵایەتی دەبەستێت و، پشت بە توانا تایبەتییەکان لە جێبەجێکردنی



تیۆرە جیاوازەکان دەبەستێ، ئامادەباشییە تاکییەکانیش لە پسپۆڕێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە.

٣- پەیوەندییە گشتییەکان پێویستی بە پسپۆڕانە لەسەر ئاستی جیاجیا، کە لە پەیمانگە و کۆلێژی تایبەتمەندەوە دەرچووبن، چونکە ئەوان رای گشتی دەستنیشان دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن لەو گۆشە نیگایەی کە جێی بایەخی رێکخراوەکە و پێوەی پەیوەستە، هەروەها ئامۆژگاری و راوێژ پێشکەش بە بەڕێوەبەران دەکەن سەبارەت بە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ رای گشتیدا.

٤- پەیوەندییە گشتییەکان بە ئامرازێك دادەنرێت بۆ مەشقدان و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ پەسەندکردنی بیرۆکە و رایە تازەکان یان ئەنجامدانی بەرپرسیارێتی ویستراو.

٥- پەیوەندییە گشتییەکان تێگەیشتن لە نێوان دەزگاکان و جەماوەرەکەی لە خۆدەگرێت و، کار بۆ پێکەوە بەستن و وەدیهێنانی هاوکاری لەنێوانیان دەکات.

٦- پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی گەیاندن و راگەیاندن و توێژینەوە زانستییەکان بەکاردەهێنێت بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانی.

٧- پەیوەندییە گشتییەکان بۆتە شتێکی پێویست و، پێویستە لە هەموو دەزگایەکدا هەبێت، لەسەر هەموو ئاستەکاندا، ئەو دەچێتە نێو بواری بازرگانی و پیشەسازی و کارگێڕی و فێرکردن و تەندروستی و سوپاو....هتد، هەروەك لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە تازە گەشەکردووەکان وەکو یەك هەیە و، لە نێوان جەماوەر لەسەرجەم کۆمەڵگەکاندا.

## دووەم: فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان:

پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی سیماکانی چالاکی مرۆیی و، جۆرایەتی جەماوەر یان گرووپە بچووکەکان لە کۆمەڵگەی مرۆیی، فرە چەشنە، پەیوەندی گشتی حکومی و بازرگانی و پیشەسازی و سەربازی و سیاسی هەیە، بەڵام هەموو ئەم جۆر و بەشانە فەلسەفە و پرەنسیپێکی گشتی کۆیان دەکاتەوەو، پشت بە یەك بنەمای هونەری دەبەستێت و، جێبەجێکردنێکی بنەماکانی پەیوەندییە گشتییەکانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و ڕەوشەکان لەو بوارەی کە تیایدا جێبەجێ دەکرێت، ئەو ئامرازانەی کە لە پەیوەندییە گشتییەکاندا پەیڕەو دەکرێت یەکێکە و، ئامرازەکانیش یەکن، وەك ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری، کە ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامە و ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەمایە، یان ئامرازی دیکە وەکو پەیوەندییە کەسییەکان، کە هەموویان کار بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکان و ڕێگەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیداو وەدەستهێنانی متمانەکەی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی ناکۆکییە، ئەو جەماوەرەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان بەرەو لای دەڕوات.

١- فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان پشت بە ڕاستییەکی زانستی دەبەستێت کەوا مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بەجیا لە خەڵکی دیکە بژیت و، زۆر لە توێژینەوە زانستییەکان دووپاتیان کردۆتەوە کە مرۆڤ ناتوانێت هەموو پێویستییە زۆرە بایۆلۆژی و دەروونییەکانی بۆ خۆی بە تەنیا تێر بکات، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوا لە بنەمادا بەبێ بوونی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا وەدی نایەت، بەمەش پەیوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ کەسانی دیکە دروست دەبێت، کە ئەو زۆر پێویستی پێیەتی بۆ تێرکردنی پێویستییە جۆراوجۆرە نوێیەکانی.

٢- مرۆڤ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیتر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی گۆشەگیر و گۆڕاوە، سەرەڕای ئەوەی وەکو ئەوانی دیکەیە لە مرۆڤەکانی دیکە، بەڵام جیاوازی زۆر هەیە لەهەموو پەیوەندییەکان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە.



٣- مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوانی دیکە و لەگەڵ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان مامەڵە دەکات، بەو مانایەی کە کاریگەر دەبێت و دەکات بە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە نەبوونی گەیاندنی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوولادا یان وەستاندنی دەبێتە هۆی نەمانی توخمی ئیجابی کە بە بنەمای دینامیکێتی پەیوەندییە گشتییەکان دادەنرێت، هەروەها کاردانەوە یان ئەو وەڵامدانەوەیەی کە کڕیارەکان دەریدەخەن، کاریگەرییەکی قووڵ دەکاتە سەر پڕۆگرامەکانی دامەزراوەکە و لە سیاسەتەکەی، تەنانەت لە شێوازی کاریشدا.

٤- مرۆڤ بە مێشك و ژیری جیا دەکرێتەوە، مانای ئەمە وایە کە ڕازی بوون بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاستی مرۆڤ، بەڵام کۆنترۆڵ و فەرمانکردن و فشار و تیرۆر و ناچارکاری بۆ ئاستی ئامێر دایدەبەزێنێت، ئەمەش پێویست بە ڕێزگرتنی لە مرۆییەتی مرۆڤ دەکات و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی تاکو مرۆڤ بخرێتە پێگە ڕاستەقینەکەیەوە.

٥- پەیوەندییە گشتییەکان تەرکیز لەسەر لایەنی مرۆیی دەکاتەوە، بەرنامەی پەیوەندییە گشتییەکان و پلانی ڕاگەیاندن تەرکیز دەکاتە سەر مرۆڤ، جا ئەندامێك بێت لە گرووپێك یان وەك هەموان هاوولاتییەك لە کۆمەڵگەدا بێت. ڕێی تێناچێت دامەزراوەیەك یان کۆمپانیایەك دەست بە باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەری دەرەکی بکات و، پەیوەندییەکەی لەگەڵ جەماوەری ناوخۆیی لە ئاستی پێویستدا نەبێت، سەرەتا پێویستە گیانی کۆمەڵێی و هاریکاری لە نێوان ئەندامانی دامەزراوەکە بخولقێنرێت، بە جیاوازی ئاستە کارگێڕییەکانیان، پاشان دەست بە گەشەپێدانی پتەوکردنی پەیوەندی باش لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرە دەرەکییەکەیدا دەکات، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ وەدەستهێنانی هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی دەرەکی و، زیادبوونی هەلی سەرکەوتنی دامەزراوەکە، ئەمەش بەوە دێتە دی کە پڕۆگرامی کۆمەڵایەتی و تەرفیهی گونجاویان بۆ دەستەبەر بکرێت و، بارودۆخی کاری کرێکارەکان باش بکرێت و، هەوڵبدرێت ڕابهێنرێن، و لە کارگێڕیدا بەشدارییان پێ بکرێت و دەرفەتیان پێ بدرێت داهێنان بکەن.

٦- پەیوەندییە گشتییەکان تەرکیز لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، بۆیە دەبێت هەر دەستەیەك ئامانجەکانی دابنێت بەجۆرێك لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگە و ئامانجە گشتییەکانی بگونجێت و، ریز لە رای جەماوەر بگیرێت و، پەیوەندییە گشتییەکان مەشق بە جەماوەری دامەزراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەکات تاکو بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هەڵبگرن، چونکە ئەمە رێگەی زانینیانە بە توانای دامەزراوەکان و کۆششەکانیان و ئەو خەسڵەتانەی رووبەڕووی دەبێتەوە دەتوانێت یارمەتییان بدات بەرپرسیارێتی سیاسەتی گشتی دامەزراوەکە هەڵبگرن. هەروەها دەستەکە بەرچاوی جەماوەری کارکردوو لەگەڵیدا رۆشن دەکاتەوە، بەو خزمەتگوزاریانەی کە ئەنجامی دەدات و، چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکانیان بۆ باس دەکات و، بەرپرسیارێتییەکانیان بەرامبەری روون دەکاتەوەو، دیاریکردنی مەودای ئەو بەشدارییەی کە هاووڵاتی دەتوانێت پێشکەشی بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئاستی جێبەجێکردنی و، گرنگی هاوکاری جەماوەر لەگەڵیدا بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی سەرهەڵدەدات، لێرەدا تۆخمی پێکەوەبەستوویی لە نێوان جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکی رێکخراوەکە دەردەکەوێت. بەمەش پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی کۆمەڵایەتی دەبێت دەکرێ لە رێگەی بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جێبەجێ بکرێت.

٧- خەڵك ئاراستە و رایەکانیان لە بارەی کاروباری جۆراوجۆرەوە دروست دەکەن، هەروەها ئەوان خۆیان ئەم راو ئاراستانە دروست دەکەن، جا ئەگەر دەستەیەك هەوڵیدا یارمەتییان بدات بۆ دروستکردنی ئەم ئاراستە و بیرۆکانە یان هەوڵی نەداو، لەوانەیە خەڵك ئاراستەی هەڵە وەربگرن، یان ئارەزووی بەرهەڵستکاریان هەبێت، بۆیە پێویستە دامەزراوە و دەستەکان هەوڵبدەن کار لەسەر پێکهێنانی رایەکی گشتی دروست بکەن و، ئارەزوو بەرهەڵستکارییەکان بۆ ئارەزووی هاوبەش بگۆڕن، ئەمەش لە رێگەی پرۆسەکانی هەواڵپێدانی راستگۆ و ئامانجدار و، گرنگی ئەم رێککەوتنە لە کاتی تەنگژە و کارەسات و جەنگەکاندا دەردەکەوێت، کاتێك کۆمەڵێك لە هاووڵاتیان ئەرکی خۆیان بەرامبەر کۆمەڵگەکەیان ئەنجام دەدەن.



٨- گرنگی لایەنی سیاسی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتدا دەردەکەوێت، ئەم خەسڵەتە سیاسییەش لە هەوڵدانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ وروژاندنی بایەخی خەڵك بە کاروباری وڵاتەکەیان دەردەکەوێت، لە رێگەی باسکردنی ئامانج و ئاراستە گشتییەکانی دەوڵەت و پلانە گەشەپێدانەکانی، لەلایەکیترەوە پرۆسەی هەواڵپێدان لە پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی ئەوەیە راستی و داتاکان لەبارەی چالاکی حکومییەوە بخاتە بەرچاوی جەماوەر، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئاراستەگرتن و پێکهێنانی رایەکی گشتی راستەقینە، بنەماکەی گفتوگۆی رۆشنکەرەوەیە لەسەر بنەمای زانیارییە دروستەکان، ئەمەش جۆرێك لە سانسۆری میللی لەسەر کار و چالاکی دەزگاکانی حکومی دروست دەکات لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتییەت دەگونجێت و، بوارێك بە کۆنترۆڵ یان دکتاتۆریەت نادات، بەمەش هەلدەڕەخسێنێت بۆ داهێنانی کەسیی و، هەندێ پێشنیاز کە شارەزایی و مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکان و جەماوەر دەریدەخات، بەڕێوەبەرەکان ناتوانن سیاسەتی خودی خۆیان بسەپێنن بەبێ بەشداریکردنی دەستەی کارگێڕی و پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵیان لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکە.

٩- پەیوەندییە گشتییەکان پشت بە لایەنی ئاکاریی دەبەستێت، ئەو هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدانی باوەڕی جەماوەر بە پەیامی دەستە یان دامەزراوەکە و، ئامانجی پەرەپێدانی متمانە و رێزگرتنە، زۆرجار پسپۆڕ لە پەیوەندییە گشتییەکان کە راهێنراو نییە دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە، لەمەوە کڕیارەکان ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت کە دامەزراوەکەیان بایەخی پێویستیان پێ نادات و، هۆکارەکانی ریزگرتنی خودیان بۆ نارەخسێنێت، ئەمەش بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان تێك دەدات و دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی پێویست بۆ سەرخستنی ئەم بەرنامەیە و، لە پێناو ئەمە پێویستە کارەکانی دامەزراوەکە راستگۆیی تێدا بێت جا چ لەلایەنی شێوە یان ناوەڕۆکەوە بێت، مەبەستمان لە راستگۆیی لە رووی شێوەوە ئەوەیە هەڵسەنگێنەرەکانی دیاردەکە بۆ شێوازەکانی گەیاندنی تاکی و جەماوەری لەو جۆرە بێت کە بە سروشتی خۆی بەرەو

متمانەی دەبات، بەڵام لە رووی ناوەڕۆکەوە دەبێت ناوەڕۆکەکە پشت بە کۆمەڵێك راستی بەستبێت پاڵپشت بە بەڵگەنامە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە تاقیکاری و ژمارەییەکان. هەروەها دەبێت کارمەندان لە پەیوەندییە گشتییەکان پابەندبن بە بەها ئاکارییەکانەوە لە هەموو رەفتارەکانیانداو، لە پرۆگرامەکانیاندا لە ساختەکاری و فێڵ و چەواشەکردن و پڕوپاگەندەی درۆیین دوور بکەونەوە.

١٠- پەیوەندییە گشتییەکان پشت بە بنەمای رێکخستن دەبەستێت، رێکخستن رێڕۆیشتن بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، دەستە یان دامەزراوەکە دەبێت لەگەڵ دەستەکانی دیکەدا هاوکار بێت و، لێرەدا پێویستی بە رێکخستنی گەیاندن لە نێوان دەستەکان سەریهەڵدا، ب رێککەوتن لەسەر بنەماکانی هاوکاری نێوانیان بەتایبەتی لە پرۆگرامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

بێگومان هەوڵدان بۆ ئەوەی بیرۆکەی دیاریکراو بەخەڵك تێبگەیەنیت، یان دامەزراوە یان کۆمپانیا یان کەسێکیان پێ بناسێنیت، پێویستی بە رێکخستنە، ئەگەر بمەوێت رێکخستن سەرکەوتوو بێت، دەبێت پلانێك دابنرێت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئامانجەکە و داهاتەکان دانرابێت و، بۆ ئەوەی پلانێك بۆ رێکخستن دابنێی دەبێت مۆرکی کۆشش پێناسە بکەین کە لە پێناویدا ئەم رێکخستنە دروست دەبێت، ئایا ئەم کۆششە درێژخایەن دەبێت یان کورتخایەن، هەروەها دەبێت رەچاوی مەودای جوگرافی ئەم رێکخستنە بکەین و، دیاریکردنی ئەو جەماوەرەی کە گوتارەکەی ئاراستە دەکرێت. دەبێت رێکخستنەکە ئامرازی ماددی بگرێتەوە کە بۆ راپەڕاندنی کارەکە سەرکەوتوو دەبێت. لە پاشان رۆڵی پارەپێدانی رێکخستن دێت کە هەمیشە کێشەکە جێی رازی بوون نییە، بودجەکە پێویستە بەشی ئامادەکردنی هەموو داهات و هێزە مرۆییەکان لە پلانە کێشراوەکەدا بکات، لە پاشان رۆڵی کەرەستەکان دێت، چونکە پێویستن بۆ رێکخستنی پەیوەندییە گشتییەکان. ئامرازە نایابە هاوچەرخەکانی گەیاندن بەبێ ئامێری پێویست کار ناکەن،



ئەگەر بمەوێت گفتوگۆ لەگەڵ هزری مرۆییدا بکەم، دەبێت لە رێگەی هەندێ ئامرازی خۆکار بێت، وەك وشەی چاپکراو یان وشەی گواستراوە کە بە تەل و لە رێگەی شەپۆلەکان بەهەوادا دەگوازرێتەوە، ك جیاوازە لە نێوان وێنەیەك کە لەسەر شاشەیەك دەرکەوێت پشتی پێ دەبەسترێت بۆ گەیشتن بە رای گشتی، لە شێوەی لێدوان یان دراما یاخود فیلمێك....هتد.

١١- پەیڕەوکردنی رێگەی توێژینەوەی زانستی، لە بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان گرتنەبەری رێگەی توێژینەوەی زانستییە لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك لە کێشەکانی. رێگەی توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەمای لۆژیك دانراوەو، هەوڵدەدات بگاتە پرەنسیپە گشتییەکان لە رێگەی شرۆڤەی وردەوەو، بەدوور لە لایەنگیری. رێگەی توێژینەوەی بە پێناسەکردنێکی وردی کێشەکە دەستپێدەکات، هەر کاتێك کێشەکەمان ناسی، رێگەکانی کۆکردنەوەی ئەو داتایانە دیاری دەکەین کە لە چارەسەرکردنیدا بەسوودە، لە پاش پێناسەی کێشەکە، دیاریکردنی ئامانج لەو توێژینەوە دێ کە ئەنجامی دەدەین، لە پاشان دیاریکردنی تەوەری توێژینەوەکە لە رووی شوێن و کاتەوە. ئینجا کۆکردنەوەی زانیارییە پەیوەستدارەکان بەکێشەکەوە، ئەمەش یان لەلای کۆمپانیاکە دەبێت، یاخود دەکرێ لە دەستەی دیکەی حکومی دەستبکەوێت، دواتر رێگەی بەدواداچوونی مەیدانی. دواهەنگاویش بەشبەشکردنی ئەنجامەکان و تاقیکردنەوەی دروستیانە، ئینجا شیکردنەوەی و بڕیاردان لەبارەیەوە. ئەگەر ئەم رێگەیەی توێژینەوەی زانستی کە ئاماژەمان پێدا بگرینەبەر ئەوا دەتوانین بگەینە بڕیارێکی دروست لەسەر بنەمای زانیارییەکانی واقیعەوە.

## سێیەم: گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان:

گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە کۆمپانیا پیشەسازییەکان کاڵایەکی زۆر بەرهەم دەهێنن و دەیەوێت بیگەیەنێتە دەستی کڕیار و وەبەرهێنەرەکان و، لەمەشدا بە بهێنەکان و کۆمپانیاکانی دیکەوە پەیوەستە، کە هاوکارییان دەکات و، پێویستییە جیاجیاکانیان بۆ دەنێرێت، سەرەڕای پێویستی جەماوەرە ناوخۆییەکەی، کە خۆی لە فەرمانبەران و کرێکارەکاندا دەبینێتەوە، تا ئەوانەی کە بە کۆمپانیاکە و ئامانجەکانی دەیانبەستێتەوە و خۆشیان دەوێت و، دڵسۆزی و گوێڕایەڵییان بۆی زیاد دەبێت.

گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا دیارە کە کۆمپانیاکە هەمیشە هەوڵدەدات ئەم گەیاندنانە گەشە پێ بدات و رایەکان لەبارەی ئەو کاڵایانە پێکبهێنێت کە دامەزراوەکە بەرهەمی دەهێنێت، ئەگەر کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەسەر ئاستێکی بەرزی زانستیدا لە شارەزایی و توانا نەبوون، بێگومان پەیوەندییەکەی لەگەڵ جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکی بەمە کاریگەر دەبێت و، لەوانەیە کۆمپانیاکە رووبەڕووی هەلۆێستگەلی خراپ و سەخت بێتەوە کە پێویست بە توانا و زمانپاراوی و ژیری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی، بۆ ئەوەی هیچ رایەکی دژ یان رقلێبوونەوە بۆ کۆمپانیاکە و بەرهەمەکانی دروست نەبێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی رکابەریدا، کە رکابەران تیایدا هەوڵدەدەن پڕوپاگەندەو ژاوەژاو لەدژی کۆمپانیای تر بڵاو بکەنەوە، لێرەدا گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم سەختیانە دەردەکەوێت.

هەروەها گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان دیار دەبێت، لەوانەیە ئەو خزمەتەی پێشکەشی دەکات سەبارەت بە تاك پێویست نەبێت، یان لەوانەیە جێگرەوەی هەبێت، ئەمەش رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان زەحمەت دەکات. بۆ نمونە ئەگەر کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی بایەخدانی بە کڕیارەکانی فەرامۆش کردوو، نەیتوانی بەپێی پێویست خزمەتگوزارییان پێشکەش بکات، یان



فرۆکەکانی لە کاتی دیاریکراودا هەڵنەفڕین، بێگومان گەشتیارەکان روو لە کۆمپانیاکانی دیکەی فرۆکەوانی دەکەن، کە بەها تێچوون باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، لەوانەیە بە کەمتریش.

گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری رێکخراوە حکومییەکاندا روون دەبێتەوە، کە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە باشکردنی پەیوندییەکانی نێوان حکومەت یان وەزارەت و جەماوەردا، لە رێگەیەوە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای هاووڵاتیان گەشە دەکات و، دواتر دەیانگۆڕێت بۆ جەماوەرێکی ئیجابی هاوکار لەگەڵ حکومەتدا. پەیوەندییە گشتییەکان وەك چەمکێکی کارگێڕی گەشەی کردو پەرەی سەند و، وەکو ئەرکێکی سەرەکی لە رێکخراوە حکومییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا.

گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەرکێکی گرنگ و سەرەکی بۆ کارگێڕی گشتی رادەپەڕێنێت، کە ئەرکی کارگێڕەکانە جەماوەر بە سیاسەتەکانیان ئاگادار بکەنەوەو، رای گشتی پێش ئەم سیاسەتانە تاقی بکەنەوە، هەروەها مافی خۆیانە وەڵامی رەخنەگرەکان بدەنەوەو پاسا و بۆ ئەو هەڵسوکەوتانەیان بهێننەوە کە رای گشتی سەرقاڵ دەکەن.

پێویستی بە رای گشتی لەو گۆڕانکارییە گەورەیەوە پەیدا بوو کە لە کۆمەڵگە نوێیەکان روویدا، کۆمەڵگەی نوێ گۆڕانکاری گەورەی لەشێوەو پێکهاتە و سرووشتەکەی لە لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینی. گرنگترین ئەم گۆڕانکاریانەش بریتین لە:

١- زیادبوونی گەورە لە هێز و هەژموونی رای گشتی لە کۆمەڵگە دیموکرتییەکان، ئەم پێشکەوتنەش لە زیادبوونی بەردەوامدایە، ساڵ لە دوای ساڵ، بۆ ئەوەی حکومەتەکان لە فەرمانڕەوایی بەردەوام بن دەبێت هەوڵ لە ئارادا بێت بۆ وەدەستهێنانی سۆزی جەماوەری میللی. پاڵپشتی جەماوەر بۆ حکومەت و متمانەکردن پێی و خۆشەویستی بۆی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی حکومەت،

حکومەت هەوڵدەدات بەشدار بێت لە دروستکردنی رایەکی گشتی دروستی هۆشیاردا، لە رێگەی پرۆسەی هەواڵپێدانی راستگۆوە، بە ئامانجی ئەوەی جەماوەر فێری رێگە دروستەکان بکات بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەستبکەوێت کە دەزگا حکومییەکان ئەنجامی دەدەن. بەمەش وەزارەت و دەزگاو دەستە جیاوازە حکومییەکان هەوڵدەدەن لێکگەیشتنێك لە نێوان خۆی و ئەو جەماوەرەدا بێنێتە دی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. سەرەڕای ئەمە، هێزی جیاواز دەرکەوتن، هەریەکەیان هەوڵدەدات رای گشتی بۆ لای خۆی رابکێشێت وەك سەندیکا پیشەییە جیاوازەکان و، یەکێتی و تیمە بازرگانییەکان و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و هی دیکە. بۆیە پێویستە بایەخ بە رای گشتی بدرێت و لێی بکۆڵدرێتەوەو، تایبەتمەندییەکانی بناسرێت و بەئاراستەیەکی دروستدا ئاراستە بکرێت، بەوشێوەیەی لە بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی کۆمەڵگەکە و رێکخراوەکاندا بێت، هەمان شتیش بۆ دامەزراوەکان، بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت پێویستە پەیوەندییەکی هەمیشەیی بەو جەماوەرەوە هەبێت کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و ئەو کۆمەڵگەیەی کە چالاکییەکەی تیا ئەنجام دەدات.

٢- فراوانبوونی قەبارەی دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان و زیادبوونی رکابەری تیایدا، ئێستا بوونی کۆمپانیای زەبەلاح، کە ئامێر و کەرەستەی گەورەی هەیە و هەزاران کرێکار لەسەری کار دەکەن و، کاڵای زۆر بەرهەم دەهێنن و لەگەڵ ملیۆنەها کەس لەسەرانسەری جیهاندا مامەڵە دەکەن، لە سیماکانی کۆمەڵگەی نوێیە. ئەم گۆڕانکارییە لە قەبارەی دامەزراوەکان وای لێکرد پێویستییەکی زۆری بەوە هەبێت پەیوەندی دروست وەدی بهێنێت بەم ژمارەیە گەورانە لە جەماوەرە جیاوازەکان و، بەرنامە رێك بخات و پلان دابڕێژێت، لەروانگەی ئەوەوە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لەسەری بڕوات.

٣- لە سایەی ئەم وەرچەرخانە پیشەسازی و ئابوورییە گەورەیە، کرێکارەکان خۆیان لە سەندیکاو یەکێتییەکان رێکخست کە قسەیان یەك بخات و بەرگری لە



بەرژەوەندییەکانیان بکات، ئەم سەندیکایانەش لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا بووە وتەبێژ فەرمی بەناوی کرێکارەکانەوەو، هێز و هەژموونێکی ئەوتۆی وەدەستهێنا وایکرد خاوەنکارەکان لە زۆرداریییەکەی بترسن و بە دڵڕاگرتنی رازی بن. سەندیکاکان دوو رێگە دەگرنەبەر بۆئەوەی داخوازی کرێکارەکان وەدی بێنن: یەکەم: رێگەی فشارهێنان بۆ سەر خاوەنکارەکان لەرێگەی مانگرتنەوە. دووەم: رێگەی رازیکردن- واتە رازیکردنی رای گشتی ئەوکاتەی دادپەروەری بەرامبەر تاکەکانی بەدی دێت، دەچێتە ریزیانەوەو لەلای خۆیەوە فشار دەخاتە سەر خاوەن کارەکان و کۆمپانیاکان بۆ وەدیهێنانی داخوازی کرێکارەکان. لەم بارەدا دەبێت خاوەنکار و کۆمپانیاکان بەهەمان فشار رووبەڕووی فشاری سەندیکاکان ببنەوەو، بەهەمان چەك کە ئاراستەی کراوە بەرەنگاری بێتەوە. ئەویش وەدەستهێنانی رای گشتییە، بێگومان لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ئەو کەسەیە کە متمانەی رای گشتی وەدەست دەهێنێت، بەمشێوەیە گرنگی و رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان دەردەکەوێت.

٤- ئەو وەرچەرخانەی لە کۆمەڵگەکاندا روویدا، لە پشتبەستنی ئابوورییەکەی بە کشتوکاڵ بۆ پشتبەستنی بە پیشەسازی، لەگەڵیدا وەرچەرخانێك لە خودی دانیشتوانیشەوە هاتە ئاراوەو، رێژەی دانیشتوانی گوند دابەزی و رێژەی دانیشتوانی شارەکان بەرزبووەوە، ئەم وەرچەرخانەش پێویستی بە هەوڵی گەورەی میدیایی دەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە و کارکردن لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی.

٥- ئامرازەکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، لە ئەنجامی پێشکەوتنی گەورەی فیکری و هونەری و تەکنیکی، پێشکەوتنێکی تەکنیکی لە چاپدا هەیە و، لە دەرهێنانی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، هەروەها ئامرازی ئەوتۆی میدیایی دەرکەوتن ك پیشتر نەناسرابوو، وەك فیلمە سینەماییەکان و رادیۆ و تەلەفزیۆن، کە لە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانی لە پەیوەندیکردن بە جەماوەری

جیاوازەوە ئاسان کرد، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازی گونجاو لەگەڵ جەماوەری جۆراوجۆرداو لە کاتە گونجاوەکاندا.

## چوارەم: ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:

زۆربەی دەستە و ڕێکخراوەکان کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان پەیڕەو دەکەن، جا ئەگەر بەرێوەبەرایەتییەك یان بەشێکی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکانی هەبێت یان نا، یاخود بەرنامەیەك بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ئامادە کرابێت یان نەکرابێت. تەنانەت لە ژیانی تایبەتیشماندا تاك بەردەوام کار دەکات بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

پەیوەندییە گشتییەکان تەنیا لە یەك جۆر چالاکیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو بوارەکەی بۆ سەرجەم جۆرەکانی چالاکی تایبەت و گشتی و لە سەرجەم بوارەکاندا پەیڕەو دەکرێت جا کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی بێت و، پەیوەندییەکانی کار و باشکردنی بارودۆخی و بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی کارمەندان و، فێرکردن و، گونجان لەگەڵ دیاردە گرنگەکانی کارگێڕی پیشەسازیدا و، گرنگیدان بە کرێکار وەك مرۆڤێك کە پێویستی ماددی و تەندروستی و کولتووری و تەرفیهی و کۆمەڵایەتی و دەروونی خۆی هەیە.

پەیوەندییە گشتییەکان کار بۆ وەدیهێنانی ژمارەیەك ئامانج دەکات، هەر هەڵمەتێك لە هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن پێویستە تەرکیز لەسەر زنجیرەیەکی تەواو لە ئامانج و مەبەست بکاتەوە کە پێشتردانرابن، بەمەش ئامانج لە دوای ئامانج لە زنجیرەیەکی ڕیزبەند نەکراودا وەدی دێت، دەرەنجامە گشتییەکەش وەدیهێنانی سەرجەم ئامانجەکانە، لە کۆتاییشدا گەیشتنە بە ئامانجە گشتگیرەکە. ئەگەر ئەم زنجیرە ئامانجە پێشتر دەستنیشان نەکرێت، ئەوا لە ئەنجامدا کات و هەوڵدان و پارەمان لێ بەفیڕۆ دەچێت، دواتریش نشوستی خێرا.



ئەگەر شتێك باو بووبێت بەرژەوەندییەکانی جەماوەر لێك بدات، ئەوا ڕوونە کە هەر ئامانجێك دەخوازرێ پێگەیشتن پێی، بەڵکو دەبێت لە نێو ئەم بەرژەوەندییە پێکداداوانە. هەروەها دەبێت ئەو ئامانجانە ڕێتێچوو بن لە ڕووی ئەو کۆشش و پارە و کارمەندانەی هەوڵی وەدیهێنانی دەدەن. هۆکاری کاتیش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان. لە نموونەی لەمبارەیەوەش ڕێکخستنی هەڵمەتە بۆ کۆکردنەوەی بەخشینەکان و کۆمەکەکان، لەبەر کەمیی کات ئامانجەکان سادە دەبنەوە، هەرچەندە کات کە بێتەوە سادەکردنەوەی ئامانجە ڕاستەوخۆکان دیار دەبێت.

## ئەو ئامانجانە دەکرێت بەمشێوەیە پوخت بکرێنەوە:

١- پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەئامانجەکانی کرێکار بۆ دەوڵەت و، جەماوەر لەبارەی سیاسەتە گشتییەکە و بەرپرسیارێتییەکەی لە جێبەجێکردنیدا فێر بکات. هەروەها ڕێکخراوەکان ئامانجەکانی هۆشیار دەکاتەوە، شێواز و کار و جۆری چالاکییەکەی و پلانەکانی بۆ جەماوەر. هەروەها هەماهەنگی نێوان کۆششەکانی تاکەکان ئاسان دەکات، کاتێك هەر کەسێك لە کۆمەڵەکەدا ئەو ئامانجانە دەزانێت کە دەبێت پێی بگات، ئەوا بەهاوکاری یەکتر کار دەکەن بۆ ئەوەی پێی بگەن. ئامانجەکانیش بە پێوەری هەڵسەنگاندن و چاودێری دادەنرێت، مادام ئەوە دیاری دەکات کە دەبێت ئەنجام بدرێت. هەروەها دەبێتە هۆی پرۆسەکانی هەمووارکردنی ستراتیژییەتەکانی ڕێکخراوەکە، بەجۆرە نەبوونی ئامانج یان ڕوون نەبوونی و دیاریکردنی بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان دادەنرێت کە زۆر لە هەوڵەکان لەو بوارەدا نشوست پێ دەهێنێت. لەو ئامانجانەش بریتین لە:

أ/ کۆمپانیاکە لە پیشەسازییەکدا لە هەندێ بازاڕی نایابدا پێشەنگ بێت.

ب/ وا بکات بەکاربەر هەست بە رازیبوونی بەردەوام و بەرەو زیاتر بکات لە بازاڕە ناوخۆیی و نوێیەکاندا.

ج/ قازانجێکی گونجاو بەرهەم بهێنێت، بەجۆرێك بتوانێت داهاتێکی گونجاو بدات بۆ هەڵگرانی پشکەکان و، داهاتی پێویست دەستەبەر بکات بۆ فراوانبوون و سەقامگیری کۆمپانیاکە لە داهاتوودا.

و/ کۆمپانیا یان رێکخراوەکە رەگەزێکی ئیجابی و بەسوود لەو کۆمەڵگەیە دابنرێت کە کاری تیا دەکات و، هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر جەماوەری جیاواز و کۆمەڵگە بە سیفەتێکی گشتی زیاد دەبێت.

هـ/ وەدیهێنانی ناوبانگی باش بۆ رێکخراوەکە و پشتگیری وێنە هزرییەکەی.

٢- پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی باش و زیادبوونی هەلی لێکگەیشتنی ئاڵوگۆڕ و گونجانە لە نێوان رێکخراوەکە و جەماوەردا، جا (جەماوەرەکە ناوخۆیی بێت) وەك کارمەندانی رێکخراوەکە بۆ ئەوەی هەست بە رازیبوون و ئاسوودەبوون بکەن و، رۆحی مەعنەوییان بەرز بێتەوە، بەمەش بەرهەمهێنانیان بەرز دەبێتەوەو، هەستکردنیان بە ئینتیما گەشە دەکات، ئەمەش لە رێگەی جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی گەورە دەبێت بۆ رۆشنبیرکردن و رێنوێنیکردن و، یەکێکیتر بۆ مەشقکردن لەسەر کارە باشەکان و، چاککردنی بارودۆخی کارو، دانانی سیستەمێکی دادپەروەری گونجاو بۆ قەرەبووکردنەوەو، داواکردن بەوەی کرێیەکان و شتی دیکە لە جیاکەرەوەکانی کارەکە، لەگەڵ تێکڕای کرێی پیشەسازی دەگونجێت یان لەوە زیاترەو، راستی ئەوەی لە دەوروبەریان روودەدات تێیانبگەیەنرێت و، با بزانن بۆچی ئەم فەرمانبەرە لە نووسینگەیەی شکۆدار دادەنیشێت، کەچی ئەویتر لە شوێنێکی کەم شکۆدارتردایە و، بۆچی کرێکارەکان ئەم جۆرە جلوبەرگە دەپۆشن. بە گشتی کرێکارەکان پێویستە بارودۆخی تەندروستی کارکردن و ئامرازی ئاسوودەبەخشینیان هەبێت و، دەبێت ریز لە راو پێشنیازەکانیان بگیرێت و، گەیشتن بە جەماوەری ناوخۆیی کارێکی سەخت نییە، چونکە



پەیوەندییەکانی کار پەیوەندییەکی رۆژانە دەستەبەر دەکات، سەرەڕای هاندانی چالاکییە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی و چالاکیی وەرزشییەکان و، چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە کرێکارەکان و، ئەم پەیوەندییەش لە کارگێڕی باڵاوە دەستپێدەکات. دەکرێ پەیوەندیکردن لەسەر هەموو ئاستە کارگێڕییەکان لە رێکخراوە گەورە و بچووکەکان بێت، وەکو یەك، (جەماوەری دەرەکی)ش خۆی لە یەکێتییەکانی کرێکاران و بەکاربەران و بهێنەکان و دابەشکەران و، بانك و، دەرچەکانی فرۆشتن و دەستپێوەنان دەبینێتەوە، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگەش کە دەکرێ نەخۆشخانە و قوتابخانە و مزگەوت دروست بکرێن. گونجانەکە درێژ دەبێتەوە بۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە، تاکو پەیوەندییەکان لە نێوان رێکخراوەکاندا پشت بە رکابەری شەریفانە دەبەستێت و، پرۆگرامی پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە گونجاندن لە نێوان ئارەزووە جیاوازەکانی تاك و کۆمەڵەکان و، کار دەکات بۆ چاککردنی ئاراستە سەلبییەکان لای جەماوەر بۆ ئاراستەی ئیجابی بونیاتنەر، هەروەها بیرۆکە و رای جەماوەر و ئاراستەکانی بەرەو رێکخراوەکە بۆ کارگێڕی دەگوازێتەوەو، ئامۆژگاری و رێنوێنی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت سیاسەتی رێکخراوەکە یان پلانەکانی بەجۆرێك چاك بکاتەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی جەماوەر لەم رێکخراوەی چاوەڕێ دەکات. رێککەوتن و گونجان کە پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵی بۆ دەدات درێژ دەبێتەوە بۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا.

٣- پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات بۆ ئەنجامدانی کاری جۆراوجۆر کە کارگێڕییەکانی دیکە ئەنجامی دەدەن و یارمەتیدانی. ئەو بۆ نموونە یارمەتی کارگێڕی پەیوەندییە پیشەسازییەکان دەدات بە راکێشانی فەرمانبەر و کرێکارە نایابەکان. هەروەها هانی پەیوەندی لە نێوان ئاستە باڵاکان لە کارگێڕی و ئاستە نزمەکان دەدات، بەپێچەوانەشەوە. هەروەها یارمەتی کارگێڕی فرۆشتنی دەدات بۆ برەوپێدانی بەرهەمەکانی رێکخراوەکە، جا بەرهەمی ئێستا یان تازە بن.

٤- پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمییە بەدەستەبەرکردنی هۆکاری ماددی و مەعنەوی و، زیادبوونی سوودەکان کە بۆ خاوەن کۆمپانیاکە و کرێکارەکانی و بەرکاربەرانی بەرهەمەکەی و ئەو کۆمەڵانەی کە کاری تێدا دەکەن دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە رێگەی دانانی بەرنامەیەك بۆ چاککردنی کارگە و بەرهەمەکان و، دەستبەرداربوون لە ئامێرە کۆنەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەك بۆ پێکەوەبەستنی نوێترین جۆری ئامێرەکان، هەروەها کارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی کاڵا نوێیەکان لەنزیکترین کات کە بگونجێت لەگەڵ کۆتایی هاتن بە تاقیکردنەوە پێویستییەکان و، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کارە نووسینگەییەکان و، زیادبوونی دەرچەکانی دابەشکردن.

٥- پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ بەشداربووانداو، ئەوانە بایەخدانەکانیان سنووردار دەبێت بەدابینکردنی وەبەرهێنانەکانیان و هەڵوەستەکردن لەسەر نوێترین پێشکەوتنەکانی بەرهەم و پرۆژە فراوانخوازییەکان و بازاڕە نوێیەکان، لە پاشان دەبێت لە بارەی هەموو پلانەکانی کۆمپانیاکە و پرۆژەکانی زانیارییان پێ بدرێت و، خستنەڕووی ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت قازانج بکەن، لە رووی دابینکردنی پارە وەبەرهێنراوەکانیان، لە رووی سوودی تەواو بۆ سەرمایە.

دەکرێ لە ئارەزووی بەشداربووان بە ئامرازگەلی جۆراوجۆر بزانین، بۆ نموونە کۆبوونەوەی کۆمەڵە گشتییەکان هەلێکی باش بە کۆمپانیاکە دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشداربووان بدوێ و لە تێڕوانینیان ئاگادار بێت، هەروەها لەو گفتوگۆیانەی کە بەشداربووان بۆ کارگێڕی کۆمپانیاکەی دەنێرن، دەکرێت زۆر لە ئارەزوو و رایەکانیان بزانرێت و، هەندێ کۆمپانیا لەوانەیە پەنا ببات بۆ بەدواداچوونی راو ئارەزووی بەشداربووان لە رێگەی ناردنی لیستێك بە پۆستەدا کە چەندین پرسیار لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە، یان دەکرێ ئەم پرسیارانە لە رێگەی راسپێراوانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ئاراستە بکرێن، لە رێگەی چاوپێکەوتنێکی کەسییەوە،



ئەمەش وا ناگەیەنێت هەموو بەشداربووەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت، بەڵکو دەکرێت عەیینەیەکی نوێندراویان لێوەربگیرێت.

٦- پەیوەندییە گشتییەکان بایەخ بە وەرگرتنی ئارەزووی بەشداربووان و تێبینییەکانیان و پێشنیازەکانیان دەدات تایبەت بەوەی پەیوەستە بە رێگەی پڕکردن یان داپۆشین یاخود کێش یاخود رێگەی پێکهێنان و خستنەڕوو و، دابەشکەران ئەڵقەی پەیوەندین لە نێوان دەزگاکە و کڕیاردا، ئەوانەن کە مامەڵە لەگەڵ کاڵاکەدا دەکەن، لەساتی دەرچوونی لە کارگەکە تا دەگاتە دەستی بەکاربەر. زۆرجار بڕیار و ئاراستەکانیان کاریگەری یەکلاکەرەوەی دەبێت لە ئایندەی دامەزراوە پیشەسازییەکە، لە پاشان وەدەستهێنان و سەرکەوتنی دامەزراوەکە یان نشوستهێنانی دەکەوێتە ئەستۆیان، لەبەرئەمە پەیوەندییە گشتییەکان سوورە لەسەر ئامادەکردنی شێوازگەلی گەیاندنی راستەوخۆ لە نێوان خۆیان و دامەزراوەکە.

٧- پەیوەندییە گشتییەکان بایەخ دەدات بە دروستکردنی پەیوەندی باش لە نێوان بەکاربەران و دامەزراوەکە، لەبەر ئەوەی بازاڕگەرمی بۆ دامەزراوەکە دەبێتە هۆی بازاڕگەرمی بۆ کاڵاکە. بێگومان بەکاربەر گەورەی بازاڕە، چونکە لە پێناو بەکاربەردا کاڵا بەرهەم دەهێنرێت و، بەهۆی بەکاربەرەوە پرۆسەی بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێت و، بەهاندانی بەکاربەر و پەسەندکردنی کاڵاکە بەرهەمهێنەر دەژیت، بۆیە پێویستە بەتەنگ ئارەزووەکانی بچیت، چونکە ئەو هێزێکی سەرەکییە کاریگەری هەیە لە سەرکەوتنی کۆمپانیاکان یان نشوستهێنانی.

٨- پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ گەشەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لای هاووڵاتیان و، یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵبگرن لە نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی رێکخراوەکە و، چارەسەرکردنی کێشەکەی.

## پێنجەم: ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:

پەیوەندییە گشتییەکان وا ناسێنراوە کەوا چالاکییەکە ڕێکخراوەکان ئەنجامی دەدەن، دوای ئەوەی بودجەیەکی تایبەت پێی بڕیاری لەسەر دەدرێت و، بیرۆکەی تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە لای کارگێڕی باڵا، بەڵام پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان کێن؟..چی دەکەن؟.. کاریان چییە؟.. زۆربەیان وا وەسف دەکران کە وتەبێژی زمانپاراوین و، بەڵێنی زۆر بە خەڵك دەدەن تەنها کەمێکی جێبەجێ دەکەن و، زۆرجار هەوڵی وەدەستهێنانی دەسکەوتێکی کەسیی دەدەن، تەنانەت ئەگەر ئەوە لەسەر حسابی ئەو کۆمپانیایە بێت کە کاری تیا دەکەن!.. هەموو ئەمانە خەسڵەتگەلێکن لەگەڵ ڕاستی پەیوەندییە گشتییەکاندا ناگونجێت.

ڕێکخراو و دامەزراوەکان پێشنیازیان کرد بەڕێوەبەرایەتی و بەش بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دابنرێت، دوای ئەوەی بۆیان ئاشکرابوو کە لە گرنگترین بەشەکانی دەزگاکەیە و، زیندەگییە و کاریگەرییەکی کارای هەیە و، دەکرێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە ڕووبەڕووی دەزگاکان دەبێتەوە.

تەنانەت ئەو دامەزراوانەش کە بەشی تایبەت کە بەشی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکانی نییە، ئەوا پەنا دەباتە بەر نووسینگە و ڕاوێژکارانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەرەوەی دەزگاکە، بەرامبەر بە کرێیەك، لێرەوە ئەرك و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەستیپێکرد.

گرنگی و پێویستی دەستنیشانکردنی ئەرك و چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا دیارە کە دیاری نەکردنی ئەم ئەرکانە دەبێت چاو لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان بکرێت بەوەی کاری تاکێکە لە ڕێکخراوەکەداو، پێویستی بە تاکە پسپۆڕ بە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە نییە و، هەر کەسێك سەر بەو ڕێکخراوە بێت دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات و، دەکرێ بڵێین کە هەموو کۆمپانیاکە دەبێت بە پەیوەندییە گشتییەکان ئاراستەکراو بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە



بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتمەند نییە کە بەرپرس بێت لە پلاندانان و جێبەجێکردنی چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها دەستنیشانکردنی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ چالاکییەکانی دیکەدا، وەك ڕێکلام و پڕوپاگەندە، کە وای لێدەکات ململانێی نێوان بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەدا (وەك بەڕێوەبەرایەتی بازاڕگەری) زیاد دەبێت لەبارەی ئاستی مافدارێتی هەر بەڕێوەبەرایەتییەك لە پەیڕەوکردنی دەسەڵات و چاودێری لەسەر ئەم چالاکییانە.

بەشی پەیوەندییە گشتییەکان دەسەڵاتی بەشەکانی دیکەی کۆمپانیاکەدا نییە، بەمەش لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەر یان سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان نییە فەرمان بەسەر بەشەکانی دیکەدا بکات، چونکە ئەو تێڕوانینی خۆی بۆ بەشە جیاوازەکان دەنێرێت، لە شێوەی پێشنیار و ڕاوێژکردن و، ئەو لایەنەی کە فەرمانی کارگێڕی تایبەت بە کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لێیەوە دەردەکات کارگێڕی باڵای کۆمپانیایە، کە خۆی لە ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی یان هەر کەسێکی دیکە دەبینێتەوە رادەسپێردرێ بە سەرپەرشتیکردنی کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

لە ڕاستیدا سەرکەوتنی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان لە کار و ئەرکەکانیدا پێویست دەکات بە شارەزایی بەو ئەرکە بنەڕەتیانەی کە دەکەوێتە سەر شانی. لە ڕاستیدا بەرپرسیارێتی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ڕێکخراوێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەوەش بەپێی سروشت و قەبارەی ڕێکخراوەکە و ئەو بارودۆخەی کە تیایدایەتی. بە گشتی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان بایەخ بە ژینگە یان کەشی کۆمەڵایەتی دەدات، لە پاشان کارمەندان لە بوارەکەیدا دەبێت بایەخێکی زۆر بەو تیۆر و دۆزینەوانە بدەن کە کۆمەڵناسان و زانایانی کارگێڕی دەری دەهێنن.

***زۆر لە نووسەران وای بۆ دەچن پەیوەندییە گشتییەکان پێنج ئەرکی سەرەکی هەبێت کە بریتین لە: توێژینەوە، پلاندانان، پەیوەندیکردن، هەماهەنگی، هەڵسەنگاندن:***

## ١- توێژینەوە:

پەیوەندییە گشتییەکان ئاراستەکانی رای گشتی کۆدەکاتەوەو لێی دەکۆڵێتەوە بۆ جەماوەری دەزگا یان دەستەکە و، زانینی راو ئاراستەکانیان، بۆ ئەوەی راستی و دروستییان دەستبکەوێت، سەبارەت بە زانکۆ بۆ نموونە، دەکرێ ئاراستەکانی را لەنێوان مامۆستایان و قوتابیان و بەخێوکەراندا بزانرێت. لە سوپادا دەکرێ رای نێوان سەرباز و ئەفسەران و تەکنیککاراندا بزانرێت، لە کۆمپانیا و وەزارەتەکاندا لە ئاراستەکانی رای گشتی نێوان فەرمانبەران و کرێکارەکان دەکۆڵرێتەوە سەرەڕای ئەمە ئاراستەکانی رای گشتی لەنێوان جەماوەری دەرەکیشدا دەپێورێ وەك بەشداربووان و بەکاربەران و بازرگانان. پەیوەندییە گشتییەکان هەروەها لە پێشکەوتنە بەردەوامەکان دەکۆڵێتەوە لە بارودۆخە ئابووری و کۆمەلآیەتی و سیاسییەکاندا روودەدات، هەروەها هەموو ئەو پرسانە دەکۆڵێتەوە و شی و پوخت دەکاتەوە کە بایەخ بە کارگێڕی بالآ دەدات و بەرزکردنەوە بۆی. توێژینەوەکان، هەروەها بنەما هونەرییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و، شیکردنەوەی ئامرازەکانی بلآوکردنەوەی وەك رۆژنامە و ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەماو، هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەی کە پێشکەشی دەکات و، دیاریکردنی هەر ئامرازێکی راگەیاندنی زۆر کاریگەر لەخۆدەگرێت، سەرەڕای ئەو توێژینەوانەی کە باس لەو پێشکەوتنە دەکات کە بەسەر پەیوەندییە گشتییەکاندا دێت، هەروەها لە ریپۆرتاژەکاندا راو ئاراستەی سەرکردەکانی را تاوتوێ دەکات، وەك مامۆستایان و سەرۆکی سەندیکاکان و خاوەنکاران و ....هتد.



## ٢- پلاندانان:

دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان نەخشەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە و، نەخشەی سیاسەت و بەرنامەی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە و پلانەکانیدا دەکێشێت، لە روانگەی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجامی دەدات، هەروەها ئامانجەکان و جەماوەرە ئامانجدارەکە دەستنیشان دەکات و، پرۆگرامە راگەیاندنییەکان دادەڕێژێت، لە رووی کات و دابەشکردنی پسپۆڕییەکان بەسەر شارەزایان و دیاریکردنی بودجەیەکی ورد بۆی. کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە هەموار بکرێت. زێدەباری ئەمەش، سیاسەتەکانی کۆمپانیاکە بۆ جەماوەر باس دەکات، یان هەر هەموارکردن یان گۆڕینێك بە مەبەستی پەسەندکردنی و هاوکاریکردن لەگەڵیدا.

## ٣- پەیوەندیکردن (کۆمونیکەیشن):

کۆمونیکەیشن، واتە جێبەجێکردنی پلانەکان و پەیوەندیکردن بە جەماوەری ئامانجدارەوەو، دیاریکردنی ئامرازە گونجاوەکان بۆ هەر جەماوەرێك و، سازدانی کۆنگرەکان و، بەرهەمهێنانی فیلمە سینەماییەکان و وێنە و توێژەکان و، پارێزگاریکردن بە کتێبخانەیەك کە داتا مێژووییەکان لەخۆدەگرێت و، سازدانی ئاهەنگ و، ئامادەکردنی فیستیڤاڵی فیستیڤاڵ و پیشانگا و یارییە جیاوازەکان و، رێکخستنی کۆڕ و وانەکان و، لێدوان و سیمینارەکان.

دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕی هەیە، کە خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم کارگێڕییەکانیتر پێشکەش دەکات و یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانە رابپەڕێنێت کە پەیوەندی بە جەماوەرەوە هەیە، ئەو بۆ نموونە یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کرێکارەکان دەدات لە هەڵبژاردنی فەرمانبەرو کرێکارەکان و مەشقپێدانیان و، پێداچوونەوە بە ئامرازەکانی هاندان و پلە بەرزکردنەوەیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و، ئامادەکردنی ئەوەی پێویست دەکات بە بایەخدان بە تەندروستیان و

وەرزشیان و رۆشنبیرییان. هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکی بەشی فرۆشتنی ئاسان دەکات لە دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ دابەشکەران و بەکاربەران، لە ڕێگەی زانینی ئاراستەکانی جەماوەر بەرەو ئەو کالاّ یان خزمەتگوزاریانەی کە دەزگاکە یان دەستەکە بۆ کڕیارەکانی بەرهەمی دەهێنێت یان پێشکەشی دەکات. هەروەها ئەم ئەرکی کارگێڕی دادوەری ئاسان دەکات، لە خستنەڕووی راستییە پەیوەندیدارەکان بە رای گشتی، کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان بەشداری دەکات لە ئامادەکردنی راپۆرتە ساڵانەییەکان لەبارەی سەنتەری دارایی دەزگاکە و، دەرهێنانی لە وێنەیەکی سەرنجڕاکێش، کە بەشداربووان و بەکاربەران و ئەوانی دیکە تێی دەگەن، هەروەها یارمەتی کارگێڕی کڕینەکان دەدات لە دروستکردنی پەیوەندی باش بە بریکارەکانەوەو، ئەوانەی دیکە لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان.

پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەزگا و کۆمەڵەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا هەن، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی کە سوودی هاوبەشیان هەیە، ئەگەر ویسترا پیشانگایەکی سەرکەوتووی کتێب بکرێتەوە، ئەوا پیشانگاکە وا ڕێك دەخرێت لەگەڵ ئارەزووەکانی ئەمینداری کتێبخانەکان و خاوەنەکانیاندا ڕێك بکەوێت. هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان جەماوەری کۆمپانیاکە دەناسێنێت و ئەو کالاّ یان خزمەتگوزارییەی کە بەرهەمی دەهێنێت باس دەکات، بە زمانێکی ئاسان بۆ ئەوەی جەماوەرەکە بایەخی پێ بدات.

پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرکردەکانی را لە کۆمەڵگەدا بە دانانی راستییەکان لە بەردەمیان، جا لە کتێبخانەی ڕێکخراوەکە بێت یان نووسینگەی راگەیاندن، یاخود خوولاوە ساڵانەییەکان. هەروەها کار دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ پەیمانگەی مەشقکاری، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت بۆ مەشقکردنی فەرمانبەرو کرێکارەکانی لەم پەیمانگایانەدا، هەروەها گەیاندنی یارمەتیدانی فێرکردن بۆ ئەم پەیمانگایانە و، ڕێگەدان بە قوتابیانی پەیمانگەکان بە سەردانی ڕێکخراوەکە.



پەیوەندییە گشتییەکان یارمەتی جەماوەر دەدات بۆ دروستکردنی رای خۆی، ئەوەش بە پێدانی هەموو زانیارییەك بۆ ئەوەی رایەکەی لەسەر بنەمای راستی دروستدا بێت. هەروەها کار دەکات بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری مەبەستدار لە ئاراستەکانی رای گشتی و گۆڕینی بۆ بەرژەوەندی دەزگاکە، کە هەموو پێشکەوتنەکان کە روودەدات لە رای گشتی بە دەزگاکە دەگەیەنێت.

### ٤- هەماهەنگی:

پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان کارگێڕییە جیاوازەکان بەمەبەستی وەدیهێنانی لێکگەیشتن لە نێوانیاندا، هەروەها کار دەکات وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی و ئامرازێکی هەماهەنگی لەنێوان فەرمانبەران و کەسایەتییە جیاوازەکانداو، لە نێوان ئاستە نزمەکان و ئاستە باڵاکاندا. هەروەها هەماهەنگی دەکات لە نێوان کارگێڕی بازارگەری و بەکاربەراندا، کارگێڕی کڕین و بهێنەکان و دەزگاکە و پشك هەڵگرانی.

### ٥- هەڵسەنگاندن:

مەبەست لێی پێوانی ئەنجامە کردەییەکانی پرۆگرامەکانی رای گشتییە و، ئەنجامدانی ڕێوشوێنی دروست بۆ گرەنتی کارایی پرۆگرامەکان و وەدیهێنانی ئامانجەکانی.

## شەشەم: بونیاتنانی کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان:

زەحمەتە نەخشەی سیستەمێکی دیاریکراوی کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیایەك لە کۆمپانیاکان بکرێت، ئەمە لە کۆمپانیایەك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە بەپێی قەبارەی کۆمپانیاکە و سروشتی مامەڵەکردنەکەی، ئەگەر قەبارەی

دامەزراوەکە بچووك بوو -بەنموونە- بەڕێوەبەر خۆی یان بەهاوکاری یاریدەدەرێکی لە چوارچێوەی کارمەندانی دەزگاکە کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان رادەپەڕێنێت، هەروەها دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی مەودای تێگەیشتنی هەڵسووڕێنەرانی کترگێڕی تیایدا بۆ کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جیاوازە، لە پاشان بونیاتی رێکخراوەیی کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان لەلایەکەوە بۆ لایەکیتر دەگۆڕێت، ئەو یەکە رێکخراوانەی کە دەچنە نێو بونیاتی کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکانی هێزە چەکدارەکانەوە لەوانەیە جیاواز بێت وەك لە وەزارەتی کشتوکاڵ. جیاوازییەکە، لێرەدا لەوانەیە پێویستییەك بێت جیاوازی پلانەکان و جیاوازی پرۆگرام و جەماوەر پێویستی پێ بێت، هەمان شت سەبارەت بە شوێنکەوتوویی پەیوەندییە گشتییەکان، لەوانەیە ئەم ئەرکە بە یەکێك لە بەڕێوەبەرانی کارگێڕییەکان وەك کارگێڕی تاکەکان یان فرۆشتنەنییەکان یاخود کارگێڕی رێکلامەکان بسپێردرێت، یان لەوانەیە بەرپرسیارێتی لە نێوانیان دابەش بکرێت و لە هەندێ کۆمپانیای دیکە دەبینیت کە کارگێڕییەکی تەواو بۆ پەیوەندییە گشتییەکان هەیە، کە بەڕێوەبەرێك سەرۆکایەتی دەکات، لە پاشی ئەندام و ئەنجوومەنی نوێنەران راستەوخۆ دێت و، چەند بەشێك لە توێژینەوەو پلان تاکو هەماهەنگی و بەرهەمهێنان لەخۆدەگرێت.

کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان راستەوخۆ پەیوەستە بەو ئامانج و سیاسەتە گشتییەی کە کارگێڕییەکە بەرهەمی دەهێنێت، لەم روانگەیەوە کاری پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە لە رێکخستنی گشتی کۆمپانیتکە روون بکرێتەوە لە نزیك کارگێڕی باڵاو لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەودا، بەمەش بەرێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان بەرپرس دەبێت بەرامبەر سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی و، دەبێت نزیك بێت لەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتی گەورەیان هەیە لە دەزگاکەدا، بۆ ئەوەی باشترین ئەنجامەکان وەدی بهێنێت و، لەئاستی بەڕێوەبەرانی کارگێڕییەکانی دیکە بێت.

لە لایەکیترەوە، تەرخانکردنی بەڕێوەبەر یان بەشێك بۆ کارگێرشی پەیوەندییە گشتییەکان مانای ئەوە نییە ئەم کەسە یان ئەم بەشە تاکە لایەنە کە کارەکانی



پەیوەندییە گشتییەکان رادەپەڕێنێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەیەکی بەردەوامە هەمووان بەشداری تێدا دەکەن، لە بەڕێوەبەری گشتییەوە تاکو کارمەندی خاوێنکردنەوە، لە پاشان پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان خاوەن بەهرە ئەدەبی و هونەرییەکان هان بدات ئەوانەی کارمەند نین لە کارگێڕی پەیوەندیە گشتییەکان، بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەهەندێ بەرنامەی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان. ئەوەی مەبەستمانە دابینکردنی بەڕێوەبەرێك یان بەشێك بۆ کارگێڕی پەیوەندییە گشتییەکان، دانانی ئەو کارانەیە لەژێر سەرپەرشتی شارەزایانی پسپۆر، بۆ یارمەتیدانی سەرۆك بەشەکانی دیکە لە کۆمپانیاکەدا لە باشکردنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەستە جیاوازەکانی جەماوەردا، واتە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەشە راوێژکارییەکان دادەنرێت.

لە زۆربەی نموونە پێشنیارکراوەکاندا بۆ شوێنی پەیوەندییە گشتییەکان لەنەخشەی رێکخستندا، رەچاوی ئەوە کراوە بەڕێوەبەرەکەی لەو کەسانەوە نزیك بێت کە ئەو پێگانەیان هەیە، کە بەرپرسیارێتی باڵا لە دەزگاکە هەڵدەگرن، بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام وەدەستبێنێت.

## حەوتەم: خەسڵەتەکانی پسپۆری پەیوەندییە گشتییەکان:

بۆ ئەوەی پسپۆر لە پەیوەندییە گشتییەکان بشێت بۆ راپەڕاندنی کارەکەی پێویستە لەو ئاراستە و پێشکەوتنانە تێبگات کە لە رای گشتیدا روودەدات، هەروەها دەبێت زانینێکی تەواوی هەبێت بە سیاسەتەکانی کارگێڕی و کێشەکانی و، بڕوایەکی تەواوی بەکارەکەی و ئەو پەیامە هەبێت کە ئەنجامی دەدات، بەئاگاش بێت لەوەی لە دەوروبەری لە ناو دەزگاکە و دەرەوەیدا روودەدات، کە رێگەی بۆ فەراهەم دەکات سوود لە هەموو هەوڵێك وەربگرێت بۆ خزمەتکردنی جەماوەر و وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکەی، جا بەگواستنەوەی

زانیارییەکان بێت بۆی یان بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی بۆی دیاری دەکرێت، یاخود بەدەنگەوەهاتنی تێبینییە ڕێتێووەکانی، یان بە ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکی واقیعی بۆی. ئەم وریابوونە هەروەها هەلی گەڕانی خێرای لەکارکردندا بۆ دەستەبەر دەکات، کە خەسڵەتێکی بنەڕەتییە بۆ پیاوی پەیوەندییە گشتییەکان، لە چەند خولەکێکدا کارەکە پێویست دەکات لە پیاوی پەیوەندییە گشتییەکان کەوا بۆ نموونە بگەڕێ لەمەودای کارگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لە دەروونی جەماوەر یان لە کێشەیەك کە پەیوەست بێت بە تاکێك لە تاکەکان، یاخود لە پێشنیارێك بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێك لە ڕێوشوینەکان، کە بەگوێرەی ئەم گەڕانە خێرایە، دەستبەجێ و بەبێ دوو دڵی مامەڵە دەکات، لەبەر ئەمە ئەو بارودۆخە پاڵی پێوە دەنێت تاکو زۆرترین بڕی ڕێتێچوو لە ڕۆشنبیری دەستبکەوێت بەهەمووئەوەی لە دەوروبەریدایە و بەدەروونێتی جەماوەر و بە ئامرازەکانی کارتێکردن لەسەری و، بە ڕێکخستنە کارگێڕی و هونەرییەکان کە توانای دەکات کارەکەی ڕابپەڕێنێت بەتەواوی و، سەرکەوتنی ئەو دەزگایەی کە خزمەتی دەکات.

پێویستە چەند مەرجێك هەبێت لەو کەسانەی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەسووڕێنن، مەرجەمانیش دابەش دەبن بۆ:

### ١- مەرجە بۆماوەییەکان:

پەیوەستە بە پاڵنەرە خۆڕسکییەکان (فگری)، کە بە بنەمای یەکەم دادەنرێت بۆ ڕەفتاری مرۆیی: ئەم پاڵنەرانە ڕاستەوخۆ لەدوای دەردەکەون و، لە ئەنجامی شارەزایی یان فێربوون یان ئەزموونەوە نابێت، بۆیە پێویستە کەسایەتییەکەی تەواو بێت و، لە ڕووی سۆزدارییەوە پێگەیشتوو بێت و یادەوەری بەهێز بێت و مێشکێکی ڕێکخراوی هەبێت و، باشتروایە ئەو کەسەی لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بەڕەوشت و زمانپاراو و گورجبێژ، دڵسۆز، دووربین، زیرەك، جەربەزە، گەشبین بێت و،



هێزی غەریزەی هەواڵپرسین و گەڕانی تێدا بێت و، حەز بەتێکەڵکردن، هەموو ئەمانە خەسڵەتگەلێکن دەبێت لە هەڵسووڕاوی پەیوەندییە گشتییەکاندا هەبێت.

### ٢- مەرجە فێرکارییەکان:

مەبەست لێی دەستبەرداربوونی ڕادەی کەمی ئاستی فێرکاری و، فێرکردن و مەشقی زانکۆیی کە پسپۆڕ لە پەیوەندی گشتییەکان شیاو دەکات بۆ کارکردن لەم بوارەدا. بێگومان فێربوونی ئەکادیمی یارمەتی سەرکەوتنی پیاوی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات و باشوایە کەسەکە پلەیەکی زانکۆیی لە ڕاگەیاندن یان بازرگانی یاخود ئاداب یان یاسادا وەدەستهێنابێت و، ئەم مادانەی وەرگرتبێ: زمانەکان، ڕۆژنامەگەری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕەگەزناسی، فەلسەفە، لۆژیك- کارگێڕی گشتی، یاسا، ئابووری، کارگێڕی، و ڕێکخستنی پرۆژەکان، بازاڕگەری، ڕێکلام، ئاماری تیۆری جێبەجێکاری، پەیوەندییە گشتییەکان و چەندین ماددەی تری دیراسی.

### ٣- مەرجە وەرگیراوەکان:

ئەمە لە پاڵنەرە خۆڕسکەکان جیاوازە، لەوەی مرۆڤ کە لە دایك دەبێت نییەتی، بەڵام لە ئەنجامی ژیانی تاکەکە لە ژینگەیەکی دیاریکراو و کارگەربوون پێی دەبێت.

هەموو ئەم مەرجە فێرکاری و وەرگیراوانە خەسڵەتگەلێك وەدی دەهێنن کە هەڵسووڕاوی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستی پێی دەبێت، کە بریتین لە: توانای دەرککردنی ڕوون و، لەسەر ڕێکخستنی و، بڕاردانی دادپەروەرانەی بابەتی و، توانای هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان و پێشبینیکردنی و، لەسەر بەرەنگاربوونەوەی فشارەکان و، نەرمونیانی و، توانای مامەڵەکردن لە کێشە جیاوازەکاندا.

وەدیهێنانی ئەم سێ مەرجەی پێشتر باس کران، دەبێت کارمەندەکە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان بەسروشتی خۆی کۆمەڵایەتی بێت و، توانای ڕازیکردن و

حەزبزواندنی هەبێت، هەروەها نووسین و گوتاربێژیش بێت و، دان بەهەڵەدا بنێت ئەگەر تێی کەوت و، لێی پەشیمان بێتەوە.

بەشی ئامرازەکانی گەیاندن لە زانکۆی باشووری داکوتا راپرسییەکی بۆ پسپۆرانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامدا لە بارەی ئەو توانا و خەسڵەتانەی کە دەبێت پیاوی پەیوەندییە گشتییەکان هەیبێت، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (پەیوەندییە گشتییەکان) بڵاوبووەوە، تیایدا هاتووە کە نزیکەی ٩٠٪ی دەستنیشانکراوان دووپاتیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی توانای نووسین لە گرنگترین تواناکانە. یەکێك لە دەستنیشانکراوەکان ئاماژەی بەوەدا کە هەر کاتێك کارێك ئەنجام دەدات، ئەوا بە نووسینی وشەکان لەسەر کاغەز کۆتایی پێ دەهێنێت، ئەمەش لەوانەیە لە شێوەی گوتاربێژی، گوتار، چیرۆك، بڵاوکراوە و راپۆرت بێت. لەدوای ئەمە توانای زانینی هونەری نەخشەسازییە چاپکراوەکان و توانای جێبەجێکردنی پرۆژە لە رێگەی تێروانینی تاك بۆی دەبێت لە پاشان چاپکردنی. یەکێك لە بەرێوەبەران ئاماژەی بەوەدا کە زۆر لە پرۆژەکان جێبەجێکردنی دوادەکەوێت بەهۆی زۆری تێچوونەکانی، یان ئەوەی ئەنجامی دەدات هیچ شتێك لە بارەی هونەری نووسین و چاپەوە نازانێت. لەم روانگەیەوە دەکرێ بڵێین کارکردن لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان جۆرێکە لە کارکردنی میدیایی، کە پشت دەبەستێ بە توانای نووسین و گفتوگۆکردن لەگەڵ جەماوەرو رازیکردنی.

**بەڵام تواناکانیتر بەپێی گرنگییان بەمشێوەیە دەبێت:**

**١- توانای رێکخستن.**

**٢- توانای وتووێژ.**

**٣- توانای مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا.**

**٤- زانینی کاروبارە ئابووری و داراییەکان.**

**٥- جیاکردنەوەی هەواڵ و توانای لێدوان لەسەری.**



## هەشتەم: بەراورد لە نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و چالاکییەکانی دیکە:

### ١- جیاوازی لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندییە مرۆییەکان:

جیاوازی لە نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندییە مرۆییەکان هەیە، پەیوەندییە مرۆییەکان جەخت لەسەر توخمی مرۆیی و بایەخە مرۆییەکان دەکاتەوە، بایەخ بە تەواوکاری نێوان تاکەکان لە چوارچێوەی کارکردن دەکاتەوە بەو شێوەیەی کە پاڵیان پێوە دەنێت و هانیان دەدات بۆ کارکردن بە بەرهەمدارییەکی بەرزتر و بەهاریکاری، لەگەڵ تێرکردنی پێویستە سروشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان.

مەبەست لە رەچاوکردنی بایەخە مرۆییەکان لە کارکردندا ئەوەیە کە کارگێڕی رەچاوی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە ژیاندا بکات.

(سکۆت Scott) وای دەبینێت کە پەیوەندییە مرۆییەکان ئاماژەیە بۆ پرۆسەکانی هاندانی تاکەکان لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، بەشێوەیەکی کارا ببێتە هۆی گەیشتن بەهاوسەنگی لە ئامانجەکان و رەزامەندی مرۆیی زیاتر بەدەستەوە بدات، هەروەها یارمەتی وەدیهێنانی داخوازی پرۆژەکە دەدات، واتە پەیوەندییە مرۆییەکان دەبێتە هۆی زیادبوون لە بەرهەم و زیادبوون لە چالاکییە رێکخراوەکان و تاکی بەختەوەر کە لە کارەکانیان هەست بە رەزامەندی دەکەن.

دەکرێت لەوەی رابردوو سێ ئامانجی سەرەکی پەیوەندییە مرۆییەکان هەڵبهێنجین، کە بریتین لە:

أ/ کار بکات لەسەر گەشەپێدانی گیانی هاوکاری لە نێوان تاك و کۆمەڵەکان لە چوارچێوەی کاردا.

**ب/** هانی تاك و کۆمەڵەکان بدات بۆ بەرهەمهێنان.

ج/ تاكەكان توانادار بكات بۆ تێركردنی پێویستییە ئابووری و دەروونیی و كۆمەڵایەتییەكانیان.

ئەگەر كارگێڕی توانی ئەم ئامانجانە وەدی بهێنێت ئەوا ئەنجامەكە بە سەركەوتنی هەوڵی بەكۆمەڵ دەبێت بۆ تاكەكان لە چوارچێوەی كاردا، بۆیە دەكرێت پێناسەی پەیوەندییە مرۆییەكان بەكورتی بكەین بەوەی گەشەپێدانی هەوڵی بە كۆمەڵییە بۆ پرۆژەكە و بەرهەمدار بۆ تاكەكان لە هەمانكاتدا.

### ٢- جیاوازی نێوان پەیوەندییە گشتییەكان و كاروبارە گشتییەكاندا:

تێكەڵییەك هەیە لە نێوان پەیوەندییە گشتییەكان و كاروبارە گشتییەكاندا، هەندێ دەستە ئامێرگەلێكیان دروست كردووە، كە چالاكی پەیوەندییە گشتییەكان ئەنجام دەدات و، بەهەڵە ناوی لێ ناوە كارگێڕی كاروباری گشتی. كاروباری گشتیش بایەخ بە بابەتی جۆراوجۆر بەپێی جۆراوجۆری خەڵك دەدات، مەبەست لەو كاروبارانەیە كە بۆ رای گشتی بایەخدارە، وەك كاروباری سیاسی و حكومی و، هەڵبژاردنەكانی ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەكان، هەروەها پەیوەندییەكان لەگەڵ كۆمەڵگەی ناوخۆیی و، كێشەكانی كۆچكردن و، نیشتەجێكردن و، سیاسەتی نرخەكان و شتی دیكە.

لە سنووری ئەم چەمكەدا لە زانكۆكان لە دەرەوە دەخوێنرێت لە چوارچێوەی پرۆگرامی (كاروباری گشتی Public Affairs) و كێشە نێودەوڵەتییەكان و، بابەتە گرنگە هاوچەرخەكان و، زانستی سیاسەت و ئابووری و، كارگێڕی گشتی. بەمجۆرە جیاوازی نێوان چەمكی (كاروبار) و چەمكی (پەیوەندییەكان) دیارە كە وەك پێشتر روونمان كردەوە واتای (گەیاندنەكان) دەگەیەنێت.



### ٣- جیاوازی نێوان پەیوەندییە گشتییەكان و راگەیاندن:

مەبەست لە راگەیاندن بڵاوكردنەوەی راستییەكان و راوبۆچوونەكانە لە نێوان جەماوەرەكانی دەستە و دامەزراوەكەدا، جا جەماوەری ناوخۆیی بێت یان دەرەكی دامەزراوەكە و، لە ئامرازە بنەڕەتییەكانی راگەیاندن رۆژنامەگەری و ئێزگە و سینەما و تەلەفزیۆن و وانە و كۆڕەكانە. پێشتر بینیمان كە یەكێك لە پێناسەكانی پەیوەندییە گشتییەكان وای دەبینێت كە راگەیاندن و رازیكردنە پێشكەش بە جەماوەر دەكرێت و، هەوڵێكە دەدرێت لە پێناو گونجان و تەواوكاری لەنێوان ئاراستە و هەڵسوكەوتی هەریەك لە رێكخراوەكە و جەماوەرەكەی. لە راستیدا راگەیاندن بە بەشێكی بنەڕەتی و ئامرازێكی گرنگ لە ئامرازەكانی پەیوەندییە گشتییە جۆراوجۆرەكان دادەنرێت لە پرۆگرامەكەی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی.

### ٤- جیاوازی نێوان پەیوەندییە گشتییەكان و رێكلام:

هەڵمەتەكانی رێكلام چەندین ئامرازی گەیاندنی ئامانجدار بەكاردەهێنن بۆ گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی كڕیاران بۆ رێكلامكردن لە بارەی فرۆشتن بەكەمترین نرخ و، پەیوەندییە گشتییەكان لە رێكلام جیاوازە لە روویەكەوە كە ئەمەی دواییان پەنا بۆ كڕینی رووبەرێك لە چاپەمەنییەك دەبات، یان بەشێك لە كات لە ئێزگە و تەلەفزیۆن، ئەمەش لە پێناو دەربڕینی تێڕوانین یان رێكلامكردن بۆ فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكان، كە لەوانەیە لەگەڵ تێڕوانینی بڵاوكەرەوەكە یان بێژەرەكە بگونجێت یان نەگونجێت، لەبەرئەوەی خوێنەر یان گوێگر پەیامێك وەردەگرێت كە پارەكەی دراوە.

لەوانەیە هەندێ رێكلام ناوبانگێكی باش بە كارگەكە یان كاڵاكە یاخود خزمەتگوزارییەكە ببەخشێت، لەبەر ئەمە رێكلام بە هۆكارێكی یاریدەدەر دادەنرێت بۆ پرۆگرامەكانی پەیوەندییە گشتییەكان. لەگەڵ ئەوەشدا رێكلام لە پەیوەندییە

گشتییەکان جیاوازە، ئەگەرچی رۆڵێکی بەرچاو لە بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا دەبینێت.

### ٥- جیاوازی نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و پڕوپاگەندە:

هەندێك پەیوەندییە گشتییەکان و پڕوپاگەندە تێکەڵ دەکەن، ئەم تێکەڵییەش بۆ یەکێتی ئامانجەکانی دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندێتی لەگەڵ رای گشتی و هەوڵدان بۆ گەلاڵەکردنی و هەموارکردنی و کارتێکردنی. پڕوپاگەندە یەکێکە لە جۆرەکانی گەیاندن و کاریگەری، وەك هێزێك بەکاردەهێنرێت بۆ کۆنتترۆڵکردنی بیری تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاراستەکردنیان بەو لایەی کە بۆیان دیاریکراوە لە رێگەی ئیستیغلالکردنی سۆزو غەریزەکانیان، ئەمەش لە رێگەی ئامرازەکانی گشتی گەیاندن دەبێت، نموونە لەمبارەیەوە کاتێك لە کۆمپانیاکان هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەیی رێك دەخات بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی خەڵك لە سروشتی ئەو کالایەی کە بەرهەمی دەهێنێت، کاتێك مشتومڕ دروست بوو لەبارەی چەندێتی پابەندبوونی خواردنەوەی کۆلا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا، کۆمپانیای بەرهەمهێنەری بیبسی کۆلا ئەوکات خێرا هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەیی لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنی گشتییەوە دەستپێکرد، بۆ دووپاتکردنەوەی شیاوی و خاوێنی بەرهەمەکەیان، بەبێ ئەوەی کەسایەتی خۆی ئاشکرا بکات.

لە روانگەی ئەمەوە رێکلام لە پڕوپاگەندە جیاوازە، لەوەی لە رێکلامدا رێکلامکەر کەسایەتی خۆی ئاشکرا دەکات و، داوا لە خوێنەر یان بیسەر دەکات رەفتارێکی دیاریکراو بنوێنێت، بەلام لە پڕوپاگەندەدا وەرگر ناتوانێت سەرچاوەی زانیارییە بۆ هاتووەکان دیاری بکات.

بەمجۆرە پڕوپاگەندە کار دەکات بۆ پێکهێنانی هەواڵەکان و شاردنەوەی هەندێ راستی یان گۆڕینی هەندێکی، بەم وەسفەش بێت ئەوا ئامرازێکی جیاکەرەوەیە تەنیا



ئەو زانیاریانە بە جەماوەر دەبەخشێت کە تێڕوانینی بەرپرسان لە بارەیەوە کۆکە بەهەر نرخێك و هەر ئامرازێك بێت، بەلام پەیوەندییە گشتییەکان لە رێگەی هەواڵە راستگۆکان و فێربوون و مومارەسەوە کار بۆ رازیکردنی جەماوەر دەکات و، هاوکاریکردن لەگەڵیدا لەسەر بنەمای متمانە و تێگەیشتنی بەرهەمدار.

# بەشی دووەم

## جەماوەر و رای گشتی

### یەکەم: جەماوەر:

کۆمپانیاکان، بە بچووك و گەورەیەوە پێویستی بە متمانەی جەماوەرە، لێرەوە دەبینین کە کۆمپانیاکان بەجیاوازی چالاکییەکانیان پێویستی بە زانینی رای جەماوەرەو، پێدانی زانیارییە بۆ وەدەستهێنانی متمانە و پاڵپشتییەکەی، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی جەماوەرو مەیل و ئاراستەکانێتی بەشێوەیەکی تێروتەسەل.

بەڵام جەماوەر کێیە؟.. چۆن خەڵك لە گرووپی بچووك بچووك و یەکەی گەورە یەك دەگرن و رای خۆیان دەردەبڕن؟.. گرنگی جەماوەر سەبارەت بە دانەرانی پرۆگرامی پەیوەندییە گشتییەکان چییە؟

لە روانگەی شارەزایانی پەیوەندیە گشتییەکانەوە، جەماوەر بریتییە لە کۆمەڵێك لە تاکەکەی، لە رووبەرێکی چالاکی کۆمپانیا یان دامەزراوەیەکی دیاریکراوە، کاریگەری لەسەر دەکات و کارتێکەر دەبێت و، مۆرکێکی جیاکەرەوەی هەیە و، لە نێوان ئەندامانیدا کۆمەڵێك دروشم و هێما هەیە و لە نێوانیاندا بەرژەوەندی وەك یەك هەیە و، پەیوەندی دیارکراو پێکەوەیان دەبەستنەوەو، هەرچەندە ئەو پەیوەندیانە زیاتر بێت و توندوتۆڵ بێت گرووپەکە زیاتر لەیەکچوو دەبن.

جەماوەر لە قەبارە و پێکهاتنیدا جیاوازن هەندێجار لەوانەیە بچووك بێت و هەندێجار لەوانەیە گەورە بێت. بۆ نموونە جەماوەری تایبەت بە دەزگایەکی



پەروەردەیی، جەماوەرێکی بەرفراوانە کە بریتین لە قوتابیانی ئێستا و ئەوانی پێشتر و ئەوەی لە داهاتوو دێن و بەخێوکەران و، جەماوەر لە دەزگا پەروەردەییەکان کە پەیوەندی هەیە بە دەزگا و دەستە فەرمییە پەیوەندیدارەکان و، هەواڵسازانی رۆژنامەکان و بێژەران و وێستگەکانی ئێزگە و تەلەفزیۆن، بەمجۆرە جەماوەری ئەو دەزگایە فراوان دەبێت. ئەندازیارانیش سەر بە گرووپێکی لێکچوون کە لەهەمان پیشەدا کار دەکەن و، ئەگەر یەکێکیان لە ئەندازەی بیستندا پسپۆر بوو، ئەوا سەر بە گرووپێکی لاوەکییە لەژێر سایەی گرووپێکی فراوانتردان، کە گرووپی ئەندازیارانن.

جەماوەر بەپێی تایبەتمەندیی نیشتەجێبوونەوە دەگۆڕێت، وەکو تەمەن، کە خەڵك دابەش دەبێت بۆ دەستەگەلی جۆراوجۆری تەمەنەوەو، دەکرێت بەرنامەی پەیوەندییە گشتییەکان ئاراستەی تەمەنێکی دیاریکراو بکرێت، هەروەها جەماوەر بەپێی رەگەز جیاوازە، کە بۆ نێچر و مێ دابەش دەبن و، هەریەکەیان بۆ هاوسەردار و بێ هاوسەر و بێوەژن و پیاوی ژن تەڵاقدراو دابەش دەبن. نیشتەجێبوانی خانووبەرەش دابەش دەبن بۆ خاوەن خانوو و کرێچی و بەرنامە سیاسییەکە لەوانەیە گشتی بێت بۆ هەموو خەڵك و، لەوانەیە تایبەت بێت بەوانەی سەر بە حزبێکی سیاسی دیاریکراون، هەروەها جیاکارییەك لە نێوان سپی پێست و رەشپێست هەیە لە هەندێ وڵاتان، هەروەها جیاکاری بەپێی ئایین یان ئایینزا یاخود تایفی هەیە.

هەروەها جەماوەر بۆ جەماوەری ناوخۆیی و جەماوەری دەرەکی دابەش دەبن. جەماوەری ناوخۆیی پێکدێن لەو تاکانەی کە کار بۆ خزمەتکردنی کۆمپانیاکە دەکەن وەك ئەنجوومەنی کارگێڕی و، سەرۆکەکان و، فەرمانبەران و کرێکاران، ئەمەش یەکەم دەستەیە دەبێت لێی بکۆڵرێتەوەو پەیوەندی کۆمپانیاکە و توندوتۆڵکردنی باش بکرێت، بەڵام جەماوەری دەرەکی ئەوا دابەش دەبێت بۆ بۆ چەند دەستەیەکی گەورەوە لەوانە جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی و، جەماوەری بەکاربەر و، جەماوەری بەشداربوو و، جەماوەری رۆژنامەگەری و، جەماوەری دابەشکەران....هتد.

لە روانگەی ئەمەوە گرنگی دیاریکردنی جەماوەر بە شێوەیەکی دەستنیشانکردنێکی روون، روون دەبێتەوە، لەو بارانەی کە لە کۆمەڵە کێشەیەکی دیاریکراو دەکۆڵینەوە.

## دووەم: چەمکی رای گشتی:

رای گشتی ئەو مادده خاوەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان کاری تیا دەکات و، پەیوەندییە گشتییەکان هەمیشە کار بۆ گەشەپێدانی دەکات، جا ئەوەی پەیوەندی بە سیستەمە کۆمەڵایەتی یان ئابووری یاخود سیاسییەکانەوە بێت، هەروەها کار دەکات بۆ لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی و، زانینی سروشتەکەی و چۆنێتی پێکهاتنی و، رێگەکانی کاریگەری کردنە سەری و، لەوانەیە گرنگترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە نوێیەکان دانپیانان بێت بە گرنگی گەلان و، دانانی رای گشتی بە دوا بڕیار لە کاروباری گشتی، سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەی رای گشتی بوونێکی مەعنەوییە نایبینین، بەڵام ئەوە هیچ لە هێزەکەی کەم ناکاتەوە، هەروەك ئەو فشارە ئاسمانییەی کە نایبینین، بەڵام بوونیشی هەیە.

## پێناسەی رای گشتی:

سەرەڕای ئەوەی رای گشتی Public Opinion بەم ناوە بەکار نەهات تا لە دوادوایەکانی سەدەی هەژدەیەم نەبێت، لە ئەنجامی دەرکەوتنی جەماوەری زۆر بەهۆی گەشەی خێرای دانیشتوان لەوکاتەدا، ئەوا گفتوگۆ کۆنەکانی پەیوەست بە رای گشتی زۆر جیاواز نییە لەگەڵ گفتوگۆ نوێیەکان لە رووی دەرککردنی مەودای ئەو هەژموونەی کە رای گشتی لەسەر رەفتارەکانی مرۆڤ و ژیانی رۆژانەی دەیسەپێنێت، کە (مۆنتیسکیۆ) ناوی لێنا مێشکی گشتی و، (رۆسۆ)ش بە ئیرادەی گشتی ناوی برد، بەڵام تاکە جیاوازی لە نێوان گفتوگۆ کۆن و تازەکاندا، لەمبارەیەوە ئەوەیە کە



پەیوەستە بە دەرککردنی مەودای ئەو هەژموونەی کە رای گشتی لەسەر هەڵسوکەوتێکی سیاسەتوانان و فەیلەسووفاندا دەیسەپێنێت.

(تارد) بە شێوازێکی تاکڕەوی رەنگی کردوو، بە رەسەن داینا، لەهەر کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان، هەندێ تاك بەهرەی تایبەت و توانای داهێنان و نوێگەرییان هەیە، بەمەش شەپۆلێك لە نێوان تاکەکانی تری کۆمەڵگە دەڕوات بەرەو لاساییکردنەوەی ئەو تاکە هۆشیارانە و بەمەش رای گشتی دروست دەبێت.

ئەم تیۆرەش بەمشێوەیەی خوارەوە کەموکوڕی لێ دەبینرێت:

أ/ لایەنی رۆحی فەرامۆش دەکات، چونکە پەیوەندییەکی رۆحی هەیە، لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە کە ئەو بنەمای هاوکاریکردنیانە.

**ب/** را لە پێکهێنانیدا پشت بە لاساییکردنەوە نابەستێت، بەڵکو لەسەر ئامرازەکانی دیکە کە پێکهاتەکانی رای گشتییە وەك رۆژنامەگەری و گوتاربێژی و ئێزگە و تەلەفزیۆن...هتد.

**ج/** دیاردە کۆمەڵایەتییەکان یەکتر شرۆڤە دەکەن، واتە بە دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی شرۆڤە دەکرێت و، ناکرێت بەهۆکاری دەروونی یان ژیانی لێك بدرێنەوە.

(ماکینۆن W.A.Mackinon ١٨٠٨) رای گشتی وا پێناسە کردووە، کە رایەکە لە بابەتێك ئەوەی کە کەسە زۆر زیرەك و ئاکارجوانەکان بەنهێنی هێشتییەوە، کە بە بڵاوبوونەوەی وردە وردە جیا دەکرێتەوە، بەمەش زۆرینە دەستی دەکەوێت تەنانەت ئەگەر لە ئاستە فێرکارییەکانیان جیاواز بوون. بەڵام (لاویل L.A.Lawell) رای گشتی وا دەناسێنێت کە پەسەندکردنی یەك یان دوو یان زیاترە لە تێڕوانینە دژبەیەکەکان کە عەقڵ و لۆژیك پەسەندی دەکات بەوپێیەی راستییە.

(کولی) وای دەبینێت: را گشتی کۆکردنەوەیەکی بڕیارە تاکییە جیاوازەکان نییە، بەڵکو رێکخستنێکی هاریکارییە لە رێگەی گەیاندنی کاریگەری ئاڵوگۆڕ و هاوبەشەوە ئەنجام دەدرێت و، لەوانەیە رای گشتی جیاواز بێت لەو گریمانەیەی کەوا

تاکەکان لەوانەیە بیرکردنەوەیەکی دیاریکراویان هەبێت وەك تاکگەلێکی لێك جودا، بەڵام ئەم نامێنێت کاتێك دەبینین رای گشتی وەك کەشتییەك وایە لە رێگەی سەدان پیاو بونیات دەنرێت و، کەسێك ناتوانێت بەتەنیا دروستی بکات، بەڵام (لیونارد دۆب Leonard Dob) وای دەبینێت کە رای گشتی، واتە ئاراستەکردن و هەڵوێستەکانی خەڵك بەرامبەر بابەتێك کە مێشکی سەرقاڵ کردوون، بەمەرجێك ئەم جەماوەرە لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتیدابن.

(گینزبرگ) رای گشتی بە بۆیەیەکی کۆمەڵایەتی بۆیە کرد، بەڕای ئەو رای گشتی ئارەزوویەکی شاراوەیە لە کۆمەڵگەدا بەربڵاوەو ئامانجی پاراستنی کیانی کۆمەڵگەیە، چونکە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و، لەخۆوە بەرهەم دێت لە کارلێکی کۆمەڵە رایەکی جیاواز کە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەربڵاوەو، لە شێوەی بابەتگەلی دیاریکراو گەڵاڵە دەبێت.

بەمجۆرە رای گشتی لە رای تایبەتی جیاواز دەبێت، چونکە رای گشتی رای کۆمەڵە، بەڵام رای تایبەتی رای تاکێکە. زۆربەی توێژەران وای دەناسێنن کە بەرهەمی کارلێکی راو بیرۆکەکانە لە نێو هەر کۆمەڵێك لە خەڵکدا، (جیمس برایس) لە کتێبەکەی (دیموکراتییە نوێیەکان) وا پێناسەی کردووە، کە زاراوەیەکی بەکارهاتووە بۆ دەربڕین لە کۆمەڵە رایەك کە خەڵك پێی قەرزارن بەرامبەر ئەو پرسانەی کە کار لە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکانیان دەکات.

بەکورتی، رای گشتی دەربڕی رای جەماوەرە، دوای گفتوگۆو مشتومڕ لە نێوان تاکەکاندا، ئەو ئاراستەیەکی هەڵچوونی نییە لە جەماوەرە تووڕەوە دەربچێت کە کۆبوونەوەیەکی کاتی ئەنجام دەدەن، بەڵکو بڕیارێکی عەقڵییە لە جەماوەرێك لە خەڵك دەردەچێت کە هەستکردن بە ئینتیما هاوبەشن و بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان گرێ دەدات، بەرامبەر هەڵوێستێك لە هەڵوێستەکان، یان هەڵسوکەوتێك لە هەڵسوکەوتەکان، یاخود پرسێك لەو پرسانەی کە دوای گفتوگۆیەکی عەقڵی مشتومڕی لەسەر دروست دەبێت.



رای گشتی تەنیا کاردانەوەیەکی سادە نییە کە بنەماکەی عورف و دابونەریت بێت، بەپێچەوانەوە لەوانەیە دەرچوون لە دابونەریتیش لەخۆبگرێت، چونکە بەئاگابوونێك و بیرکردنەوەیەك بۆ کێشەکان هەیە. کۆمەڵ -بەنموونە- لەوانەیە رووبەڕووی کێشەیەك ببێتەوە کە پێویستی بە چارەسەر ببێت و، پەیوەندی بە ئارەزووەکانی جەماوەر و پێداویستییەکانیەوە هەیە، بۆیە سەرکردەکان کێشەکە دەستنیشان دەکەن و تیشك دەخەنە سەری و، پێشنیاری چارەسەرکردنی دەکەن. پسپۆران و پەیوەندیداران بە مەسەلەکە پوختەی شارەزایی و زانیارییەکانیان رادەگەیەنن، پاشان گفتوگۆیەکی ئازاد لە هەموو لایەنەکان و لە هەموو شوێنێك دەستپێدەکات و، بیرۆکەکان تێکەڵ بە سۆزەکان دەبن و، لاگیرییەکانیش تێکەڵ بە راستییەکان دەبن و، بەرژەوەندی و پرەنسیپەکان لەململانێدا دەبن و، بڕیاری جۆراوجۆر دەردەچن. رای کۆتایی بۆ کۆمەڵەکە ئەنجامی ئەو کارلێکە دەبێت کە لەنێوان هەموو ئەو هێزانە دروست بووە، بە بیرۆکە خۆپاریز و پێشکەوتنخوازەکانیشەوە. بەمجۆرە کۆمەڵ رای گشتی خۆی دەردەبڕێت. لەسەر بنەمای ئەم بڕیارانە و مەودای دروست و شیاوییەکەی دەیەوێ بۆ کۆمەڵ کە بمێنێتەوەو بژیت، بەڵام ئەگەر ئەم بڕیارە کۆمەڵیانە کەموکورت و شکستخواردوو بێت ئەوا دەبێتە هاوتای رووخان و لەناوچوونی کۆمەڵەکە.

لەکاتێکدا زەحمەتە هەموو خەڵك لەسەر بابەتێك یان پرسێك لە پرسەکان رێك بکەون، ئەوا دەکرێ بڵێین رای گشتی رای زۆرینەیە و نموونەیەکی دیاریکراو لە بیرۆکە و قسەکردن دەگشتێنرێت و باڵ بەسەر نموونەکانیتردا دەکێشێت و، بیرۆکەی رای گشتی لەخۆدەگرێت لەگەڵ ئەوەی رایەك هەیە زۆربەی تاکەکان لەسەری کۆکن، کە بە رای زۆرینە ناودەبرێت. ئەمەش مانای ئەوە نییە. کە رای جیاجیا نەبێت بۆ کەمینەکان و، ئەو را تایبەتیانە رێگر نابێت لەوەی بەو را باوەی کە لە نێو زۆرینەی کۆمەڵ و کۆمەڵە لاوەکییەکاندایە بە رای گشتی ناوبنێین، چونکە رایەکی گشتی بەشێوەیەکی رەها و گشتی لە ئارادا نییە، بەڵام ئەوپەڕی رادەیە بۆ کۆمەڵە رایەك.

رای گشتی هەر بەشاراوەیی دەمێنێتەوە لەبەر هۆکاری سیاسی یان کۆمەڵایەتی، بەڵام نامێنێتەوە لە شێوەی تەقینەوەیەك دەربکەوێت کاتێك هۆکارەکانی ئاستەنگ لەبەردەم دەرکەوتنی نامێنن.

## سێیەم: پێکهاتەکانی رای گشتی:

پرۆسەی پێکهێنانی رای گشتی لە پرۆسە ئاڵۆزەکانە کە رەگ و ریشەی لە بوارە جیاوازەکاندا پەل دەهاوێت و، رای گشتی لە ئەنجامی کارلێکی نێوان کۆمەڵێك هۆکاری فسیۆلۆژی و وەزیفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی تێکئاڵاو پێکدێت بەجۆرێك هەریەکەیان کاریگەری خۆی لە پێکهێنانی رای گشتیدا پیادە دەکات، ئەم هۆکارانەش بریتین لە:

### ١- هۆکارە فسیۆلۆژی و وەزیفییەکان:

هەندێ توێژینەوە وای دەبینێت جیاکەرەوەی گەورە هەیە، کە کاریگەرە لە عەقڵییەتی تاك و بیرکردنەوەکانی، بۆ نموونە نەخۆش بیرکردنەوەکانی نەخۆش دەبێت و، لەوانەیە تێڕوانینی بۆ ژیان رەشبینانە بێت. لە لێکۆڵینەوە گرنگەکان لەم بوارەدا گەڕان بەدوای کاریگەری جۆرەکانی خوێن و، گوشەرەکانی تفتی و ترشی و کاریگەری لە کەسایەتی مرۆڤ. هەروەها توێژینەوەی زۆر کرا لەبارەی جیاکەرەوە گەورەکانی دیکە، وەك تایبەتمەندییەکانی کەللەی سەر کە بەلای تاوانناسانی وەك (لومبروزو) بایەخمەند بوو بە لێکۆڵینەوەی و، دواجار روون بووەوە کە رژێنەکانی کەڕ و نابیسەر و ئەو هۆرمۆنانەی دەری دەدات بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر تاکەکە دەبێت، کاتێك چالاکی چەقالوو (رژێنە دەرقییەکان) کە -بەنموونە- زیاتر دەبێت ئەوا تاکەکە پەشۆکاوو کەم سەقامگیر و زوو تووڕە دەبێت.



### ٢- هۆکارە دەروونییەکان:

هۆکارگەلی دەروونی هەیە کە کاریگەر لە هەڵسوکەوتەکانی تاك و لە رەفتارەکەی دەکات، لەوانەیە مرۆڤ بەخۆشەویستی وەسف دەکات، چونکە غەریزەی ترس لای بەهێزە، یاخود هێشتا خەسڵەتەکانی خۆهەڵکێشان و خۆبەرزکردنەوەی وەدەست نەهێناوەو، هەمان قسە سەبارەت بە غەریزەکانی دیکە جێبەجێ دەبێت وەك غەریزەی سێکس یان حەز بەزانین یاخود کۆنترۆڵکردن یان شتی دیکە. حەز و ئارەزوو رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە گەڵاڵەکردنی رای گشتی، ئەمەش بەپێی بارودۆخی باو. لە بارودۆخی جەنگدا -بۆ نموونە- خەڵك رایەکان پەسەند دەکەن و بڕوا بەدروستی و گرنگییەکەی دەکەن، کەچی لە کاتی ئاشتیدا گومانی لێدەکەن، واتە لە بارودۆخی ئاساییدا. تەنانەت لە بارودۆخی ئاساییدا رای گشتی بە بیرۆکەی نەستی کاریگەرە بەبێ ئەوەی خەڵك بزانن. نەست کاریگەر دەبێت لە ئاراستەکردنی بیرۆکە و رایەکانمان، سەبارەت بە کارێك یان رووداوێك یاخود بیرۆکەیەك، ئەمەش بەپێی شارەزایی پێشوومان و، ئەوەی بەسەرماندا تێپەڕیوە لە کاردانەوە و شۆکبوون.

### ٣- رۆشنبیری:

خۆی لە کۆمەڵە دابونەریت و بەهاو شێوازەکانی ژیان دەبینێتەوە کە ژیانی مرۆڤ لەناو ئەو ژینگەیە رێکدەخات کە تیایدا دەژی، بیرۆکەکانی ئەو کەسەی کە لە ژینگەیەکی خۆشگوزەران پەروەردە بووە وەك بیرۆکەکانی کەسێك نییە کە لە ژینگەیەکی هەژار یان پەراوێزخراو ژیابێت. دابونەریتە وەرگیراوەکان لە کاتی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی جیاواز کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو بڕیارانەی کە تاك دەیدات، گومانی تێدا نییە کە ئایین و فێربوون و دابونەریتە وەرگیراوەکان کاریگەری دەبێت لەسەر دەروونی تاك و، ئەو بیرۆکە و رایانەی هەیەتی و، رای گشتی بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر دەبێت بە ئاراستەکانی کۆمەڵە یەکەمینەکان و بەهاکانی.

لەلایەکیترەوە زیادبوونی رۆشنبیری کۆمەڵگە و دابەزینی ڕێژەی نەخوێندەواری یارمەتیدەرە لە دروستبوونی رای گشتی، هەروەها مرۆڤی سادە بە بیروباوەڕە چەسپاوەکەی - ئایینی و سیاسی و ئابووری- ناکرێت بانگەوازێکی پڕوپاگەندەیی پەسەند بکات کە لەگەڵ بیروباوەڕەکەیدا دژ بێت.

دەزگاکانی پڕوپاگەندە هەستی کرد بۆ مەترسی بوونی ئەو کۆمەڵانەی کە پڕە لە ڕەگەزپەرستی و سیاسی و ئایینی لە ورووژاندنی کاردانەوە جەماوەرییەکان و، خرۆشانی یادەوەری و بەرەودان بە بیرۆکەی دیاریکراو، بۆیە دەستیکرد بە ئیستیغلالکردنی لە چوارچێوەیەکی فراوان لە راگەیاندن و رۆشنبیری و گەیاندنی کەسیی و لەرێگەی نوکتەوە هەندێجار.

بەم جۆرە رۆشنبیری بە یەکێك لە هۆکارە مەترسیدارە کاریگەرەکان لە رای گشتی بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو دەژمێردرێ و، نموونە لەمبارەیەوە رقلێبوونەوەی ئەمریکاییە سپیپێستەکان بۆ هاوولاتییە رەشپێستەکان لە ئەنجامی رەگەزی رۆشنبیری بووە کە لە رابردوودا ملکەچی بوونە، کەوا ئەو بارودۆخی رۆشنبیرییەی کە مندالی ئەمریکایی رووبەڕووی دەبێتەوە، ئاراستەیەکی دژی بەرامبەر رەشپێست لا دروست دەبێت.

## ٤- رێکخستنی سیاسی:

دیموکراتیەت بوار دەدات بە بلاوبوونەوەی رای گشتی و، دەستە و دامەزراوە گشتییەکان لە شاراوەییدا کار ناکەن. هەروەها دیموکراتییەت کار دەکات بۆ بلاوبوونەوەی ئازادی بیر و کۆبوونەوە و رادەربڕین لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەی هەیە لەئارادا لەسایەی دکتاتۆرییەتدا، زێدەباری ئەوەش ئازادییە گشتییەکان ئازادی رایە و، ئازادی رۆژنامەنووسی و نووسینە و، ئازادی کۆبوونەوەیە و، ئازادی کارکردن و شتی دیکە لە پێکهێنەرەکانی رای گشتی دادەنرێن. بوونی بیرمەندان و پیاوانی کار و ئەو سەرکردانەی کە توانایان



هەیە لە کاریگەری لەسەر ئەوانیتر، لە هۆکارە گرنگەکانە لە پێکهێنانی رای گشتی، ئەوەش لەبەر ئەو توانایەی پێی جیا دەکرێنەوە لە زانینی رای گشتی و ناسینی هەست و نەستەکانی جەماوەر. کاتێك متمانەی جەماوەر بە سەرکردە دەبێت، ئەوا دەبێتە ئامرازێکی بەهێزو کارا لە گۆڕینی ئاراستەکانی جەماوەر و کاریگەری کردنە سەریان و، پێکهێنانی رای گشتی کە پاڵپشتی ئەو پرسانە دەکات کە بانگەوازی دەکات.

## ٥- ڕووداو و کێشەکان:

ڕووداوی کێشە و تەنگژەکان، کە کۆمەڵێکی دیاریکراو ڕوبەرشووی دەبنەوە، لە هۆکارە گرنگەکانن کە کار دەکات بۆ پێکهێنانی ئاراستەگەلی نوێ بۆ رای گشتی، هەرچەندە گوترا لەسەر بلیمەتیی وەزیری پڕوپاگەندەی نازییەت (گۆبلز)، لە راستیدا نە هیتلەر و نە گۆبلز و نە بانگەوازخوازان و بلیمەتان توانییان ئەڵمانیا بۆ نازی بگۆڕن بەبێ پشتبەستن بە تەنگژەی ئابووری و، هەستکردن بە نیگەرانی و نائاسایشی لەنێو ریزەکانی گەلی ئەڵمانی، گۆڕانی شۆڕگێڕی بزووتنەوەیەکی لە ناکاو نییە کە لە بۆشایدا دروست بووبێت، بەڵکو دەربڕی بارودۆخی بابەتی و ڕووداوی سیاسی و ئابووری واقیعییە، لەبەر ئەم هۆیانە شۆڕشی کۆمەنیستی لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو سەرکەوت و، ئاراستەی چینی میللی بەرەو شیوعییەت لە ئەنجامی پڕوپاگەندە یان بیروباوەڕە مارکسییەکانەوە بەتەنها نەبوو، بەڵکو فەرمانڕەوایی (چانگ کاو چیك)ی گەندەڵ و، بارودۆخی خراپی ولات جۆرە ناڕەزایییەکی دروستکرد، بانگخوازانی شیوعییەت بەباشی قۆستیانەوەو، شۆڕشی چینی سەرکەوت. لەوانەیە رای گشتیی کاتیی بێت، وەك ئەوەی لە ئەنجامی کێشەیەك لە نێوان خاوەنکاران و کرێکاراندا ڕوودەدات، لە کاتی گفتوگۆکردن لەبارەی کرێیەکانییەوە بەنموونە، لەمبارەدا رای گشتییەکە نامێنێت بە نەمانی کێشەکە.

## ٦- راگەیاندن و پڕوپاگەندە:

راگەیاندن ئەو پرۆسانەیە کە لە رێگەیەوە بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان و هەواڵی دیاریکراوی ئەنجام دەدرێت، لەسەر بنەمای راستگۆیی و راشکاوی و، ریزگرتن لە مێشکی جەماوەر و پێکهێنانی رای گشتی لە رێگەی رۆشنکردنەوەی، بەڵام پڕوپاگەندە ئەو پرۆسانەیە کە هەوڵدەدات رایەکی گشتی دروست بکات لە رێگەی کاریگەری کردن لە کەسایەتی تاکەکان لەمیانەی پاڵنەر و کاردانەوەو شۆکەکانیان بە هەواڵەکان و، گەورەکردنەوە تیایداو، بەلێندانی درۆ. لێرەوە هەریەك لە راگەیاندن و پڕوپاگەندە و ئامرازەکانی گەیاندن لە رۆژنامەو ئێزگە و سینەما و شانۆ و کۆبوونەوە گشتییەکان، بەهێزێکی ئەرێنی کاریگەر دادەنرێت کە کاریگەرییەکی سەرکەوتووی هەیە لە پێکهێنانی رای گشتی. هەروەها هەندێ دەزگای پڕوپاگەندەی سیاسی پەنا بۆ هەندێ گرووپی لاوەکی دەبەن وەك یەکێتییە پیشەییەکان، یەکێتییەکانی قوتابیان، ناوەندە ماسۆنییەکان، کۆمەڵە ئایینییەکان، دەروازە یان ئەو کەلێنانەی کە کە پڕوپاگەندەی حزبی لێ تێپەڕ دەبێت و، بڕیار لەسەر ئاراستەکانی دەدات.

## ٧- دەنگۆ:

ئەو لێدوان و وتە و گێڕانەوانەیە کە خەڵك ئاڵوگۆڕی پێدەکەن و دەیگوازنەوە بەبێ دڵنیابوون لە دروستییەکەی یان لێکۆڵینەوە لە راستییەکەی. زۆربەی خەڵك حەز بە باوەڕکردن بەوە دەکەن کە دەیبیستن پاشان دەیڵێنەوەو دەیگوازنەوەو، لەوانەیە هەندێ شتی تری بۆ زیاد بکەن.



## چوارەم: جۆرەکانی رای گشتی:

**رای گشتی دابەش دەبێت بۆ چەند پلەو جۆرێکەوە، هەندێ وای دەبینن کە دابەش دەبێت بۆ:**

١- رای گشتی زاڵبوو.

٢- رای گشتی رۆشنکەرەوە یان خوێنەر.

٣- رای گشتی بەڕێوەبراو.

یەکەمیان رای رێبەر و سەرکردە و حکومەتەکانە زۆربەی جارو، دووەم رای چینی رۆشنبیری نەتەوەیە، ئەو چینەیە کە توانای لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی هەیە، سێیەمیش رای زۆربەی گەلە ئەوانەی ناتوانن بەردەوامی بە گەڕان یان لێکۆڵینەوە بدەن.

**هەندێ توێژەری تریش وای دەبینن کە سێ جۆری هەیە، بەمشێوەیە دەستنیشانیان کردووە:**

١- رای گشتی هەمەکی.

٢- رای گشتی کاتی.

٣- رای گشتی بەڕێوەبراو.

یەکەم پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە ئایین و، ئاکاری گشتی و، دابونەریت و شتی دیکە لە شتە چەسپاوەکان لە نەتەوەکەداو، ئەم جۆرە بە چەسپاویی جیا دەکرێتەوەو زۆربەی خەڵك بەشداری تیا دەکەن. دووەمیان ئەوەی لە پارتە سیاسییەکان و دەستە گشتی و تایبەتییەکان خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش کاتێك هەوڵدەدات بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا. سێیەمیش ئەو جۆرە بێ بارە کە وەکو کەشوهەوا دەگۆڕێت، و رۆژنامە رۆژانەییەکان و ئیزگە و تەلەفزیۆن لەسەری دەژیت.

**تیمێکی دیکە لە توێژەران وای دەبینن کە رای گشتی بۆ چوار جۆر دابەش دەبێت کە بریتین لە:**

١- رای زۆرینە.
٢- رای کەمینەکان.
٣- رای هارەر.
٤- رای گشتگیر.

رای یەکەم رای کۆمەڵە و بۆ دوو بەش دابەش دەبێت: زۆرینە و کەمینە، لەوانەیە بەپێچەوانەشەوە بێت، لە پێناو ئەوە رای کەمینە کێشێکی گەورەی هەبوو لە نێو نەتەوەدا، لەبەرئەوەی کەمینەکان پشت بە هەوڵدانێکی زۆر دەبەستن لە پێناو گەیشتن بە زۆرینە، بەم هەوڵانە نەتەوە سوودمەند دەبێت، بەڵام رای دووەم رای کەمینەیە هەندێجار لەگەڵ رایەکی دیاریکراو لە بارودۆخێکی دیاریکراوو ئامانجێکی دیاریکراو رێك دەکەوێت، بەڵام لەوانەیە ئەم جۆرە لە رایە بووە هۆی ئەوەی بە نەتەوە بۆ وەرچەرخانی خێرا لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و، لە پێناویدا لەوانەیە وەزارەتێك برووخێت و یەکێکی دیکە بەدوای بێت و، بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت تاکو یەکێك لە کەمینەکان بتوانێت ببێتە زۆرینە، بەڵام سێیەم زۆرجار لە ئەنجامی پاڵپێوەنانی گەل دەبێت، یان لە ئەنجامی تەواوکارییەکەی لە گەڕان بەدوای کێشە گشتییەکاندا، چونکە گەل ئەگەر گەیشتە رای هارەر لە رێگەی گەڕان یان لێکۆڵینەوە، ئەوا لەم بارەدا لەوانەیە بگاتە لوتکە، بەڵام لە راستیدا زۆر کەم دەگاتە ئەو بارە. چوارەم ئەو رایەیە کە نەتەوە لەسەری کۆکە و ئەوەی لە دابونەریت و رەچە و بیروباوەڕ بۆی ماوەتەوە، ئەم رایەش ئەوەیە کە بە ئاراستەی گشتی یان رەچەی گشتی ناودەبرێت، هەمیشە گفتوگۆی لەبارەوە ناکرێت، ئەگەریش یەکێك رووبەڕووی بووەوە بۆ گفتوگۆکردنی، خۆی تووشی مەترسییەکی چاوەڕوانکراو دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی کەم لە سەرکردەکان لەهەر نەتەوەیەك دەتوانن نەتەوەی خۆیان رازی بکەن بە گەندەڵی



بەشێك لە بەشەکانی ئەم را گشتگیرە، بەمەرجێك ئەم بەشە زیانی نەبێت بۆ بنەمایەك لە بنەماکانی ئایین یان بیروباوەڕو، ئەگەرچی پێویستی بە ئارامگرتنێکی درێژو خەباتێکی بەتواناو کارێکی بەردەوام هەیە.

**هەندێکیش وای دەبینن کە رای گشتی دابەش دەبێت بۆ چەند پلەیەك کە بریتین لە:**

١- رەزامەندی کۆمەڵایەتی.
٢- رەزامەندی لە رێگەی رازیبوون.
٣- رەزامەندی لە رێگەی دەنگدانەوە.
٤- رەزامەندی لە رێگەی فشارەوە.

بەڵام رەزامەندی کۆمەڵایەتی روونادات تەنیا لە نێو هەندێ لە دەستە تایبەتییەکان نەبێت، هەروەك زۆرجار لە نێو جەماوەری زانایاندا روودەدات، بەرەو دۆزینەوەیەکی دیاریکراو یان داهێنانێکی نوێ یاخود وەك رێککەوتنی ئەندامانی هۆزێك لەسەر بابەتێك کە تایبەتە بەخۆیان، ئەمەش لەبەر بچووکی قەبارەی کۆمەڵگە خێڵەکییەکە. ئەم پلەیەش لە رای گشتی بەدەگمەن لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان روودەدات، لەبەر تێربوونی راو بیرۆکەکان و زۆریی دانیشتوان.

لە رای گشتی لە رێگەی رازیبوونەوەش، هەر تیمێك دەستبەرداری بەشێك لە رای خۆی دەبێت بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو لەگەڵ ئەوەی بەتەواوی پێیوایە رایەکەی دروستە، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە یەك راو، چارەسەر ئەم بابەتە بەهەر شێوەیەك بێت، هەروەك لە کاروبارە ئابوورییەکاندا روودەدات.

رای گشتی لە رێگەی دەنگدانیشەوە، رای زۆرینەی باوە، ئەم پلەیەش لەرای گشتی چەپاندنی رای شاراوەی بەرهەڵستکاری لێدەکەوێتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیری کۆمەڵگە.

لەوانەیە رای گشتی لە ڕێگەی فشاریشەوە بێت، وەك ئەوەی سەرکردەی کۆمەڵێك فشار دەخاتە سەر ئەندامانی کۆمەڵەکەی و ناچاریان دەکات بە پەسەندکردنی رایەکی دیاریکراو، ئەم پلەیەش کەمترین پلەکانی رای گشتی هەمیشە و، ئەم جۆرە بە رایەکی گشتی بەمانا دروستەکەی دانانرێت، چونکە لەسەر بنەمای چەپاندن و فشار بونیات نراوە، نەك لەسەر ئازادی بیرورا.

### هەندێکی دیکەش رای گشتی بەجۆرە دابەش دەکات:

**١- رای ئاشکرا × رای شاراوە.**

**٢- رای گشتی چەسپاو × رای گشتی گۆڕاو**

رای گشتی ئاشکرا بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵێك لە خەڵکە لە ئاراستە و رایەکانیان، بەرامبەر کێشەیەك بەشێوەیەکی روون بەجۆرێك ئازادی دەستەبەرەو خەڵك ناترسن رای خۆیان بە ڕاشکاوی دەربڕن. رای گشتی شاراوەش پێچەوانەی یەکەمە، واتە رای گشتی دەرنەبڕاوە، چونکە تاکەکانی کۆمەڵەکە دەترسن رای خۆیان و ئاراستەکانیان دەربڕن، چونکە لە دژی یاسا یان پێوەرە کۆمەڵایەتییە باوەکانە.

رای گشتی چەسپاویش لە دابونەریتەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام گۆڕاو ئەوەیە کە لە ئەنجامی هەڵمەتە ڕیکلامی و برەوپێدەر و راگەیاندنی و پڕوپاگەندەیەکانەوە دروست دەبێت.. بەڵام دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە چەسپاوی و گۆڕان پرسێکی رێژەییە، چونکە لە کاتێکدا دابونەریتەکان بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، بەڵام گۆڕان رۆڵێکی گرنگی دەبێت. هەروەها رای گشتی لەسەر بنەمای هەڵمەتەکانی رێکلام و برەوپێدان دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر بە چەسپاوی بمێنێتەوە. بە بەدەوامی هەڵمەتە ئاراستەکراوەکان بۆ تاکەکان.



### پێنجەم: رای گشتی و پرۆسەی میدیایی:

مەبەست لێرەدا بەدەستنیشانکردنی رای گشتی بۆ شێوەی پرۆسەی گەیاندنی میدیایی، لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان رای گشتی و شێوەی پرۆسەی میدیاییە و، بۆ ئەوەی لەمە بزانین ئەوا پەیوەندی نێوان رای گشتی و پرۆسەی گەیاندن بە شێوەیەکی گشتی دەزانین، لە پاشان لە گرنگی رای گشتی لە دیاریکردنی شێوەی پەیامە میدیاییەکە دەناسین و، دواجار رۆڵی رای گشتی لەدیاریکردنی ئامرازی گونجاوی میدیایی بۆ هەر جەماوەرێك و، بۆ هەر کاتێك لە کاتەکان و، لە هەر شوێنێك لە شوێنەکان.

رای گشتی رۆڵێکی ترسناك دەبینێت لە ناوبژیوانی لە پرۆسەی میدیاییدا لە رووی شێوە و ناوەڕۆکەوەو، دواتر رووبەڕووی پەیوەندی نێوان رای گشتی و شێوەی پرۆسەی میدیایی دەبینەوە، لە پاشان پەیوەندی نێوان رای گشتی و ناوەڕۆکی پرۆسە میدیاییەکەمان بۆ دەردەکەوێت، واتە چۆنێتی کاریگەریەکەی و، مەودای کۆنترۆڵییەکەی لەدیاریکردن و ئاراستەکردنی سیاسەتی میدیایی لە کۆمەڵگەدا.

بۆ ئەوەی پەیوەندی رای گشتی بەشێوەی پرۆسەی میدیایی بزانین، دەبێت لە سەرەتادا رووبەڕووی پەیوەندییەکەی ببینەوە بە پرۆسەی گەیاندنییەوە، ئاشکرایە گەیاندن فراوانترە یان گشتگیرترە لە راگەیاندن، چونکە راگەیاندن تەنیا شێوەیەکە لە شێوەکانی گەیاندن، یان یەکێك لە پرۆسەکانی، چونکە گەیاندن چەمکێکی فراوانترە، کە بە گەیاندنی خودی دەستپێدەکات، کە بنەمایە لەهەر پرۆسەیەکی گەیاندنی میدیایی یان نامیدیایی و، لەوانەیە هەندێك گەیاندنی خودی فەرامۆش کردبێ یان وایان بینیبێت کە گرنگ نییە، کە پرۆسەی دەرککردن و تێگەیشتن و داڕشتنەوەی بیرۆکەکانە، بەڵام ئەم پرۆسەیە سەرەتاکەیە، چونکە مرۆڤ پەیوەندی بە خەڵکی دیکەوە ناکات ئەگەر ئەو دەستی بە گەیاندن کرد، مەگەر لە دوای بیرکردنەوە نەبێت، هەروەها تێناگات کە کێ پەیوەندی پێوە دەکات مەگەر دوای

بیرکردنەوە نەبێت، لە دوای ئەمە گەیاندنی کەسیی یان کۆمەڵیی دێت، لە پاشان گەیاندنی جەماوەری کە وێنەیەکی بەرچاوی راگەیاندنە و، دەبێت دووپاتی بکەینەوە کە دەستبەرداری گەیاندنی خودی و کەسیی و کۆمەڵی نابینەوە، هەریەك لەو جۆرانە لە خزمەتی جۆرەکەی تر دەبێت.

بەڵام گەیاندن وەك چەمکێکی گشتی بریتییە لە پرۆسەی تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، یان تەنانەت لە نێوان مرۆڤەکان و بوونەوەرەکانی دیکە، بە هەر ئامرازێك لە ئامرازەکان جا زمان یان هێما یاخود جووڵە، یان رووناکی یان ئامرازی دیکە بێت، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێکی گشتی یان تایبەتی، بۆیە دەست پێدەکەین لە ناسینی پەیوەندی نێوان رای گشتی و پرۆسەی گەیاندنی بەشێوەیەکی گشتی:

## ١- پەیوەندی نێوان رای گشتی و پرۆسەی گەیاندنی گشتی:

پرۆسەی گەیاندنی میدیایی رەگەزەکانی لەم دەربڕینە وتراوە پوخت دەکرێتەوە "کێ، چی دەڵێت، بۆ کێ و، بە چ ئامرازێك و، کاریگەرییەکەی چییە؟" لێکدانەوەی ئەم بنەمایانەش بریتییە لە: نێرەر، پەیام، ئامراز، وەرگر، لە پاشان ئەو کاردانەوەیەی کە لە کاریگەرییەکەوە بەرهەم دێ کە بازنەی گەیاندنەکە تەواو دەکات.

بەبڕی رووداني گونجاوی لە نێوان ئەم پێنج بنەمایەی پرۆسەی گەیاندن، بەشێوەیەکی گشتی و، میدیایی بەشێوەیەکی تایبەتی، بەبڕی روودانی وەدیهێنانی ئامانجەکە لە گەیاندندا، لەبەرئەوەی هەر گەیاندنێك پێویستە ئامانجێکی هەبێت، ئەگەرنا لەسەرەتاوە دەستی پێنەدەکرد و، ئەگەر دەست پێ بکات پاڵنەرێك نەبووە بۆ بەردەوامی لە ئەنجامدانی پرۆسە میدیاییەکە و، ئەگەر ئەوە روویدا پاڵنەرێك نەبووە بۆ پرۆسەی وەرگرتن.

مانای روودانی گونجاویی لە نێوان بنەماکانی پرۆسەی گەیاندندا، تێگەیشتنی نێرەرە بۆ ئامانجەکەی لە ئەنجامدانی گەیاندنەکە، دواتر تێگەیشتنی پەیامەکەی و، بۆ ئامرازە گونجاوەکەی پەیامەکە و، ئەوەی گونجاوە بۆی وەك پەیامنێرێك لە رووی



توانای بەکارهێنانی روون، ئەگەر نموونەییتر نەبێت، لە پاشان مەودای گونجاویی نێوان پەیامەکە و ئامرازەکە و جەماوەر و، ئەگەر ئەم چوار رەگەزانە هەموویان گونجان پێکەوە، ئەمە دەبێتە هۆی کاریگەربوون، دواجار کاردانەوەی دەبێت کە وادەکات وەرگر ببێتە نێرەرو، نێرەریش ببێت وەرگر بەمەش رەوڕەوەی گەیاندن لە خوولانەوە بەردەوام دەبێت.

پێویستە لێرەدا لەسەر دوو راستی گرنگ هەڵوەستە بکەین:

**یەکەم:** ناکرێ گونجاویی لە نێوان رەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندنی بەرێژەی ١٠٠٪ روویدات.

**دووەم:** هەروەها ناکرێت روودانی وەڵامدانەوە بەرێژەی ١٠٠٪ بەتەواوی نەبێت.

بەڵام روونەدانی گونجاویی بەتەواوی، لەبەرئەوەیە ئەم رەگەزە پەیوەستانەی پرۆسەی گەیاندن بارودۆخ و توخمی دیکە دێتە ناوییەوە کە تایبەتمەندە بە دەروونی مرۆیی، یان درککردنی شتەکان، یاخود پرۆسەکانی گەیاندن و داڕشتنی بیرۆکەکان و وەرگرتنی.

ئەم پرۆسانەش بەزۆر لە شتە ئاڵۆز و تێکچڕاوەکان پەیوەستە، کە لە راڤەکردن و زانینی رەهەندەکانی، زۆر لە زانستەکانی دیکە وەك کۆمەڵایەتی و دەرونزانی و بۆ ماوەزانی و، لێکۆڵینەوەی رەگەزەکان و شتی لەو شێوەیە دێتە ناویەوەو، ناکرێت بچینە قووڵایی دوای هەر نێرەر یان وەرگرێکەوە، بۆ زانینی ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر دەروونی یاخود کۆنترۆڵی عەقڵییەتی دەکات یان ئاست و چۆنێتی دەرککردن و تێگەیشتنی بۆ شتەکان، بۆ ئەوەی بتوانین رابوەستین لەسەر چۆنێتی تێگەیشتنی هەموو پەیامنێرەکان، بۆ ئەوەی ئەو پەیامە میدیاییانە دابڕێژینەوە کە لەگەڵ جەماوەر و لەگەڵ ئامرازەکان دەگونجێت و، ئەو ئامرازانەی کە پەیامەکە و لەگەڵ جەماوەر دەگونجێت.

لەلایەکیترەوە ئەمە مانای نەبوونی ئیجتیهاد نییە لە ناسینی ئەو شتانە و رەچاوکردنیان ئەگەرچی بە بڕ یان رێژەیەکی دیاریکراو بێت، بەڵکو پێویستە هێڵە پانەکان یان خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانی و کاتەکانی کۆبوونەوەیان

باشترین بینین لایان بەگشتی بزانن، بەڵام بەتیر و تەسەلی ئەوا دەوەستێتە سەر میزاجی هەر تاکێك، ئەمەش شتێکە هەندێجار مەحاڵە لەسەر هەمان کەس لێی تێبگەیت، چونکە زۆر کەس دەزانن کە تەنگاون، یان هەندێجار نیگەرانی و تەنگاوی خۆیان دەردەبڕن، بەڵام ناتوانن هۆکاری ئەمە بزانن.

ئەمەش مانای وایە کە دەکرێت گونجاویی رووبدات لە نێوان رەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندنی، بەڵام بەڕێژەیەکی دیاریکراو، نەك ١٠٠٪، هەروەها نەك ٠٪، چونکە ئەمە هەروەك وتمان روونادات لەبەر پەیوەستبوونی بە دەروونی مرۆیی لە زۆر لایەنەکانییەوە، دەروونی مرۆییش ناکرێت کۆبکرێتەوەو بکرێت یان یاسایەکی بۆ دابنرێت تا بەتەواوی کۆنترۆڵی بکات، هەروەك لە ماددییەکاندا روودادات، پرۆسەی گونجاویی ٥٠ نابێت، چونکە ئەگەر پلەیەکی دیاریکراو لە گونجاوی نەبێت لە رووی پرەنسیپەوە پرۆسەی گەیاندن دەستی پێنەدەکرد و بەردەوام نەدەبوو، ئەم برە لە گونجاوی کە پرۆسەی گەیاندن پێی دەستپێدەکات، لەوانەیە لە ئەنجامی بارودۆخی دەرەوە بێت، یان بۆ بوونی لە شوێنێکدا، یان بوونی هەمان ئامانج یاخود شتێکی لەو شێوەیە کە ببێتە هۆی بوونی رێژەیەك لە کاریگەری.

بەبڕی روودانی رێژەی گونجاوی لەنێوان بنەماکانی پرۆسەی گەیاندن، بە بڕی روودانی کاریگەری، بەبڕی روودانی وەڵامدانەوە یان کاردانەوە، بۆ نموونە ئەگەر گونجاویی لەنێوان بنەماکانی پرۆسەی میدیایی بە پلەیەك یان رێژەی ٣٠٪ وەڵامدانەوە بەهەمان رێژە ٣٠٪ دەبێت، بەمشێوەیەش رێژەی وەڵامدانەوەو کەم دەبێت زیاد دەبێت لەسەر بنەمای روودانی گونجاویی لە نێوان بنەماکانی پرۆسەی گەیاندنیی میدیایی و، تێگەیشتنی نێرەر و وەرگر بۆ یەکتر و بۆ پەیام و ئامرازەکە.

لێرەدا دەبینین کە رای گشتی رۆڵێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەی روودانی ئەم گونجاوبوونە، چونکە زانینی رای گشتی باو بەرامبەر هەر پرسێك لە پرسەکان دەبێتە هۆی زیادکردنی ناوەڕۆکی میدیایی کە نێرەر بەپێی ئەوەی دایدەڕێژێتەوەو، بۆ



دیاریکردنی ئامرازی شیاو یان گونجاو بۆ پەیامەکەو، دەبێتە هۆی زانینی جەماوەر بە رایەکەی، ئەرێنی یان نەرێنی، یان تووڕە یاخود نارەزا یان لەبارەی پرسێکەوەو، ئەمەش شێوەی پەیامەکە و، شێوەی هەردوو ئامرازی گونجاو بۆ رای گشتی باو لای جەماوەرو، گونجاو بۆ هەردووکیان (پەیام و ئامرازەکە) بۆ جەماوەر لە هەمانکاتدا، ئەم لەلای خۆیەوە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسەی گەیاندنی میدیایی.

٢- رای گشتی شێوەی پەیامە میدیایەکە دەستنیشان دەکات:

پەیامی میدیایی بەجیاوازی بەکارهێنانی هەڵوێست تیایدا دەگۆڕێت، کاتێك لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا دەدوێی پەیامە میدیاییەکە وشە و داتاکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەبن و، رای گشتی رۆڵێکی دەبێت لەمەدا. کاتێکییش پەیامە میدیاییەکە شێوەی گەیاندن لە رێگەی پەیامە چاپکراوەکانەوە لەخۆدەگرێت، ئەوا چەندین شێوەی هەیە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان پێی بڵاو دەبێتەوەو، جۆراوجۆرە لە هەواڵەوە بۆ لێدوان و بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی و بۆ راپۆرت و بۆ لێکدانەوەو راڤەکردن و بۆ وتار و بۆ هونەر رۆژنامەنووسییەکانی تری نووسراو و وێنەدار، رای گشتیش رۆڵی هەیە لەم دەستنیشانکردنە.

لە پەیامی میدیایی بیستراوو بینراودا، رای گشتی هەروەها رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی شێوەکەی و قەبارەکەی و کاتی پەخشکردنی و، چۆنێتی وێنەگرتنی و، ئەوەی پەیوەندیدارە پێی لە کۆنگرەکان یان مۆنتاژ یاخود دۆبلاژ و شتی دیکە.

### أ/ رای گشتی و پەیامی زارەکی میدیایی:

پەیامی زارەکی میدیایی لە شێوە سادەکانی راگەیاندندا بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە راگەیاندن مۆرکێکی جەماوەری لەخۆگرتووەو، ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن بەکاردەهێنرێت، هەروەها هەموو نوێیەك بەکاردەهێنرێت وادەکات ناوەڕۆکی میدیایی بگاتە گەورەترین بڕ لە جەماوەری وەرگر، لە هەموو شوێنێکدا.

لــە شــێوەکانی گەیانــدنی زارەکــی لــە بــواری راگەیاندنــدا تــەنیا کــۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان ماوەتەوە، کە ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ سەرچاوەیەکدا کۆدەبنەوە بۆ گوێگرتن لــەوەی رایدەگەیــەنێت، پاشــان تــاوتوێکردنی لەگــەڵیا، یــان پرســیارلێکردنی لەبارەی بابەتێك یان پرسێکی دیاریکراو، بۆ تیشکخستنەسەری، یان بەدواداچوونی ئامێرێك یاخود بەرهەمێکی نوێ، یان شتی لەو شێوەیە.

ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیانە بە یەکێك لە جۆرەکانی راگەیاندن دادەنرێت کە زۆر کەس هەست بە گرنگییەکەی ناکەن، چونکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆیان دەگوازرێتەوە، لەگەڵ تەرکیزکردنە سەر ئەو فۆرمە هونەرییەی کە تیایدا دەگوازرێتەوە لە رووی شێوە لەلایەك و، لەسەر ناوەڕۆکی ڕێتێچوو لەلایەکیترەوە، سەرەڕای ئەمە ئەوە شێوەی گرنگی راگەیاندنە کە کاریگەری لەسەر رای گشتی هەیە، هەروەها رای گشتی کاریگەریشی لەسەر هەیە.

ئەگەر ئەم کۆنگرانە رای گشتی بە راستی هەڵوێستێکی دیاریکراو یان پرسێکی دیاریکراو بەرچاوڕوون دەکات، یان تیشك دەخاتە سەر یاخود پاساو دەهێنێتەوە یان لێکدانەوەو راڤە بۆ شتێکی دیاریکراو دەکات، ئەوا بەمشێوەیە لەوانەیە ئاراستەی رای گشتی بگۆڕێت، یان دووبارە دایبڕێژێتەوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاری تێ بکات.

هەروەها کاریگەری رای گشتی لەسەر دیاریکردنی شێوەی پەیامی زارەکی میدیایی ناشاردرێتەوە، لە کاتی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان یان پێشکەشکردنی داتا و گوتارەکان، ئەو دیمەنەی کە رای گشتی پێی خۆی دەردەبڕێ ئەرێنی بێت یان نەرێنی، مەودا یان چۆنێتی پێشکەشکردنی داتاکەو، ڕێگەکەی و، شێوەکەی لە رووی درێژی و کورتی دیاری دەکات و، لە رووی فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ گفتوگۆ، یان کورتکردنەوەی بابەتەکە بۆ پێشکەشکردنی داتایەکی دیاریکراو.

ئەگەر رای گشتی دەربڕی تووڕەیی جەماوەر بێت ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی دیاریکردنی شێوەی پەیامە زارەکییە میدیایەکە، لە شێوەیەکی سادەکراودا دەربڕی



ئاشکراکردنی تەمومژییە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو، یان پاساوهێنانەوەی رەفتارێکی دیاریکراو، یاخود هەوڵدان بۆ وەستاندنی هەڵوێستەکە یان رازیکردنی جەماوەر، تاکو بتوانرێت سەرنجی رای گشتی رابکێشرێت.

ئەمەش لە بارێکدا جیاوازە ئەگەر رای گشتییەکە دەربڕی رەزامەندی جەماوەر بێت، لێرەدا شێوەی پەیامە زارەکییە میدیاییەکە لە شێوەیەکی پرشنگدارتر پێشکەش دەکرێت، هەروەها دەرفەت دەڕەخسێت بۆ گفتوگۆکردن و تیشك خستنەسەر لایەنە جیاوازو جۆراوجۆرەکان، بۆ پێشکەشکردن و باسکردنی تێڕوانینەکان، هەروەها ئەمە لەلای خۆیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بچینە نێو زۆر لەو بابەتانەی کە پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسان بۆ سەرچاوەکە دەیوروژێنێت، دواجار سەرچاوەکە باشتر وەڵام دەداتەوەو پەسەندی دەکات.

ئەمەش روونی دەکاتەوە کە رای گشتی ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە شێوەی پەیامە زارەکییە میدیاییەکە، کە هەرچەندە لە ماناکەی سادە بێت، بەڵام ڕۆڵێکی هەیە ناکرێت فەرامۆش بکرێت.

## ب/ رای گشتی و پەیامی میدیایی جەماوەری:

پەیامی میدیایی جەماوەری جۆراوجۆرەو لە پەیامی چاپکراو بۆ پەیامی بیستراو و بۆ بینراو جیاوازە و، هەر ئامرازێك ئەو پەیامە بەکاردەهێنێت کە لەلایەکەوە بۆی دەگونجێت، هەروەها هەر پەیامێك لەلای خۆیەوە ئەو ئامرازە کۆنترۆڵ دەکات کە بۆی دەگونجێت لەلایەکیترەوەو، دەبێت لە نێوان ئامرازەکە و جەماوەر تا رادەیەك گونجان هەبێت.

رای گشتی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە پەیامی میدیایی جەماوەری، لە رووی دیاریکردنی شێوە و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی، لێرەدا قسە لەبارەی گرنگییەکەی لە دیاریکردنی فۆرمەکە دەکەین.

ئەگەر زۆر هۆکار هەبن کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە دروستکردنی رای گشتی و، لەو هۆکارانە راگەیاندن و پڕوپاگەندە بێت، ئەوا رای گشتی بەتەنیا

کاریگەر نابێت بەهۆکارە پێکهێنەرەکانی، بەڵکو کاریگەری لە خۆیشی دەکات و، ئەم هۆکارانەی پێکهێنەری رای گشتی و، لەوانەیە راگەیاندن، بەجیاواز لە کۆمەڵگە کار ناکات و، هەر هۆکارێك لەو هۆکارانە شایانی بابەخپێدانی توێژەرانە و، لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکەی لەسەر هەریەك لە کۆمەڵگەی ناوخۆیی یان نەتەوەیی یاخود نێودەوڵەتی، یان جۆرەکانی تری رای گشتی کە روبەڕووی دەبێتەوە.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی رای گشتی لە دەستنیشانکردنی شێوەی پەیامە میدیاییەکە و مەودای تێگەیشتنی وەرگر بۆی، وەرگر مەیلی تەنیا بەلای ئەو شێوە گەیاندنە میدیاییەیە کە لەگەڵ ئارەزووەکانیدا دەگونجێت و، لێرەدا گرنگی لێکۆڵینەوەکانی کاتە باشەکان دەرکەوتن بۆ گوێگرتن و، زانینی ئەو رەنگانەی کە زۆر سەرنجڕاکێشن لای بینەران و، وەستان لەسەر لێکۆڵینەوە دەروونییەکانی تایبەت بە خوێندنەوە و ئاراستەی چاوو، ئاسوودەترین بارودۆخەکانی خوێنەر، ئەو تیۆرانەی کە هەموو بنەمایەکی وێنەکێشانی شێوە گەیاندنەکان لەسەری بونیات دەنرێت، جا چاپکراو بێت، کە خۆی لە پرۆسەکانی دەرهێنانی رۆژنامەوانی و وێنەکێشانی ماکێتەکان دەبینێتەوە، یان بیستراو کە خۆی لە کاریگەرییە دەنگییەکان و هەڵبژاردنی مۆسیقا و رێگەکان و چۆنێتی راپەڕاندنەکە و شتی لەو شێوەیە دەبینێتەوە، یان بینراو کە خۆی لە هەڵبژاردنی بینەر و رەنگەکان و دەرهێنان و دیکۆر و رووناکی و، رێگە هونەرییە جیاوازەکان لە هەڵبژاردنی گرتە گەورەکراو یان لاتەنیشتی یاخود پشتەوەکان دەبەستێ، یاخود تێکەڵکردنی وێنەکان لەگەڵ یەکتر. یان پێکەوەبەستنی زیاتر لە یەك وێنە بۆئەوەی باکگراوەندێك پیشان بدات بۆ تەرکیزکردن لەسەر دیمەنێك لەئێستادا یان وەبیرهێنانەوەی دیمەنێك لە رابردوودا، یاخود ئاماژەدان بە شتێك لە داهاتوودا، هەموو ئەوەی لەوە روودەدات، لە پرۆسەی هونەری داهێنانکاری پێشکەوتوو و هەمیشە نوێکراو، ئەم پێشکەوتن و نوێبوونەوەیە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی



جەماوەر و ئاراستەکانی و رایەکانی دروست دەبێت، ئەمەش نیشانەی گرنگی رای گشتییە لە دیاریکردنی شێوەی پەیامە میدیاییە جەماوەرییەکە.

بەشێوەیەکی گشتی پێویستە بەهای رای گشتی لەبەرچاو بگیرێت لە دیاریکردنی شێوەکانی گەیاندنی میدیایی و لە کاتی دانانی بنەماکانی تایبەت بەوەو، نەخشەکێشانی بەرنامەکان و، پلاندانان بۆ ئێزگەکان و رۆژنامەکان، یان پلاندانانی میدیایی بەشێوەیەکی گشتی، چونکە دانپیانان بەگرنگی رای گشتی، بەڵگەی بایەخدانە بە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان.

لە مەیاندا هەندێ لە راگەیاندنکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوانەی دان بە را نانێن و، بەتوانای جەماوەر لە دروستکردنی رای گشتی دان نانێن بە پیاوی شەقام و جەماوەری میللی و، بەوەی جەماوەر و تاکەکان بڕێك لە زیرەکییان تێدایە بەجۆرێك دەتوانن هەڵوێستی بەئاگایانە و بەسوودیان هەبێت بەرامبەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

(ولیەم ریفرز) لەو کەسانە بوو کە هۆشدارییان دا بەوەی ناوی دەبرد بە روبەڕوبوونەوەی بە هەڵبژاردە و هەڵبژاردنی دەستەبژێری لە پرۆسەی میدیاییدا.

(ریفرز) ئاماژەی دا بەگرنگی رای مرۆڤ لە رووبەڕووبوونەوەی شێوەکانی گەیاندنی میدیایی و وەرگرتنی و، ئەگەر رای تاك بەشێوەیەك لە شێوەکان بەوە کۆنترۆڵە، ئەوا رای گشتی گرنگییەکی گەورەی هەیە لە رەچاوکردنی ئەو شێوەیەی کە پێویستە ناوەڕۆکە میدیاییەکەی پێ بخرێتەڕوو، لە رێگەی ئامرازەکانی میدیای جەماوەرییەوە.

(ریفرز) وای دەبینێت مرۆڤ لە کاتی رووبەڕوبوونەوەی ئەو زانیارییە نوێیانەی کە رووبەڕووی دەکرێتەوە، بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێت، قۆناغی یەکەم رووبەڕووبوونەوەی بەهەڵبژاردە. لە قۆناغی رووبەڕووبوونەوەی بە هەڵبژاردەدا تاك لەمیانەیدا بیرکردنەوەکانی دەگونجێنێت لەگەڵ ئەوەی بتوانێت ئەو زانیاریانە رەت بکاتەوە کە ناگونجێت لەگەڵ تێڕوانینەکەی بۆ ژیان و، زۆرجار دووپات بۆتەوە، هەروەها لە رێگەی

هەندێ توێژینەوەی مەیدانییەوە، کەوا تاك لەوانەیە بیرکردنەوەی تەنیا رووبەڕووی ئەو زانیارییانە بکاتەوە کە پاڵپشتی بۆچوونەکانی دەکات و لەگەڵیدا ناکۆك نییە و، لە قۆناغی درککردنی دەستەبژێری تاك مەیلی بەلای درککردنی ئەو شتەیە کە حەز دەکات بە راستی درکی پێ بکات، لەوە مادده راگەیاندنانەی کە بەرەوڕووی دەکرێتەوەو، هەندێ لە دەروونناسان دووپاتیان کردۆتەوە کە ئەم پرۆسەی درککردنە دەستەبژێرییە راستییەکی چەسپاوە. لە قۆناغی سێیەمدا کە قۆناغ یان پرۆسەی بەندکردنی بەهەڵبژاردە، دەبینین کە زۆربەی خەڵك ئەو مادده راگەیاندنانەیان وەبیر دێتەوە کە پاڵپشتی تێڕوانینەکانیان دەکات، لە هەمانکاتدا کە هەوڵدەدەن تیایدا ئەو زانیارییانە لە بیر بکەن کە لەگەڵ رایەکانیان ناکۆکە.

پرۆسەکانی رووبەڕوبوونەوەی بەهەڵبژاردەو درککردنی دەستەبژێری بە شێوەی مادده راگەیاندنەکە پەیوەستە، جا چاپکراو بێت یان بیستراو یاخود بینراو، کەچی قۆناغی دوایین کە قۆناغی بەنکردنی بە هەڵبژاردەیە بە ناوەڕۆکی میدیایی مادده میدیاییەکە پەیوەستە، لەبەرئەوەی رووبەڕوبوونەوە و درککردن دوو قۆناغن لە سەرەتا روودەدەن لەوکاتەی چاوی مرۆڤ دەکەوێتە سەر مادده راگەیاندنەکە، یان گوێی دەیبیستێ، ئەمەش لە رێگەی شێوەوە دەبێت، چونکە خەیاڵ خێراترە لە وەرگرتنی وێنە یان مۆسیقا یاخود هێما، زیاتر وەك لە وشە یان ناوەڕۆکی نووسراو، ئەمەش بەڵگەی گرنگی رەچاوکردنی رای گشتییە لە کاتی دیاریکردنی شێوەکانی گەیاندنی جەماوەری، لە رووی شێوە پێش ناوەڕۆك، بۆ ئەوەی لەگەڵ بیرۆکەکانی تاك بگونجێت، بۆیە رووبەڕووی دەبێتەوەو پاشان درکی پێدەکات، بەلام بەنکردن لەدوای رووبەڕووبوونەوە و درککردن و بیرکردنەوە دەبێت، لەپاشان تاك لە یادەوەری خۆیدا دەیپارێزێت بەوەی لەگەڵ ئاراستەکانیدا بگونجێت.

دکتۆر ئیبراهیم ئیمام وای دەبینێت کە گەیاندنی جەماوەری دوو ئەرك رادەپەڕێنێت: پوختەکردنەوەی راو، پارێزگاری لێکردنی و، روونی دەکاتەوە کە گەیاندنی میدیایی پێویستە تەنیا ئەرکی کاریگەری لەسەر رای گشتی رانەپەڕێنێت،



بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای بناغەیەکی رای گشتی و بایەخدان پێی بێت، کە ئاماژە دەکات بەوەی "گەیاندن سێ رێچکە دەگرێت، یەکەمیان گەیاندنی نزمبوون لەسەرکردەکانەوە بۆ خوارەوە، کە رێنمایی و رێنوێنی و داتاو لێکدانەوەکان و شتی دیکە لە خۆدەگرێت، هەروەها گەیاندنی سەرکەوتوو هەیە لە جەماوەرەوە بۆ سەرکردەکان، کە ئەو تێبینی و سکالاو گوتارانە لەخۆدەگرێت کە رەوتی ئاسۆیی دەنوێنێت، کە لە نێوان دەستەکانی جەماوەردایە لە ئاستە جیاوازەکانی.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم باهۆزانە هەموویان، هەر دەبێت بەتەواوی کارلێك و هەماهەنگی بکەن، کە یارمەتی بەخشە بۆ دروستکردنی رای گشتی و، کاتێك ئامرازەکانی گەیاندن بەهاوکاری لەگەڵ رێکخستنی سیاسی دەکاتەوە، کە دەگاتە نێوان سەرکردەکان و جەماوەر، دووپاتی ئامانجەکانی نەتەوەو بەهاکەی دەکاتەوە، ئەوا کەشوهەواکە ئامادەباش دەکات بۆ پەروەردەکردنی گەل بە شێوەیەکی سیاسی دروست.

لەم روانگەیەوە پرۆسەی گەیاندن، لێرەدا لە دوو لایەن یان دوو قۆناغی لەسەر بنەمای رای گشتی دروست دەبێت کە قۆناغی هەڵکشان و قۆناغی ئاسۆییە، بەلام قۆناغی داکشان ئەوا بایەخ بە ئاراستەکردنی رای گشتی دەدات و، دەبێت ئەمە رووبدات بۆ ناسینەوەی و، ئەنجامدانی ئەم قۆناغە لەو روانگەیەوە.

ئەگەر بچینە سەر بۆ شێوە زۆر باوەکان لە نێو جەماوەردا لە شێوەکانی گەیاندنی جەماوەری، دەبینین رادیوو تەلەفزیۆن و رۆژنامەگەرییە و، ئەم ئامرازە میدیاییە جەماوەرییانە بایەخمەندە بە دیاریکردنی چوارچێوەی شێوە گەیاندنییەکانی بە رای گشتی و ئەوەی پەسەندی دەکات، بایەخدانێك لە کەس ناشاردرێتەوە، دەرهێنانی بەرنامەکان و پرۆسە هونەرییەکانی دیکەی گەلێ و، شێوە دارِژتنەوە و فۆرمە رۆژنامەگەرییەکان و، ئەوەی هەوڵی تیا دەدرێت بۆ رەچاوکردنی رای گشتی و، بە کاریگەری لەوەوە، هەموویان لە دڵ خەبەردانی ئەوەی ئەوەیە کە پێی باشە و پەسەندی دەکات.

بەڵام ئامرازە باوەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو، کە ڕادیۆو تەلەفزیۆنە، پەیامە میدیاییەکانی بەجیاوازی ناوەڕۆك و جۆراوجۆریان ئەوا شێوەی سەرنجڕاکێش و کاریگەر وەردەگرن، کە ئاستێکی بەرزی شیان و ڕاپەڕاندنی هەبێت، کە پەیامی نوێ و پێشکەوتوو بەکاردەهێنێت، کە بە بەردەوام پێشێل دەکەوێت و دەگۆڕێت، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی تایبەت بە ڕای گشتی و ئەوەی پێی باشە، بەمەش ڕای گشتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە دیاریکردنی شێوە گەیاندنییە میدیاییە بیستراو و بینراوەکان، لەمیانەی سووربوون لەسەر ئەوەی ڕووبەڕووی ببێتەوەو، بۆ ئەوەی درکی پێ بکات و پەسەندی بکات و، بۆ ئەوەی لە یادەوەرییدا بمێنێتەوە، بەمەش کاریگەر دەبێت پێی، لەمەوە گرنگی شێوەی تایبەت بە پەیامە میدیاییەکە لە پاڵ ناوەڕۆك ڕوون دەبێتەوە، هەرچەندە شێوەی گەیاندنە میدیاییە جەماوەرییەکان لەگەڵ سەلیقەکانی ڕای گشتی نەڕوات، ئەوا ڕووبەڕووی نابێتەوە، دواجار تووشی ناوەڕۆکەکەشی نابێت و، پێی کاریگەر نابێت، بەمەش ئەرکە میدیاییەکە نشوست دەهێنێت هەر لە سەرەتایەوە.

ئێزگەی دەنگی و بینراو-هەروەك شارەزای تەلەفزیۆن (مارتین ئاسلین) دەڵێت- سەبارەت بە چەند و چۆن دەتوانن بەلای کەم ببێتە هونەری مەزنی میللی، بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، لەبەرئەوەی ئەو بڕە زۆرەی کەرەستەکە بەرهەمی دەهێنێت و، ئەو ژمارە گەورەیەی لە گەلان کە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، مۆرکێکی هونەری میللی پێ دەبەخشێت لەسەر بنەمای داخوازییەکانی جەماوەر، نەك لەسەر زەوق و سەلیقەی پاڵاوتەی هەڵبژێردراو.

ئەمەش بەڵگەیە بۆ مەودای ڕەچاوکردنی سەلیقەی وەرگرەکان، کە لەسەر لێکۆڵینەوە دووبارەبووەکانیان وەستاوە، بۆ دیاریکردنی شێوەی بەرنامە یان زنجیرە دراماکان، یاخود فۆرمە هونەرییە ئێزگەییەکان، کە ئەو ناوەڕۆکانەی تیا چەسپاوە کە ئێمە دەمانەوێت بگاتە ئەو جەماوەرە، ئەمەش سەرنجڕاکێش دەبێت بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە بەدوایدا بچیت، پاش ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوە تیایەتی و، کارەکانی



بیرکردنەوە تیایدا، کە پاڵ پێوەنەرە بۆ کاریگەریی و دواجار وەڵامدانەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئامانجەکەیە لە ڕاگەیاندندا.

هەمان شت لە ڕۆژنامەگەریدا هەیە، ڕۆژنامەگەری هەروەك هەڵسووڕێنەرانی دەزانن، ئەو لەگەڵ ئەوەی لە ئیزگە بەهەردوو جۆرەکەی بیستراو و بینراو و لە ئامرازەکانی تریش وەك سینەما و شانۆ زۆر کۆنترە، بەڵام بەم ئامرازانە کاریگەر بووە ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت، هەروەها ماددەیەکی خوێنراوە، واتە پێویستە نووسین و خوێندنەوە بزانیت بۆ ئەوەی بتوانیت بیخوێنیتەوە، هەروەها ماددەی نووسراو لەسەر دەروون قورسە وەك لەماددەی بیستراو یان بینراو، ئەمەش لەبەر ئەو جیاکاریانەی کە هەیەتی وەك مانەوەو توانای گەڕانەوە بۆی و، فرەیی دەرفەتی سوولێوەرگرتنی.

لە بەرامبەردا دەبوایە ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان بیانزانیایە کە بەرامبەر هەڵوێستێکی ئاسان نین، ئەویش چۆنێتی ڕاکێشانی خوێنەرو، پارێزگاری کردنە لێی، بۆ ئەوەی گرەنتی بەردەوامی ڕۆژنامەگەرییەکەیان بدەن و جەماوەرەکەیان لە دەست نەدەن، بۆ وەدیهێنانی ئەمە لێکۆڵینەوەکانی ڕای گشتی و سوودوەرگرتن لێیان لەدیاریکردنی شێوەکانی داڕشتنی ڕۆژنامەوانی، بووە باشترین لەلای خوێنەر، کە وادەکات پەیامە ڕۆژنامەنووسییە ڕاگەیاندنییەکە و خوێندنەوەی کاریگەرتر بێت، لێرەوە هونەری ڕۆژنامەوانی پێشکەوت.

ڕۆژنامەگەری دوای ئەوەی یەکێك لە گرنگترین پیشەسازییە گەورەکان، لە پاڵ پەیامەکەیدا، جێی بایەخی ئەو بوو کە بگات بە زۆرترین خوێنەر، لەبەر ئەو تێچوونە زۆرەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە، لە پێناو ئەمەدا پێویستە ڕۆژنامەکە هۆکارەکانی ڕاکێشانی جەماوەر یان خوێنەران بزانێت، ئایا بۆ ئەوەی جەماوەرێکی زۆری خوێنەر ڕابکێشێت دەبێت بە لایەنی هونەری و بابەتی تەرفیهی بدات وەك لە بابەتی جدی.

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە ئەمە بکات، واتە بگاتە گەورەترین ژمارە لە خوێنەران، بێگومان چارەسەری نموونەیی ئەوە نییە کە بایەخ بە لایەنی تەرفیهی لەسەر حسابی

بابەتی جدی بدرێت، بەڵکو چارەسەر بریتییە لە پێشکەشکردنی بابەتی جدی لە شێوەیەکی هونەری سەرنجڕاکێش کە زەوقی جەماوەر رازی بکات، لێرەوە گرنگی هونەری، هونەری دەرهێنانی رۆژنامەنوسی دەرکەوت. هونەری دەرهێنانی رۆژنامەوانی چوار ئامانجی سەرەکی هەیە بریتین لە: بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندراویی، کە توانای رۆژنامەگەرییە بۆ ئەوەی خوێندراو بێت بەئاسانی، بەبێ هیچ ئاستەنگێك و، خستنەڕووی بابەتە جیاوازەکان بە ریگەیەك لەگەڵ گرنگییەکەی یەك بگرێتەوە جا سەبارەت بە قەبارەکەی بێت یان ناونیشانەکانی یاخود رێکخستنی لە بەشەکانی یەك لاپەڕەدا، هەروەها دیزاینکردنی لاپەڕەکان بە شێوازی سەرنجڕاکێش و حەزبزوێن و، وەدیهێنەری مانا ئامانجدارەکان، تا ئەوەی هەمووی بەرێگەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو جێبەجێ بێت کە جیاکەرەوە تایبەت بە رۆژنامەکە بدات و کەسایەتییەکەی پێکبهێنێت و، رووخسارەکەی جیا بکاتەوەو، خوێنەر لە یەکەم ساتەوە بیناسێتەوەو، شتێك لە شێوەی هاوڕێیەتی یان هۆگری لەگەڵیدا دروست بکات، تەنانەت پێی کاریگەر بێت بە بەراورد لەگەڵ رۆژنامەکانیتر و تەنیا ئەمی پێ پەسەند بێت.

بێگومان ئەم ئامانجە تایبەتانە بە دەرهێنانی رۆژنامەگەری وەدی نایەن تەنیا لەسەر بنەمای عەقڵییەتی خوێنەر و دەروونی و رەفتارە بینراوەکەی لە کاتی خوێندنەوەدا نەبێت، لە پاڵ زانینی باشترین کاتەکانی خوێندنەوە و زۆریی یان کەمییەکەی لای جەماوەر، بۆ دیاریکردنی شێوەی بابەتەکان لەڕووی درێژی و کورتی، واتە لە رووی قەبارەوە.

لەمبارەیەوە دکتۆر ئیبراهیم ئیمام دەڵێت: رۆژنامەکان لەسەر پێوانی رای گشتی ریزکراون و، پێوانەکەی و زانینی ئاراستەکانی، بەرەو ئەو بابەتە جیاوازانەی کە بڵاو دەکرێنەوەو، ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت پرۆسەی پێوانی رای گشتی و ئاراستەکانی دووبارە بکرێتەوە، بۆ هەموارکردنی سیاسەتی دەرهێنانی، لەسەر بنەمای ئەوە، زەوقەکانی خوێندنەوە جیاوازن بەپێی تەمەن و دەستە و رۆشنبیرییان، چونکە



رۆژنامەی گەوران لە رۆژنامە ئاراستەکراو بۆ منداڵان جیاوازن و، رۆژنامەی چینی کرێکار لە رۆژنامەی جوتیاران جودایە و، ئەمەش جیاوازی جیاوازە لە رۆژنامەی پزیشکان یان دادوەران یاخود رۆشنبیران، چونکە وێنەی روونکاری و نیگار و نموونە لە رۆژنامەی کرێکار یان جوتیاراندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە رۆژنامەی رۆشنبیران دەکرێت ئەمە کەم رەچاو بکرێت.

هەروەها لەسەر دەرهێنەری رۆژنامەنووسی پێویستە لە نەریتی خوێندراویی خەڵك بکۆڵێتەوە و بزانێت و، لێکۆڵینەوە لەسەر رەنگەکان و کاریگەرییە دەروونییەکە بکات، هەروەها پەیوەستبوونە دەروونییە تایبەتەکان بەو، پێویستیشە بایەخ بە پەیوەندی هەموو ئەو شتانە بدات بە لایەنە فسیۆلۆژییەکان لای خوێنەران.

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە رای گشتی رۆڵێك دەبینێت لە دیاریکردنی شێوەی پەیامە میدیاییەکە، جا لە راگەیاندنی زارەکی بێت یان راگەیاندنی جەماوەری، هەروەها رای گشتی کاریگەری دەکات لەسەر هەڵبژاردنی ئامرازەکانی راگەیاندن و دیاریکردنی ئەو شێوازەی کە لەگەڵ پەیامە دیاریکراوەکە دەگونجێت، بۆ ئەوەی کاریگەری پێویست بێنێتە ئاراوە، بەمەش گرنگی ئامرازەکانی راگەیاندن لە دروستکردنی رای گشتی و پێکهێنانی لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندیە روون دەبێتەوە.

## دەروازەیەك

## بۆ كارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەكان

## پێشەکی

### گرنگی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان:

لـە خەسـڵەتەکانی ژیـانی مرۆیـی لـە ئاسـانییەکەی و ئاڵۆزییەکـەی و لـە سـەرەتاییەکەی و پێشکەوتووەکەی، پێکهێنانی کۆمەڵەی جیاجیایە بۆ دەستبەسەراگرتن بەسەر ئەو ژینگەیەی کـە مرۆڤ تیایدا دەژیت، لەبەر وزەو توانا سنووردارەکەی، مرۆڤ ژیانی سەرەتایی سانا لە نێو ئەندامانی هۆزەکەی بەسەر دەبرد کە پشتی پێ دەبەستیٚ لە پارێزگاری لە خۆی لە دژی هێرشی دوژمنـان و، سەرۆکی هۆز بەرپرس بوو لە بەرێکردنی کاروبارەکانی هۆزەکە و، دابەشکردنی کارەکان لـە نێـوان ئەندامانیدا و، چارەسەرکردنی کێشەکان و، بڕیاردان کە بە خێر بۆ هـەموان بگەڕێتـەوە، بەمـەش ئەو شێوەیە یەك لە شێوەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان رادەپەڕاند.

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە لەگەڵ کۆمەڵدا دەژیت، چونکە ئەو بەسروشتی خۆی شارستانییە و حەز ناکات جیا لەخەڵك بژیت، چونکە کارگێڕی لە چوارچـێوەی پەیوەندییـە گـشتییەکاندا ئامرازێکی گرنگە بۆ رایکردنی کاری کۆمەڵەکە و تـاك بـەرەو ئامانجـەکانی و، هـەروەها گرنگە بۆ رایکردنی کاروباری دامەزراوەکە بەرەو ئامانجەکانی، جا پیـادەکردنی کـارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لەناو دامـەزراوەکـە، جـا گـەورە بێـت یـان بـچووك، بازرگانی یان پیشەسازی، وەرزشی یان سەربازی بێت.

سەرەڕای بوونی کەمێك لەدامەزراوەکان کە سەرکەوتنیان وەدیهێنـاوە بـەبیٚ کـارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی کارا، بەڵام ئەمە مانـای وا نییـە کـە پێـشکەوتنی شارستانی بەبیٚ کۆششی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان روودەدات.

ئەمـەش هەندیٚ گرنگی لێکۆڵینەوەی بابـەتی کـارگێڕی لەچوارچـێوەی پەیوەندییـە گشتییەکان بوو، ئەمەش وای لێکردم ئەم وانە هەڵبژێراوانە بۆ قوتابیانی ئازیز ئامـادە بکەم و، لە خوای گەورە داواکارم سەرکەوتویان بکات.

**هۆشیار مزەفەر عەلی ئەمین**

**زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەدەبیات**

**- بەشی راگەیاندن - ٢٠١٠**



### گرنگـی کـارگێڕی لـە چوارچـێوەی پەیوەندییـە گـشتییەکان لـە کۆمەڵگەدا:

پێـشکەوتنی نەتـەوەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کارگێڕییـەی لـە چوارچـێوەی ئـەو پەیوەندیە گشتیانەی کە تیایدایەتی، کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گـشتییەکاندا بەرپرسە لە سەرکەوتنی رێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگە، چونکە دەتوانێت داهاتە مرۆیی و ماددییەکان بەتوانایەکی بەرز و کاراییەکی زۆر بقۆزێتەوە. چەندین وڵات هـەن کـە داهاتی ماددی و مرۆیی هەیە، بەڵام لەبەر کەمیی شارەزایی کارگێڕی لـە پێگەیـەکی دواکەوتوودا ماونەتەوە.

هەروەها دەکرێت بڵێین: سەرکەوتنی پلانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەدیهێنـان ئامانجـەکان وەدی نایـەت مەگـەر بـە بـاش بـەکارهێنانی داهاتـە فەراهەمبووە ماددی و مرۆییەکان نەبێت. هەروەها سەرکەوتنی پرۆژە جیاوازەکـان لە هەموو چـالاکییە ئـابووری کـشتوکاڵییەکان و پیـشەسازی خزمەتگوزارییـەکان. بێگومان بەکارهێنانی داهاتە فەراهەمبووەکان بەبیٚ زیـادەڕۆیی و کـەموکوڕی لـە بنەمادا دەوەستێتە سەر توانای کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە بوارەکانی چـالاکییە جیاوازەکـان، هـەروەها سـەرکەوتنی پرۆژەکـان و وەدیهێنـانی ئامانجەکانی کە لەپلانی کارەکەیدا روونکراوەتـەوە لەسـەر کفایـەی کارگێڕییەکـەی دەوەسـتێت، لێـرەوە دەبیـنین کـە سـەرکەوتنی پلانـە گەشـەپێدانە ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستە بە ئاستی توانای کارگێڕی لە پرۆژە جیاوازەکـان لـەناو وڵاتـدا. و لەمیانـەی لێـدوان لـە بـارەی گەشـەپێدان و کـارگێڕی لـە چوارچـێوەی پەیوەندیە گشتییەکان ئـەوا وڵاتـە تـازە پێگەیـشتووەکان رووبـەڕووی زۆر کێـشەی کارگێڕی دەبنەوە کە پێویستی بەتواناو شیانی کارگێڕی هەیە بۆ رووبەڕوبوونەوە و بەرەنگاربونـەوەی و چارەسـەرکردنی، تـاوەکو ئامانجـە ویـستراوەکانی گەشـەپێدان وەدی بهێنێت.

## پێناسەی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکاندا:

لە کتێبەکەی (کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکانی کارگە) کە لەساڵی ١٩٣٠ دەرچووە، (فریدریك تایلۆر Fredrick Taylor) دەڵێت: هونەری کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان، زانینی وردە بەوەی دەتەوێت پیاوەکان بیکەن، پاشان دڵنیابوون لەوەی کارەکانیان بەباشترین ڕێگە و کەم تێوونترینیان ئەنجام دەدەن.

بەڵام (هنری فایۆل Henry Fayol) لە کتێبەکەی (کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و پیشەسازیدا) پێیوایە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکاندا پێشبینیکردن و پلاندانان و ڕێکخستن و هەماهەنگی و دەرکردنی بڕیار و چاودێرییە.

بەڵام بەپێی پێناسەی (کۆنتز و ئۆدانۆل)، کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکی جێبەجێکردنی شتەکانە لە ڕێگەی ئەوانی دیکەوە. هەروەها (چیستەر برنارد) لەکتێبەکەی بەناوی (بەڕێوەبەر) وای دادەنێت ئەوەی بەڕێوەبەر لە کارەکان ئەنجامی دەدات لەکاتی ڕاپەراندنی ئەرکەکەدا. بەڵام (کلوفەر) دەڵێت: بریتییە لەو هێزە بیرکەرەوەیەی کە خاوەنێتی و وەسف دەکات و پلان دادەنێت و هان دەدات و هەڵدەسەنگێنێت و چاودێری بەکارهێنانی باشترینی داهاتە مرۆیی و ماددییە پێویستییەکان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و ناسراو.

لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی پێشوو دەکرێ پێناسەی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان وا بکەین کە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە بە مەبەستی ئیستیغلالکردنی داهاتەکان بە شێوەیەکی باشتر، لە ڕێگەی پلاندانان و ئاراستەکردن و چاودێری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە بە توانا و کارایی. ئەگەریش ویستمان ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕەگەزەکانی پێناسەی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بکەین ئەوان:

- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان کردەییە: واتە دەربڕینی کارلێکی سیستەمی کارگێڕییە و، مەبەست لە ژینگەی دەرەکی و ناوخۆیی و داهاتە مرۆیی و ماددییەکان، پلاندانان و ڕێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێرییە.



- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەیەکی بەردەوامە: خەسڵەتی بەردەوامی لەبەرئەوەیە کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکاندا کار دەکات بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی تاك لە کاڵاو خزمەتگوزارییەکان و، لەبەرئەوەی ئەم پێداویستیانە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، بەمەش کاری کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەدرێژایی تەمەنی دامەزراوەکە بەردەوام دەبێت. بەڕێوەبەر لە سەرەتای ژیانی دامەزراوەکە پلان دانانێت و دوایی دەستبەردار ی بێت، بەڵام هەموو کارەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەدرێژایی ژیانی دامەزراوەکە ئەنجام دەدات.
- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە: واتە کۆمەڵە خەڵکێك پێکەوە کار دەکەن لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش.
- ئەو سەرمایانەی کە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات: سەرمایە مرۆیی و ماددییەکان وەك ماددەی خاوو ئامێرەکان و پارە.
- پلاندانان: پێشبینیکردنی داهاتوو و ئامادەباشی بۆی.
- ڕێکخستن: چۆنێتی دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکان و ئەرکەکان بەسەر کارمەندان لە دامەزراوەکەدا.
- چاودێری: دڵنیابوون لەوەی جێبەجێبوونەکە لەسەر بنەمای پلانە دانراوەکە دەڕوات و، ئەگەر لادانێك بەدی کرا دەبێت هەموار بکرێت.
- ئامانج: ئەو مەبەستە ویستراوەیە کە دەبێت پێی بگەیت.
- توانا: گەیشتن بە ئامانجەکە بەکەمترین کۆشش و تێچوون و خێراترین کات.
- کارامەیی: گەیشتن بەباشترین جۆرە لە بەرهەم جا کاڵا بێت یان خزمەتگوزاری.

## کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان هونەرە یان زانست؟

مشتومڕێکی گەورە لە نێوان پیاوانی بیرۆکەی کارگێڕی هەیە لەبارەی سروشتی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان، ئایا زانستە یان هونەرە یاخود زانست و هونەرە پێکەوە؟

- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان زانستە: واتە پشت بە شێوازی زانستی دەبەستێت لە کاتی تێبینیکردنی کێشە کارگێڕییەکان و راڤەکردنی و گەیشتن بەو ئەنجامانەی کە دەکرێت بگشتێنرێ.

- کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان زانستە: واتە بنەما و پرەنسیپ و قوتابخانە و تیۆری خۆی هەیە کە کۆنترۆڵی کاری کارگێڕی کردووە، هەروەها پیادەکردنی ئەم پرەنسیپ و تیۆرانە ئەنجامی دیاریکراوی لێدەکەوێتەوە.

- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان هونەرە: واتە بەڕێوەبەر پێویستی بە شارەزایی و تواناو زیرەکی هەیە لە راپەڕاندنی کارەکەیداو، مامەڵەکردنی لەگەڵ توخمی مرۆیی بۆ هاندانی لەسەر ئامانجە رێکخراوەییەکان، چونکە هەموو ئەوەی زانستی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان خوێند توانای جێبەجێکردنی نییە. هونەری کارگێڕی بریتییە لە توانای جێبەجێکردنی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا.

- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان هونەر و زانستە پێکەوە: لە کۆی هەموو ئەوانەی پێشوو دەکرێت بڵێین کە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان هونەرە و زانستە پێکەوە، چونکە کەسی کارگێڕی دەبێت پشت ببەستێ بەکتێب و تیۆرە کارگێڕییەکان، زێدەباری شارەزایی کرداری زۆر پێویستە.

## ئەو خەسڵەتە کارگێڕییانەی کە دەبێت لە کەسی کارگێڕیدا هەبێت:

١- دەستپاکی و دادپەروەری و دڵسۆزی لە کارەکەدا.
٢- خەسڵەتی عەقڵی و هزریی، واتە بڕێك لە زیرەکی هەبێت.
٣- خەسڵەتی جەستەیی بۆ ئەوەی بەرگەی زەحمەتی کارکردن بگرێت.
٤- خەسڵەتی هونەری واتە شارەزا بێت لەو پسپۆرییەی کە کاری تێدا دەکات.
٥- خەسڵەتی رۆشنبیری بەجۆرێك ئاگادار بێت لە زانستەکانی دیکە.
٦- خەسڵەتی هونەری لە رێگەیەوە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ توخمی مرۆییدا بکات.



## کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکان و زانستەکانی دیکە:

- **کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و زانستی ئابووری:**

ئامانجی زانستی ئابووری سوودبینینە لە سەرمایە مرۆیی و ماددییەکان بەوپەڕی ئاست بۆ تێرکردنی پێداویستییە مرۆییەکان و ئەم ئامانجەش لەگەڵ ئەو ئامانجەدا یەکدەگرێتەوە کە خۆی لە باشترین سوودبینین لە سەرمایەکان دەبینێتەوە. پێویستە کەسی کارگێڕی ئاگادار بێت بە تیۆرەکانی ئابووری تاکو بتوانێت چارەسەری ئەو کێشە ئابوورییانە بکات کە روبەڕووی دەبێتەوە.

- کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و کۆمەڵناسی:

کۆمەڵناسی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەکان دەدات لە رووی دروستبوونی و گەشەپێدان و پێکهێنانی و پێشکەوتنی پەیوەندییەکان تیایدا، پێویستە کەسی کارگێڕی ئاگاداری بنەماکانی کۆمەڵناسی بێت، دامەزراوەکە بەکۆمەڵگەیەکی بچووك دادەنرێت و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی یارمەتی دەدات لە بەڕێوەبردنەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆمەلانەی کە تیایدایە، هەروەها یارمەتی دەدات لە خولقاندنی کەشێکی کۆمەلایەتی کە لەسەر خۆشەویستی و رێزگرتن لە نێو هەموواندا راوەستابێت.

- **کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و دەروونناسی:**

دەروونناسی بایەخ دەدات بە رەفتاری تاك و ئەو هۆکارانەی کە کاری تێدەکەن، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی کارگێڕی لەم زانستە بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هان بدات و پاڵ بنێ و مامەڵە بکات لەگەڵ کارمەندان و مامەڵەکەران لەگەڵ پرۆژەکەدا، ئەمەش بە سوود بۆ دامەزراوەکە دەگەڕێتەوە.

- **کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و زانستە سروشتی و بیرکارییەکان:**

زانستە سروشتییەکان زانستەکانی فیزیا و کیمیا و ئامار و بیرکاری لەخۆدەگرێت و، و، لە رووخسارەکانی پەیوەندی نێوان زانستە سروشتییەکان و زانستی........ کە زانستێکی فیزیایی بیرکاری فیزیایی ئابوورییە یارمەتی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات ئەوەی ناودەبرێت بە

توێژینەوەکانی بەڕێوەبەر دەربکەوێت لە گەیشتن بە بڕیارگەلی ژیرانە، هەروەها یارمەتی زانستی ئامار و تیۆری ئەگەرەکان و نمونە بیرکارییەکان یارمەتی بەڕێوەبەر دەدات لە گەیشتن بە بڕیارە ژیرەکان. هەروەها پێویستە کەسی کارگێڕی ئاگاداری زانستی یاسا بێت بۆ ئەوەی ئاراستەی حکومەت بەرەو پرۆژە ئابوورییەکان بزانێت و بە زانستی سیاسەت و زانستی ئاکار و مێژوو و جوگرافیا بۆ راییکردنی کاروباری دامەزراوەکە.

## بنەماکانی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان:

چەندین قوتابخانە هەیە کە بنەماو پرەنسیپەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان داناوە، گرنگترینیان:

**- قوتابخانەی کلاسیکی لە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان:**

قوتابخانەی کلاسیکی ئەمانە دەگرێتەوە:

- کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکانی زانستی.
- بیرۆکراسییەتی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و، لە بەناوبانگترین زانایانی ئەم قوتابخانەیە: هنری فایۆل، فریدریك تایلۆر، ئۆلیڤەر شیلدۆن، فرانك گلبرت، هنری گانت، لیندل ئەرویك و مۆنی و رایلی.

## پرەنسیپەکانی تایلۆر:

١- سەپاندنی رێگە زانستییەکان لە جیاتی رێگە سەرەتاییەکان کە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و خەملاندن کار دەکات.

٢- هەڵبژاردنی کرێکارەکان و مەشقپێکردنیان بە رێگەیەکی زانستی دروست.

٣- هاوکاریکردنی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ کرێکارەکان بۆ ئەنجامدانی کارە داواکراوەکان لە جیاتی ململانێکردن.



٤- دابەشکردنی دادپەروەرانەی کارکردن لە نێوان کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و کرێکارەکاندا، کە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان کارەکانی پلاندانان و رێکخستنی کار بە ئەستۆ دەگرێت.

٥- جیاکردنەوەی کارەکانی پلاندانان لە کارەکانی جێبەجێکردن بۆ ئەوەی دەرفەت بڕەخسێت بۆ هەر تاکێك ئەرکەکەی خۆی بەباشی ئەنجام بدات.

## ئەو رەخنانەی لە تایلۆر گیران:

بیرۆکەکانی زانا تایلۆر تووشی رەخنەی زۆر بووەوە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- زۆر کەس وایان دانا کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی کرێکارەکان دەگەیەنێت و کەسێتی کرێکار دەسڕێتەوەو وای لێدەکات وەکو ئامێر کار بکات، بەمەش گرنگی کرێکار لەناو دامەزراوەکە کەم دەبێتەوە.

٢- لێکۆڵینەوەی تایلۆر تەنیا لەسەر ئاستی کارگەی بچووك کورت بووەوە.

٣- بیرۆکەکانی تایلۆر بووە هۆی جۆرێك لە جەنگ لەنێوان کرێکارەکان و خاوەنکاراندا.

٤- رێگەکانی هاندان کە پێشنیازی کرد دەبێتە هۆی سزادانی کرێکاری لەسەرخۆو حەزی کرێکار دەبزوێنێت بۆ خۆهیلاککردن بەرامبەر دەسکەوتنی کرێیەك بەبێ رەچاوکردنی لایەنەکانی تەندروستی.

٥- خاوەن کارگەکان بەرهەڵستیان کرد، ئەوانەی وایان بینی کە مافی نوێ دەداتە کرێکارەکان کە شایانی نین.

٦- بیرۆکەکانی تایلۆر تووشی رووبەڕووبوونەوەیەکی توند بووەوە، چونکە بیرۆکە و رێگەی نوێی لە بواری کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندیە گشتییەکان خستەڕوو، کە خاوەن کارگەکان لەسەری رانەهاتوون، بەڵکو رێگە کلاسیکییەکان لە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان وەکو دابونەریتی چەسپاوی نەگۆڕی لێهاتبوو.

## پرەنسیپەکانی فایۆل:

هنری فایۆل بە باوکی راستەقینەی پرەنسیپەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی نوێ دادەنرێت و، فایۆل چالاکییەکانی دامەزراوەی لە کتێبەکەی خۆی (کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و پیشەسازی) دابەشی کرد بۆ شەش کۆمەڵە:

١- چالاکییە هونەرییەکان: بەرهەمهێنان و پیشەسازیکردن.

٢- چالاکییە بازرگانییەکان: کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ.

٣- چالاکییە داراییەکان: گەڕان و بەکارهێنانی باشترینی سەرمایە.

٤- چالاکییەکانی خۆپاراستن و دڵنیایی لە دەزگاکە: پاراستنی کەلوپەل و کەسەکان و پارێزگاری لە سەلامەتییان.

٥- چالاکییە ژمێریارییەکان: تۆمارکردنی ژمێریارییەکان و ئامادەکردنی بودجە و زانینی تێچوونەکان و کاری ئامارەکان لەخۆدەگرێت.

٦- چالاکییە کارگێڕییەکان: پلاندانان و ڕێکخستن و دەرکردنی فەرمان و چاودێری.

فایۆل جەختی لەسەر چالاکی کارگێڕی کردەوەو، روونیکردەوە کە گرنگی چالاکی کارگێڕی لەوەوە هەڵدەقوڵێت کە بە پێشبینییەوە پەیوەستە، هەروەها لە چالاکییەکانی دیکە جیایە. فایۆل لە کتێبەکەی رووبەڕووی سێ بابەتی سەرەکی بۆتەوە، کە بریتین لە:

١- خەسڵەتە کارگێڕییەکان.

٢- پرەنسیپە گشتییەکانی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان.

٣- رەگەزەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان.

خەسڵەتە کارگێڕییەکان:

ئەو خەسڵەتانەیە کە دەبێت لە بەرێوەبەرەکاندا دەستەبەر بێت:

١- خەسڵەتی جەستەیی: تەندروستی و هێز و چالاکی.

٢- خەسڵەتی مێشکیی: توانای تێگەیشتن و وەرگرتن و وەدەستهێنان و باش مامەڵەکردن و بڕیاردان لەسەر شتەکان.



٣- خەسڵەتی خولقاوی: سەرەکی، توندوتۆڵی، ئارەزووکردن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، گوێڕایەڵی و داهێنان و مەترسی.

٤- رۆشنبیری گشتی یان خەسڵەتە پەروەردەییەکان: زانینی ئەو زانیارییانەی کە راستەوخۆ پەیوەست نییە بەو کارەی کە بەڕێوەبەر ئەنجامی دەدات.

٥- خەسڵەتی هونەری: زانینی ئەو زانیاریانەی لەبارەی ئەو ئەرکەن، کە بەڕێوەبەر رایدەپەڕێنێت.

٦- ئەو خەسڵەتانەی کە پەیوەستن بەشارەزاییی، کە خەسڵەتگەلێکن لە ئەنجامی ئەنجامدانی کارەکە دروست دەبێت.

## پرەنسیپەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لای فایۆل:

### ١- پرەنسیپی دابەشکردنی کار:

ئەو خەسڵەتانەی کە پەیوەستن بە شارەزاییی، کە خەسڵەتگەلێکن لە ئەنجامی ئەنجامدانی کارەکە دروست دەبێت.

## پرەنسیپەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لای فایۆل:

### ١- پرەنسیپی دابەشکردنی کار:

ئەو پرەنسیپەیە کە پسپۆڕێتی لەسەری رادەوەستێ، کە ئابووریناسان بەهۆکارێکی سەرەکی دانا بۆ بەرزکردنەوەی توانای کارمەندان. کە دەبێتە هۆی زیادبوونی توانا و متمانەی کارمەند بەخۆی.

**٢- دەسەڵات و بەرپرسیارێتی:**

دەسەڵات و بەرپرسیارێتی پێکەوە بەستراون، چونکە بەرپرسیارێتی شوێنکەوتەی دەسەڵات و لێیەوە دەردەچێت. دەسەڵاتیش تێکەڵەیەکە لە دەسەڵاتی فەرمی وەرگیراو لە سەنتەری بەڕێوەبەر و، دەسەڵاتی کەسیی کە لە زیرەکی و شارەزایی و بەها خولقاوییەکان پێکدێت.

**٣- سیستەم:**

سیستەم بریتییە لە ڕێزگرتنی ڕێککەوتن و ڕێکخستنەکان و پشتگوێ نەخستنی فەرمانەکان، ئەم پرەنسیپەش پێویست بەبوونی سەرۆکی بەئەزموون دەکات لە هەموو ئاستە کارگێڕییەکان.

**٤- یەکەی دەرکردنی فەرمانەکان:**

لێرەدا دەبێت فەرمانەکان لە یەك سەرۆك یان سەرپەرشتیارەوە دەربچێت بۆ ئەوەی ڕێنمایی و فەرمانەکان لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو نەبنەوە.

**٥- پرەنسیپی یەکەی ئاراستەکردن:**

بەپێی ئەم پرەنسیپە هەر کۆمەڵە چالاکییەك هەمان ئامانجی هەیە پێویستە سەر بە یەك سەرۆك بێت، ئەم پرەنسیپە لە پرەنسیپی یەکەی فەرمان دەرکردن جیاوازە بەوەی کە لەسەر پرۆسەکانی دامەزراوەکە و چالاکییەکانی جێبەجێ دەبێت، لە کاتێکدا پرەنسیپی دەرکردنی فەرمان لەسەر تاکەکانی کارمەندان جێبەجێ دەبێت.

**٦- پرەنسیپی ملکەچبوونی بەرژەوەندی کەسییە بۆ بەرژەوەندی گشتی:**

واتە کاتێك بەرژەوەندیی کەسیی تاکی کارمەند ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی، ئەوا دەبێت بەرژەوەندی کەسیی ملکەچی بەرژەوەندی گشتی بێت.

**٧- پرەنسیپی یادداشت و قەرەبوو:**



واتە قەرەبووکردنەوەی کەسەکان بە دادپەروەری جا لە کرێیەکانیان بێت، یان بەکارهێنانی یادداشت، یان لە دابەشکردنی قازانجەکان. ئەمەش ڕەزامەندی کارمەنان و خاوەنکارانی لێدەکەوێتەوە.

**٨- پرەنسپی مەرکەزییەت:**

واتە تەرکیزکردنەوەی دەسەڵات لە کەسێکی دیاریکراو پاشان ڕێپێدانی بەپێی پێویستی بارودۆخ.

**٩- پرەنسیپی پلەبە پلەی دەسەڵات:**

واتە ڕیزبەندکردنی دەسەڵات لە بەرزترین پلە بۆ نزمترینی، بەجۆرێك قەبارەی دەسەڵات کەمتر دەبێتەوە، هەتاکو بەرەو خوارەوەی هەرەمە کارگێڕییەکە چووین، ئەمەش کارێکی پێویستە بۆ دابینکردنی یەکەی دەرکردنی فەرمانەکان لە دامەزراوەکە.

**١٠- پرەنسپی ڕیزبەنکردن و ڕێکخستن:**

واتە شوێنێکی دیاریکراو هەبێت بۆ تۆ، یان شوێنێکی دوور بۆ هەموو کەسێك، هەروەها دەبێت هەموو شتێك و هەموو کەسێك لە شوێنی تایبەتی خۆی بێت.

**١١- پرەنسیپی یەکسانی:**

واتە جیانەکردنەوەی سەرۆکەکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارمەندەکانیان، کە سەرۆکەکان گوێڕایەڵی بەکارهێنەران وەدەست دەهێنن لە ڕێگەی یەکسانی و دادپەروەری.

**١٢- پرەنسیپی سەقامگیری لە کارکردن:**

واتە پارێزگاری لە بەردەوامی کارمەندان ئەوانەی بەرهەمێکی بەرزیان لە دامەزراوەکە بۆ ماوەیەکی درێژ هەیە، چونکە گەڕان بەدوای کارمەندانی نوێ پێویست دەکات بە ماندوبوون و کات و پارە.

**١٣- پرەنسیپی دەستپێشخەری:**

پێویستە لەسەر سەرۆکەکان پرەنسیپی دەستپێشخەری و داهێنان لە نێوان کارمەندان بدۆزێتەوە، یان بەدەربڕینێکیتر پێویستە لەسەر سەرۆکەکان هانی کارمەندانیان بدەن بۆ بیرکردنەوە بەبەردەوامی و داهێنانکاری.

**١٤- هاریکاری:**

واته پێویستی کارکردن به رۆحیەت و له شێوەی بەهاکان، له روانگەی دروشمی یەکێتی هێزە.

## رەگەزەکانی کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لای فایۆل:

له گرنگترین ئەوەی فایۆل نووسیویەتی: (رەگەزەکانی کارگێڕی له چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان) و بە ئەرکەکانی کارگێڕی له چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دایناو، فایۆل وای بینی کە رەگەزەکانی کارگێڕی له چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان پێنج رەگەزە:

**١- پلاندانان:**

مەبەستی فایۆل لە پلاندانان پێشبینیکردن و دانانی پلانە، واتە پلانی کار، دیاریکردنی کات و، ئەنجامی ویستراو و، ئەو شێوازەی کە دەبێت پەیڕەو بکرێت و، هەنگاوەکانی کارکردن و رێگەکانی کارکردن.

زۆرجار پلاندانان بە یەکەمین ئەرکی کارگێڕی له چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دادەنرێت، ئەو بنەمایەیە کە ئەرکە کارگێڕییەکانی تری لەسەر بونیات دەنرێت. پلاندانان پرۆسەیەکی بەردەوامە کە دیاریکردنی رێگەی راییکردنی کارەکان لە خۆدەگرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی وەك: چی دەبێت بیکەین؟ کێ ئەنجامی دەدا؟ له کوێ و کەی و چۆن؟. بەیارمەتی پلاندانان دەکرێت تا رادەیەکی زۆر چالاکییە رێکخراوە پێویستییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان دیاری بکرێت بۆ بەرێوەبەر.

## چەمکی گشتی پلاندانان وەڵامی چوار پرسیار دەداتەوە کە بریتین له:

١- دەمانەوێ چی بکەین؟

٢- ئێمە ئێستا له کوێی ئەم ئامانجەداین.



٣- ئەو هۆکارانە چین کە یارمەتیمان دەدەن یان ئاستەنگمان بۆ دروست دەکەن لەبەردەم جێبەجێکردنی ئامانجەکە؟

٤- ئەو ئەڵتەرناتیڤە فەراهەمبووانە چین لەلامان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکە؟ باشترین ئەڵتەرناتیڤیش چییە؟

لەمیانەی پلاندانان رێگەکانی راییکردنی ئەو کاروبارانە کە تاکەکان و کارگێڕییەکان و دەزگاکە بە گشتی ئەنجامی دەدات بۆ ماوەی رۆژانە و، مانگانە و، تەنانەت ساڵانی داهاتوو.

## پلاندانان ئەم ئەنجامانە وەدی دەهێنێت له رێگەی:

**- دیاریکردنی سەرچاوە داواکراوەکان:**

- دیاریکردنی ژمارەو جۆری ئەو فەرمانبەرانەی (تەکنیککاران، سەرپەرشتیاران، بەرێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان) کە داواکراون.
- پەرەپێدانی بنەمای ژینگەی رێکخستنیی بەپێی ئەو کارانەی کە دەبێت (پەیکەری رێکخستنیی) تەواو بکات.
- دیاریکردنی ئاستە پێوانەییەکان له هەر قۆناغێك، دواتر دەکرێت ئاستی وەدیهێنانی ئامانجەکانمان بپێوین ئەوەی پێمان دەکرێ چاککردنی پێویست له کاتی گونجاودا بکەین.

دەکرێ پلاندانان بەپێی ئامانج لێی یان فراوانییەکەی، بۆ سێ دەستەی جیاواز پۆلێن بکەین:

١- پلاندانانی ستراتیژی: تیایدا ئامانجە گشتییەکانی رێکخراوەکە دەستنیشان دەکرێت.

٢- پلاندانانی تەکنیکی: بە پلەی یەکەم بایەخ دەدات بەجێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی کارگێڕی له چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی ناوەڕاست.

٣- پلاندانانی جێبەجێکاری: جەخت لەسەر پلاندانانی پێویستییەکان دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی بەرپرسیارێتییە دیاریکراوەکان بۆ بەرێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان یان بۆ بەش و کارگێڕییەکان.

## جۆرەکانی پلانداnان:

**١- پلاندانانی ستراتیژی:**

پلانـدانانی سـتراتیژی بایـەخ بـە کاروبـاری گـشتی دەزگاکـە بەگـشتی دەدات. پلاندانانی ستراتیژی دەستپێدەکات و ئاراستە دەکرێت لەلایەن ئاستی کـارگێڕی بـالا، بەڵام هەموو ئاستە کارگێڕییەکان دەبێت بەشداری تیا بکەین بـۆ ئـەوەی کـار بکـات. مەبەستی پلاندانانی ستراتیژی بریتییە لە:

١- دۆزینەوەی پلانێکی گشتی درێژخایەن کە ئەرك و بەرپرسـیارێتی دەزگاکـە بـە گشتی روون بکاتەوە.

٢- دۆزینەوەی بەشداری هەمەجۆری ئاستەکان لە پرۆسە پلاندانانەکەدا.

٣- پەرەپێدانی دەزگاکـە لـە رووی پێکهـاتنی پلانـەکانی و یەکـە لاوەکییـەکان لەگەڵ یەکتر.

**-پلاندانانی تەکتیکی:**

پلانـدانانی تـەکتیکی جـەخت لەسـەر جێبـەجێکردنی چـالاکییە دیاریکراوەکـان دەکاتەوە لە پلانە ستراتیژییەکان. ئەم پلانانە بایەخ دەدات بەوە دەبێت هـەر یەکەیـەك لـە ئاسـتێکی نزمـدا ئـەنجامی بـدات و، چـۆنێتی هەسـتان پێـی و، کـێ بەرپرسـە لـە ئەنجامدانی. پلاندانانی تەکتیکی زۆر پێویستە بۆ جێبەجێکردنی پلاندانانی ستراتیژی. ماوەی زەمەنی ئەم پلانانە کورتترە لـەماوەی پلانـە سـتراتیژییەکان، هـەروەها تـەرکیز دەکاتە سەر چالاکییە نزیکەکان کە دەبێـت ئـەنجام بـدرێن بـۆ وەدیهێنـانی سـتراتیژییە گشتییەکانی دەزگاکە.

**- پلاندانانی جێبەجێکاری:**

بەرێوەبـەری پلانـدانانی جێبـەجێکاری بـەکاردەهێنێت بـۆ ئەنجامـدانی ئـەرك و بەرپرسیارێتییەکانی کارەکەی. دەکرێ جارێك یـان چـەند جارێـك بـەکاربهێنرێت. ئـەو پلانانەی کە یـەك جـار بـەکاردەهێنرێن لەسـەر ئـەو چـالاکیانە جێبـەجێ دەکـرێن کـە دووبـارە دەبنـەوە. پلانـی هاوسـەنگی وەك نموونەیـەك لەسـەر ئـەو پلانانـەی کـە یـەك



بەکارهێنانی هەیە، بەڵام نموونە لەبارەی پلانە بـەکارهێنان بەردەوامـەکان بریتییـە لـە پلانەکانی سیاسەت و رێوشوێنەکان.

**- هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پلانە جێبەجێکارییەکان:**

**هەنگاوی یەکەم:** دانانی ئامانجەکان: دیاریکردنی ئامانجە ئایندەییەکان.

**هەنگاوی دووەم:** شـیکردنەوە و هەڵـسەنگاندنی ژینگەکـە: شـیکردنەوەی رەوشـی هەنووکەیی و داهاتی دەستەبەر بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان.

**هـــەنگاوی ســـێیەم:** دیـاریکردنی ئەڵتەرناتیڤـەکان: دروسـتکردنی لیـستێك لـە ئەگەرەکان بۆ راییکردنی ئەو چالاکییانەی کە بەرەو ئامانجەکانت دەتبات.

**هەنگاوی چوارەم:** هەڵسەنگاندنی ئەڵتەرناتیڤەکان: کارکردنی لیستێکە لەسەر بنەمای باشی و کەموکوڕی بۆ هەر ئەگەرێك لە ئەگەرەکانی بەرێوەچوونی چالاکییەکان.

**هەنگاوی پێنجەم:** هەڵبـژاردنی باشـترین چارەسـەر: هەڵبـژاردنی ئەگـەری خـاوەن بەرزترین باشی و کەمترین کەموکوڕی، کردەییە.

**هــەنگاوی شەشــەم:** جێبـەجێکردنی پلانەکـە: دیـاریکردنی ئـەو کەسـەی ئـەرکی جێبەجێکردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت و، ئەو داهاتانەی کە پێی دەدرێت چییە و، چۆن پلانەکە هەڵدەسەنگێنێت و، رێنماییەکانی ئامادەکردنی راپۆرتەکان.

هەنگاوی حەوتەم: چاودێریکردن و هەڵـسەنگاندنی ئەنجامـەکان: دڵنیـابوون لـەوەی پلانەکە وەك پێشبینی دەکرا دەڕوات و، ئەنجامدانی هەموارکردنی پێویست بۆی.

## ئەرکی دووەم: رێکخستن:

(فایۆل) لە وەسفکردنی بـۆ تـوخمی رێکخستن دەڵێت: رێکخستن پەیوەندییـەکانی نێوان چالاکییەکان و دەسەڵاتەکان دەردەخات. "واین بلنکت" و "ریمۆنـد ئەتنـەر" لـە کتێبەکـەیان (پێـشەکی کـارگێڕی لـە چوارچـێوەی پەیوەندییـە گـشتییەکان) ئـەرکی رێکخـستنیان وا پێناسـە کـردووە، کـە پرۆسـەی تێکـەڵکردنی داهاتـە مرۆیـی و ماددییەکان لە رێگەی پەیکەرێکی شێوەیی کە ئەرك و دەسەڵاتەکان دەردەخات.

## چوار چالاکی بەرچاو لە ڕێکخستن هەیە:

١- دیاریکردنی چالاکییەکانی ئەو کارەی کە پێویستە ئەنجام بدرێن بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان.

٢- پۆلێنکردنی جۆرەکانی کارکردنی پێویست و گرووپەکانی کار بۆ یەکەمەکانی کاری کارگێڕی.

٣- ڕێگەپێدانی کار بۆ کەسانیتر لەگەڵ پێوانیان بڕێکی گونجاو لە دەسەڵات.

٤- نەخشەسازی ئاستەکانی وەرگرتنی بڕیارەکان.

دەرەنجامی کۆتایی لە پرۆسەی ڕێکخستن لەدەزگاکەدا: هەموو ئەو یەکانەی کە (سیستەم)ی لێ پێکدێت، کە بەگونجاویی کار دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان بەشیاوی و کاراییەوە.

گرنگی ڕێکخستن:

پرۆسەی ڕێکخستن وادەکات جێبەجێکردنی مەبەستی دامەزراوەکە پێشوەختە لە پرۆسەی پلاندانانـدا، شتێکی ڕێتێچوو بێت. زێدەباری ئەمەش، هەروەها تایبەتمەندیتری بۆ زیاد دەکات:

١- ڕوونکردنەوەی ژینگەی کارەکە: هەر کەسێك دەبێت بزانێت چی دەکات، چونکە ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتیانەی کە هەر تاکێك راسپێردراوە پێی و، کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و، دابەشکردنی گشتی ڕێکخستن، پێویستە روون بێت و، جۆرو سنووری دەسەڵاتەکان دەبێت دەستنیشانکراو بێت.

٢- هەماهەنگی ژینگەی کارەکە: دەبێت پشێوی لە نزمترین ئاستەکانیدا بێت، هەروەها پێویستە کار بۆ لابردنی ئاستەنگەکان بکرێت و، پەیوەندی نێوان یەکە جیاوازەکانی کاردا دەبێت گەشەی پێ بدرێت، هەروەها ئەو ڕێنماییانەی لە بارەی کارلێکی نێوان فەرمانبەران دەدرێ، دەبێت بناسرێن.

٣- پێکهاتەی فەرمی بۆ بڕیاردانەکان: پەیوەندی فەرمی نێوان سەرۆك و کارمەندانی دەبێت لە ڕێگەی پێکهاتەی ڕێکخستنەوە پەرەی پێ بدرێت. ئەمە ڕێگە



فەراهەم دەکات بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە ڕێگەی ئاستەکانی وەرگرتنی بڕیارەکانەوە.

"بلنکت" و "ئەتنەر" هەروەها دەڵێن کە بە پیادەکردنی پرۆسەی ڕێکخستنی ئەوا کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کارەکەی دەبێت.

## پێنج هەنگاوەکە لە پرۆسەی ڕێکخستن:

### هەنگاوی یەکەم: ڕێزگرتنی پلان و ئامانجەکان:

پلانەکان ڕێگا بۆ دەزگاکە ڕۆشندەکاتەوە تاکو ئەو مەبەست و چالاکیانە وەدیبهێنێت کە هەوڵیان بۆ دەدات. دەتوانرێت کارگێڕی نوێ دروست بکرێت، یان بەرپرسیارێتی نوێ بەهەندێ کارگێڕی کۆن بدرێت، هەروەها دەکرێ هەندێ کارگێڕی هەڵبوەشێنرێتەوە. هەروەها لەوانەیە پەیوەندی نوێ لە نێوان ئاستەکانی وەرگرتنی بڕیارەکاندا دروست بێت، چونکە ڕێکخستنی پێکهاتەی نوێ بۆ پەیوەندییەکان دروست دەکات و، ئەو پەیوەندییانە کۆتوبەند دەکات کە ئێستا کاری پێدەکرێت.

### هەنگاوی دووەم: دیاریکردنی چالاکییە پێویستییەکان بۆ ئەنجامدانی ئامانجەکان:

دیاریکردنی چالاکییە پێویستییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوە ڕێکخراوەکان. کە دەبێت لیستێك ئامادە بکرێت ئەو ئەرکانە لەخۆبگرێت کە پێویستە ئەنجام بدرێن، هەر لە کارە بەردەوامەکان (کە چەند جارێك دووبارە دەبنەوە) تا ئەو ئەرکانەی کە بۆ تەنها جارێك ئەنجام دەدرێن.

### هەنگاوی سێیەم: پۆلێنکردنی چالاکییەکان:

بەڕێوەبەران لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەریانە سێ پرۆسە ئەنجام بدەن:

١- پشكنينی هەموو چالاكييەك كە دەستنيشان كراوە بۆ زانينی سروشتەكەی (بازارگەری، بەرهەمهێنان....هتد).

٢- دانانی چالاكييەكان لە چەند گرووپێكدا لەسەر بنەمای ئەو پەيوەندييانە.

٣- دەستپێكردن بە نەخشەسازی بەشە سەرەكييەكان لە پێكهاتەی رێكخستنەكەدا.

**هەنگاوی چوارەم: رێگەپێدانی كار و دەسەڵاتەكان:**

چەمكی بەشەكان وەك بنەمايەك بۆ ئەم هەنگاوە بناغەی كاری رێكخستنە. لە دەستپێكردنی كارگێڕييەكان، سروشت، مەبەست، ئەرك و راپەڕاندنی كارگێڕی لە چوارچێوەی پەيوەندييە گشتييەكان. پێويستە يەكەمجار دەستنيشان بكرێت وەك بنەمايەك بۆ دەسەڵات. ئەم هەنگاوە گرنگە لە سەرەتا و لە كاتی پرۆسەی رێكخستندا.

**هەنگاوی پێنجەم: نەخشەسازی ئاستەكانی پەيوەندييەكان:**

ئەم هەنگاوە پەيوەندی سەر و خوارووييەكان (ئاسۆييەكان) لە دامەزراوەكە بە گشتی دياری دەكات. پێكهاتەی ئاسۆيی دەريدەخات كێ بەرپرسە لەهەر ئەركێك، بەڵام پێكهاتەی سەرووييی ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ دەكات:

١- پەيوەندييە گشتييەكان لە نێو كارگێڕييە كاركردووەكاندا دەناسێنێت.

٢- وا دەكات بڕياری كۆتايی لە ژێر كۆنترۆڵدا بێت (چونكە ژمارەی كارمەندان لە سايەی هەر بەڕێوەبەرێكدا روونە)..

## ئەركی سێيەم: دامەزراندن:

ئەو خەڵكانەی كە ئينتيمايان بۆ دامەزراوەكە هەيە، لە هەموو سەرمايەكانيتر گرنگترە، ئەم سەرمايە مرۆييە دەزگاكە دەستی كەوتووە لە رێگەی دامەزراندنەوە. دەزگاكە لە سەريەتی فەرمانبەرە شياوەكان دياری بكات و رايانبكێشێت و پارێزگاريان لێ بكات، بۆ پڕكردنەوەی شوێنە بەتاڵەكانی لە



رێگەی دامەزراندنەوە. دامەزراندن بە پلاندانانی سەرمايە مرۆييەكان دەستپێدەكات و دەستنيشانكردنی فەرمانبەر و بەردەوام دەبێت بەدرێژايی مانەوەيان لە دەزگاكەدا.

دەكرێ دامەزراندن وا روون بكەينەوە كە پرۆسەيەكە لە هەشت ئەرك پێكهاتووە، دارێژراوە بۆ ئەوەی كەسی گونجاو بۆ پێگە گونجاوەكانی دامەزراوەكە دابين بكات. ئەو هەشت خاڵە بريتين لە: پلاندانانی سەرمايە مرۆييەكان، دابينكردنی فەرمانبەران، هەڵبژاردن، ناساندنی دامەزراوەكە، مەشق و پەرەپێدان، هەڵسەنگاندنی ئاست، پاداشت و پلە بەرزكردنەوە و كەمكردنەوەی پلە و گواستنەوەو، كۆتايی پێهێنانی خزمەت.

## هەريەك لەم هەشت ئەركە بەمشێوەيە پێناسە دەكرێت:

## هەشت ئەركەكەی دامەزراندن:

**يەكەم:** پلاندانانی سەرچاوە مرۆييەكان: مەبەست لە پلاندانانی سەرچاوە مرۆييەكان، دڵنيابوونە لە رووماڵكردنی پێويستيەكانی دەزگاكە لە فەرمانبەران. ئەمەش بە شرۆڤەكردنی پلانەكانی دەزگاكە دەبێت بۆ دياريكردنی ئەو توانايانەی كە پێويستە لە فەرمانبەرەكاندا هەبن. پرۆسەی پلاندانانی سەرچاوە مرۆييەكانيش سێ رەگەزی هەيە:

١- پێشبينيكردن بە پێويستييەكانی دەزگاكە لە فەرمانبەران.

٢- بەراوردكردنی پێويستييەكانی دەزگاكە بە فەرمانبەرانی دەزگاكە كە پاڵێوراون بۆ پڕكردنەوەی ئەو پێويستييانە.

٣- پەرەپێدانی پلانگەلی روون كە ژمارەی ئەو كەسانە روون دەكاتەوە كە دادەمەزرێندرێن (لە دەرەوەی دەزگاكە) و كێن ئەو كەسانەی كە مەشقيان پێدەكرێت (لە ناو دەزگاكە) بۆ پڕكردنەوەی ئەو پێويستيانە.

**دووەم:** دەستەبەرکردنی فەرمانبەران: لەم پرۆسەیەدا پێویستە لەسەر کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان پالێوراوان رابکێشێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لە ئەرکە بەتاڵەکان.

کارگێڕیش لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دوو ئامراز لەم بارەدا بەکاردەهێنێت، کە بریتین لە خەسڵەتەکانی دامەزراندنەکە و پێداویستییەکانی. لەوانەیە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان پەنا بۆ زۆر لە ئامرازەکانی توێژینەوە ببات بۆ رووماڵکردنی ئەو پێداویستیانە، وەك: رۆژنامە سادەکان و رۆژنامە تایبەتەکان بە رێکلام و، ئاژانسەکانی کارکردن، یان پەیوەندیکردن بە پەیمانگە و کۆلێژە بازرگانییەکان و، سەرچاوەکان (ناوخۆیی یان دەرەکی)تر. ئێستاش ئاگادارکردنەوە لە رێگەی ئەرك و پێداویستییەکان دەستیپێکرد کە لە رێگەی ئینتەرنێت بەڕێوەدەبرێت، کە چەندین ماڵپەر بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون.

**سێیەم:** هەڵبژاردن: دوای پرۆسەی دەستەبەرکردن، ئەو پاڵێوراوانە هەڵدەسەنگێنرێن کە داوایان پێشکەش کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە راگەیەنراون و، ئەوەی پێداویستییەکانیان لەگەڵدا دەگونجێت هەڵدەبژێررێن. هەنگاوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەوانەیە پڕکردنەوەی هەندێ فۆرم و، چاوپێکەوتن و، تاقیکردنەوە نووسراو یان ماددییەکان لە خۆبگرێت و، گەڕانەوە بۆ ئەو کەس یان سەرچاوانەی کە پەیوەندی بەو کەسە هەیە کە داوای بۆ وەزیفەکە پێشکەش کردووە.

**چوارەم:** پێناسەکردنی دامەزراوەکە: تەنها بە هەڵبژاردنی فەرمانبەرە تازەکە و ئاگادارکردنەوەی لە سیاسەت و سیستەمەکانی دەزگاکە لەخۆدەگرێت.

**پێنجەم:** مەشقکردن و پەرەپێدان: لە رێگەی مەشقپێکردن و پەرەپێدانەوە دامەزراوەکە هەوڵدەدات توانای فەرمانبەران زیاد بکات لە بەشداریکردن لە باشکردنی توانای دامەزراوەکە.

مەشقکردن: بایەخ دەدات بە زیادکردنی بەهرەی فەرمانبەران.



پەرەپێدان: بایەخمەندە بە ئامادەکردنی فەرمانبەران بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تازەیان پێ بدات بۆ راپەڕاندنی.

**شەشەم:** هەڵسەنگاندنی ئاست: دروستکردنی ئەم سیستەمە بۆ دڵنیابوونە لەوەی کە ئاستی راستەقینەی کار دەگونجێت لەگەڵ پێوەرە دیاریکراوەکانی کارکردندا.

**حەوتەم:** بڕیارەکانی دامەزراندن: بڕیارەکانی دامەزراندن وەك ئەوەی پەیوەستە بە پاداشتە هاندەرییەکان، گواستنەوە، پلە بەرزکردنەوەو، دابەزاندنی پلەی فەرمانبەر، هەموو ئەمانە دەبێت پشت بە ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستەکە ببەستن.

**هەشتەم:** کۆتایی پێهێنانی خزمەت: وازهێنانی بەربژارانە و، خانەنشین و، راگرتنی کاتی و، دەرکردن، ئەمیش دەبێت لە بایەخپێدانەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بێت.

## ئەرکی چوارەم: ئاراستەکردن:

بەکۆتایی هاتن لە داڕشتنەوەی پلانەکانی دامەزراوەکە و دروستکردنی پێکهاتە رێکخراوەییەکەی و دامەزراندنی کارمەندان تیایدا، هەنگاوی دواتر لە پرۆسەی کارگێڕی بریتییە لە ئاراستەکردنی خەڵك بەئاراستەی وەدیهێنانی ئامانجە رێکخراوەییەکان. لەم ئەرکە کارگێڕییەدا ئەرکی بەڕێوەبەرەکە ئامانجەکانی دەزگاکە وەدی بهێنێت لە رێگەی رێنماییکردنی کارمەندان و هاندانیان.

ئەرکی ئاراستەکردن هەندێجار وا ئاماژەی پێ دەدرێت گوایە هاندانە، یان سەرکردایەتییە، یاخود رێنماییە، یان پەیوەندییە مرۆییەکانە. لەبەر ئەم هۆکارانە ئاراستەکردنی وەزیفی بەگرنگترین دادەنرێت دادەنرێت لە ئاستی کارگێڕی نزم چونکە بە سادەیی، ئەو شوێنەیە کە زۆربەی کارمەندان لە دەزگاکەدا جەختی لەسەر دەکەنەوەو، ئەگەر یەکێك ویستی ببێتە سەرپەرشتیار یان بەڕێوەبەرێکی کارا پێویستە سەرکردەیەکی کارا بێت، چونکە توانای باشی لە ئاراستەکردنی خەڵك مەودای کاراییەکەی دەسەلمێنێت.

## گۆڕاوەکانی ئاراستەکردن:

بنەمای ئاراستەکردن بۆ کارمەندان جەخت دەکاتەوە لە بارەی شێواز لە سەرکردایەتیدا (دکتاتۆری، دیموکراتی، کۆتوبەند نەکردن) و ڕێگەی بڕیاردانەکان.

چەندین گۆڕاو هەیە. کە دەچێتە چوارچێوەی بڕیارەکە لەبارەی چۆنێتی ئاراستەکردنی کارمەندان، وەك: مەودای مەترسی حاڵەتەکە، شێوازە سەرکردایەتییەکەت، هاندانی کارمەندان و....هتد. سەرەڕای ئەمەش، سەرکردەی ئاراستەکراو بۆ ئەوانی دیکە پێویستە لەسەری:

١- زانینی هەموو ڕاستییەکان لە بارەی حاڵەتەکە.

٢- بیرکردنەوە لە کاریگەری بڕیارەکە لەسەر ئەرکەکە.

٣- ڕەچاوکردنی ڕەگەزی مرۆیی لە کاتی بڕیاردانەدا.

٤- دڵنیابوون لەوەی ئەو بڕیارەی کە دەدرێت بڕیارێکی دروستە کە پێویستە بدرێت.

سەبارەت بەو کەسەی کە چالاکییەکانی ئەوانی دیکە ئاراستە دەکات، هەروەها پێویستە لەسەری:

١- ڕێگەپێدانی ئەرکە یەکەمینییەکان بۆ هەموو کارمەندان.

٢- وا بکرێت فەرمانەکان ڕوون و کورتکراوە بن.

٣- چاودێریکردنی هەر کەسێك کە ڕێگەی پێ دراوەو، پێدانی فەرمانی دیاریکراوە جا نووسراو بێت یان زارەکی.

پێشنیازەکان سەبارەت بە پرۆسەی ئاراستەکردن:

١- وا نەکرێت ئاراستەکردنەکە ململانێ بێت لە پێناو دەسەڵاتداو، هەوڵدان بۆ چڕکردنەوەی بایەخی بەڕێوەبەر -و بایەخی کارمەندان- لەسەر ئەو ئامانجانەی کە پێویستە وەدی بهێنرێن. بیرۆکەکە بریتییە لە خەیاڵکردن کەوا ئەم ڕەوشە فەرمانی پێویستە، ئەو لەسەر ئارەزووی بەڕێوەبەر بونیات نەنراوە.

٢- پەنا نەبردن بۆ شێوازە زبرەکان، بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکان ڕێنماییەکان بەجدی وەربگرن.



٣- ئاگابوون لە وشە وتراوەکان. لەوانەیە وشەکان ببنە گەیەنەرێکی نا باوەڕپێکراو بۆ بیرۆکەکان. هەروەها دەبێت چاودێری تۆنی دەنگیش بکەیت، چونکە زۆربەی خەڵك ڕاستییەك پەسەند دەکەن کە کاری سەرپەرشتیار دەرکردنی فەرمان و ڕێنماییەکانە و، بەرهەڵستییان بۆ ئەم فەرمانانە بەستراوەتەوە بەو ڕێگەیەی کە ئەو فەرمانانەی تیا دەرکراوە.

٤- گریمانە نەکردن بەوەی فەرمانبەرەکان لە هەموو شتێك تێگەیشتوون و، هەلێك بە فەرمانبەران بدرێت بۆ پرسیارکردن و گفتوگۆکردنی ئامانجەکان و، دەرفەت پێدانیان تاکو بۆ ئەوەی تێگەیشتنیان دووپات بکەنەوە بەوەی وایان لێبکرێت ئەوەی دەگوترێت دووبارەی بکەنەوە.

٥- دڵنیابوون لە دەسکەوتنی "فیدباك" بە ڕێگەیەکی دروست و، دەرفەتدان بەو فەرمانبەرانەی کە دەیانەوێت گازندە لە ئەرکەکە بکەن. لەوکاتەی ڕێگەیان پێدەدرێت ئەرکەکە ڕاپەڕێنن. زانینی و کۆنترۆڵکردن لەسەر بەرهەڵستی و تێنەگەیشتن پێش دەستپێکی کارەکە باشترە لەوەی دواتر چاوەڕێ بکەیت.

٦- زۆر فەرمان نەدرێت. زانیارییە زیاد لە پێویستەکان کە بە هیوابڕ بۆ کرێکارەکان دادەنرێت و، وابکرێت ڕێنماییەکان کورت و ڕاستەوخۆ بێت و، چاوەڕێکردن تا ئەوکاتەی کارمەندان لە کاری یەکەم تەواو دەبن، پێش ئەوەی داوایان لێبکرێت دەست بە کاری دووەم بکەن.

٧- پێدانی وردەکاری گرنگ بەتەنها. سەبارەت بە یارمەتیدەرە کۆنەکان، کە شتێك نییە بێزاریان بکات زیاتر لە گوێبیستبوونیان بۆ وردەکاری زانراو.

٨- ئاگابوون لە ڕێنماییە دژبەیەکەکان و، دڵنیابوون لەوەی شتێك بە فەرمانبەرەکان نەڵێیت، کەچی سەرپەرشتیاران لە کارگێڕییەکانی لاتەنیشت شتێکی دژی ئەوە بە فەرمانبەرەکانیان بڵێن.

٩- هەڵنەبژاردنی کرێکاری ئامادەباش بۆ کارکردن بەتەنهاو، دڵنیابوون لەوەی کەسی ئامادەباش زیاتر لە توانای خۆی پێ نەسپێردرێت، هەروەها دڵنیابوون لەوەی ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتیکردنیان زەحمەتە، کاری زەحمەتیان پێدەدرێت.

١٠- هەوڵدان بۆ جیانەکردنەوەی هەر کەسێك و، شیاو نییە کەسێك سزا بدرێت بە راسپاردنی بە ئەرکێکی ناپەسەندو، هەوڵدان کەمکردنەوە لەم پرسە بەپێی توانا.

١١- لە هەمووی گرنگتر، یاری نەکردن بە "لێدانە مەزنەکە". سەرپەرشتیارە تازەکان هەندێجار هەڵە دەکەن لە خۆهەڵکێشان بە دەسەڵاتەکانیانەوە، بەڵام سەرپەرشتیارە پێگەیشتووەکان زۆرجار لە فەرمانبەرەکانیانەوە نزیکترن.

ئەرکی پێنجەم: چاودێری، پلاندانان و، رێکخستن و، دامەزراندن و، ئاراستەکردن، پێویستە چاودێری بکرێن بۆ پارێزگاریکردن لە تواناو کاراییان. بۆیە چاودێری دوایین پێنج ئەرکەکەی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و، پەیوەندیدارە بە چاودێریکردنی هەموو ئەو ئەرکانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی دامەزراوەکە بەرامبەر وەدیهێنانی ئامانجەکانی.

لە ئەرکی چاودێریکردنی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان، پێوەرەکانی ئاست دروست دەبن کە بەکاردەهێنرێن بۆ پێوانی پێشکەوتن بەرەو ئامانجەکان. پێوەرەکانی ئەم ئاستە دروست کراوە بۆ دیاریکردنی ئەوەی خەڵك و بەشە جۆراوجۆرەکان لە دەزگاکە لەسەر رێڕەوی دروستە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجە پلان بۆ دانراوەکە.

چوار هەنگاوەکەی پرۆسەی چاودێری:

ئەرکی چاودێری بەشێوەیەکی گەورە بەستراوە بە پلاندانانەوە. لە راستیدا مەبەستی سەرەکی لە چاودێری دیاریکردنی مەودای سەرکەوتنی ئەرکی پلاندانانە. ئەم پرۆسەیە دەکرێت لە چوار هەنگاوی سەرەکیدا سنووردار بکرێت کە لەسەر هەر کەسێك یان بەند یاخود پرۆسەیەکدا پیادە دەکرێت کە بیەوێت کۆنترۆڵ و چاودێری بکات.

**ئەو چوار هەنگاوە سەرەکییە بریتین لە:**

١- ئامادەکردنی پێوەرەکانی ئاست: پێوەر ئامرازی پێوانە، چەندێتی و جۆرێتی، دروستکراوە بۆ یارمەتیدانی چاودێری و ئاستی خەڵك و کاڵاو پرۆسەکان.



پێوەرەکان بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی پێشکەوتن، یان دواکەوتن لە ئامانجەکان. سروشتی پێوەری بەکارهێنراو پشت دەبەستێ بەو پرسەی کە مەبەستە چاودێری بکرێت. جا پێوەرەکان هەرچییەك بن، دەکرێت هەموویان پۆلێن بکرێن بۆ یەکێك لەو دوو کۆمەڵەیە: پێوەرە کارگێڕییەکان یان پێوەرە تەکنیکییەکان. لێرەدا هەریەك لەو جۆرانە وەسف دەکرێن:

أ/ پێوەرە کارگێڕییەکان: چەندین شت لەخۆدەگرێت وەك راپۆرتەکان و لیستەکان و هەڵسەنگاندنەکانی ئاست. دەبێت هەموویان تەرکیز بکەنە سەر رووبەرە سەرەکییەکان و جۆری ئاستی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. پێوەرە کارگێڕییەکان دەربڕی کێ، کەی و بۆچی ئەو کارە دەکەن.

نموونە: بەڕێوەبەری فرۆشیاری داوای راپۆرتی مانگانە دەکات لە هەموو فرۆشیارەکان بۆ ئەوەی بزانێت لە ماوەی مانگێکدا چی کراوە.

**ب/** پێوەرە تەکنیکییەکان: چییەتی و چۆنێتی کارکردن دیاری دەکات و، لەسەر رێگەکانی بەرهەمهێنان و، پرۆسەکان و، ماددەکان و، ئامێرەکان و، کەرەستەکانی سەلامەتی و، بهێنەکان. پێوەرە تەکنیکییەکان دەکرێ لە سەرچاوەی ناوخۆیی و دەرەکی بێت.

نموونە: پێوەرەکانی سەلامەتیی (امنیت) لەرێگەی لیستەکانی حکومەت یان مواسەفاتی دروستکەران بۆ کەرەستەکانیان.

٢- بەدواداچوونی ئاستی کردەیی: ئەم هەنگاوە بەپێوەرێکی خۆپارێزی دادەنرێت.

٣- پێوانی ئاست: لەم هەنگاوەدا، بەڕێوەبەران ئاستەکە دەپێون و دیاری دەکەن ئایا لەگەڵ پێوەرە دیاریکراوەکان دەگونجێت. ئەگەر ئەنجامەکانی بەراوردەکە یان پێوەرەکان پەسەندکراوبن —لە کاتی سنوورە گریمانکراوەکەدا- ئەوا پێویست بە گرتنەبەری هیچ رێوشوێنێك ناکات، بەڵام ئەگەر دەرەنجامەکان دووربن لەوەی چاوەڕوان دەکرێت یان پەسەندکراو نەبن ئەوا دەبێت رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر.

٤- راستکردنەوەی لادانەکان لە پێوەرەکان: دیاریکردنی رێوشوێنی دروست کە پێویستە بگیرێتەبەر پشت بە سێ شت دەبەستێ: پێوەر، وردیی ئەو پێوانانەی کە

بوونی لادانەکانی دەرخستووەو، شیکردنەوەی ئاستی کەسەکە یان ئامێرەکە بۆ زانینی ئامێرەکە بۆ زانینی هۆکاری لادانەکە. رەچاوی ئەو پێوەرانە بکە کە لەوانەیە زۆر رازیکەر یان زۆر توند بن. پێوانەکان لەوانەیە ورد نەبن بەهۆی خراپی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پێوان یان بەهۆی بوونی کەموکوڕی لە خودی ئامێرەکان. دواجار، دەکرێت خەڵك بڕیاری خراپ دەربکات لە کاتی دیاریکردنی ئەو رێوشوێنە هەڵسەنگێنراوانەی کە پێویستە بگیرێتەبەر.

## چاوپێکەوتنی بەڕێوەبەری کارەکە لەبارەی کێشە کارگێڕییەکان:

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکە کراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کرداری ئەو کێشانە بزانێت کە رووبەڕووی کارەکە دەبنەوەو، هەندێ کێشەش ناسران بەمشێوەیە:

یەکەم: بیرۆکەکان بۆ باشکردنی ئاستی دەزگاکە:

دوای لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەك لە بڵاوکراوەکان دەکرێت ئاماژە بەهەندێ لەو بیرۆکانە بدەین کە لەو بڵاوکراوەیەدا دەردەکەوێت کە بەشی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەری کرد بەناونیشانی "رێبەرێکی کرداری بۆ بەرنامەی باشکردنی ئاست لە دەزگا گشتییەکاندا". بیرۆکەگەلێکن پێویستە رەچاو بکرێن لەپێناو هەر نموونەیەك لە نموونەکانی دەزگاکە.

بیرۆکەی یەکەم کە دەمانەوێ سەرنجی بۆ رابکێشین بریتییە لەوەی "دامەزراندنی رێکخراوەیی و رەفتار و کارایی و کاریگەری شتگەلی مەرجدارن و بەستراوەتەوە بە دەوروبەر و ژینگە ناوخۆیی و دەرەکییەکە. ئاستی رێکخستنی گشتیش بۆتە پرۆسەیەکی ئاڵۆز، چونکە ژمارەیەك لە هۆکاری پشت پێ بەستراو کە بازنەیەکی پاڵپشتی خودی پێکدەهێنن کە سەرقاڵە لە دینامیکێتی گۆڕانکاری لە چوارچێوەی رێکخراوە ئاڵۆزەکانداو، لەم جۆرە



هۆکارانە لەوانە رێزگرتن و گەورەکردنی بەڕێوەبەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و کاریگەرییان لەسەر دروستکەرانی سیاسەت هەموویان دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن و گۆڕانکارییەکان دەکرێ لەهەر خاڵێك لە بازنە رێکخراوەییەکەدا دەستپێ بکات.

لەبەر ئەمە ئەنجامدانی خولی یەکەم بەس نییە بۆ باشکردنی ئاستی دامەزراوەکە، بەڵکو پێویستە لەگەڵ کێشەکەدا مامەڵە بکرێت بەدۆزینەوەی چارەسەری تەواو و گشتگیر بۆی. رێگە کلاسیکییەکان شکستیان هێنا لەوەی دامەزراوەکە وەك هەموویەکی تەواو رەچاو بکات و لە کارکردن بەپێی ئەو هۆکار و گۆڕانکارییانەی کە کۆنترۆڵی کارایی و کاریگەرییەکانی دەکات. ئەم رێگەیانەش ئاراستەکران بۆ باشکردنی دینامیکێت لەناو دامەزراوەکە و نەیتوانی چارەسەر بۆ کێشە گەورە پەیوەستدارەکان بە دینامیکێتی دەوروبەری دەزگاکە یان دیاردە رێکخراوەییە ناوخۆییەکان بدۆزێتەوە. لەگرنگترین ئەو کێشانەی کە لە دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکە دیاریکراوە بریتییە لە:

- قەبارەی رێکخراوەیی.
- تەکنەلۆژیا.
- لەبەر رۆیینی کار.
- مەرجەکانی کارکردن.
- شێوازی سەرکردایەتی.
- ژینگەی تەکنەلۆژی.
- مەرج و بارە کۆمەڵایەتی - کلتوورییەکان.
- بازاڕ.

دەتوانین بەباشترین شێوە لە رەفتاری رێکخراوەیی تێبگەین کاتێك وای لێ دەڕوانین کە روودەدات لە سیستەمێك لە هێزە پشت بە یەك بەستراوەکان، چونکە ئەم هێزانە بەیەکەوە پەیوەستن بە شێوازێك کە ئامانجە تایبەتییەکان بەیەکدانەدەن لە کاتی وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دەزگاکەدا.

چەمکی دوەم، مەشقی کارگێڕییە، بلیۆنەها دۆلار لەسەر پرۆگرامەکانی مەشقی کلاسیکی بۆ بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان سەرف کراوە. پەرەپێدانی ئەم جۆرە بەرنامانە وا دانرا کە گرنگترین نوێکردنەوەیە لە فێرکردن لەم سەدەیەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ پەیوەستکردنی مەشقکردن بەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر رەفتار لەکارکردندا دێت لەگەڵ کارگێڕی باشی رێکخراوەیی، ئەنجامی نائومێدبەخشی لێدەکەوێتەوە.

ئەنجامەکە ئەوەیە کە شارەزایی بە پرۆگرامی مەشقی کلاسیکی لە جۆرە گشتییەکە -تەنانەت ئەوەی کە باشێتییەکی بەرزی هەیە- کاریگەری دیاریکراوو نا دڵنیا هەیە لەسەر ئاستی رێکخراوەیی. ئەمەش دەرەنجامی ئەو راستیەیە کە بەڕێوەبەر وەك تاکێك لە سیستەمێکی تەکنیکی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز نغرۆ بووەو ئەم پرسەش هەندێ ئیعتیبار دەبەخشێت لە کاتی مەشقکردنی بەڕێوەبەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان. دەکرێ گۆڕانکاری رێکخراوەیی بوارفراوان وەدی بێت، لە رێگەی بەشداری هەموو بەڕێوەبەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە کارە بڕیار لەسەر دراوەکە.

چەمکی ناکۆکی دیکە بریتییە لە دەسکەوتنی یارمەتی لەرێگەی راوێژکردنی شارەزاو پسپۆران، ئەم پرسە کە بلیۆنەها دۆلاری لێ سەرف دەکرێت سالآنە و، دۆسییەکانی دامەزراوەکان لە ولآتانی تازەپێگەیشتوو و ولآتەپێشکەوتووەکان وەکو یەك کانەی زێڕن لە راپۆرتە راوێژکارییە پیشەییە نووسراوەکان، ئەو راپۆرتانە کە دەستنیشانی سەختییەکان دەکات لە چوارچێوەی دامەزراوە میوانەکە، بەشێوەیەکی ورد و رێکوپێك کەم یان نەبوو. پێویستە لەسەر شارەزاکە توانای دامەزراوە میوانەکە پەرە پێ بدات لەچارەسەرکردنی کێشەکان —لە جیاتی ئەوەی پشتی پێ ببەستێ و لەسەر ئامۆژگاری و راوێژییەکانی بخولقێنێت- ئەمەش لە رێگەی دۆزینەوەی سەرقاڵبوون و چالاکی کارایانە لەلای ئەودا. پێویستە چارەسەرییەکان بدۆزینەوە و لێی بکۆڵدرێتەوە لە چوارچێوەی هەمان دەزگا بەمەش بە سەرکەوتوویی ئەنجام



دەدرێت و رۆڵی شارەزا لەم بارەدا تەنیا ئاسانکاریکردنی کارە پێویستییەکانە بەجۆرێك دەزگاکە دەتوانێت دوای ئەوە خۆی چارەسەری بدۆزێتەوە.

دوایین لێدوانی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئاست، چەندین رێگەی کلاسیکی هەبوو بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەڕێوەبەرەکە لە ژێر زەبری هێرش و رەخنەی زۆر. رەخنەی سەرەکی بۆ زۆر لە رێگەکان ئەوەیە کە تەکنیکەکان و شێوازی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەو رێوشوێن و شێوازانەی کە زۆرجار بەڕێوەبەرەکان بەکاری دەهێنن "قورساییەك"ی زیاتر بەو ئەنجامانە دەدات کە لێیەوە بەرهەم دەهێنرێن.

سەرەڕای ئەمەش رۆڵی جێبەجێکاران لە راپۆرتی ئەو پێوەرەی کە پێی هەڵدەسەنگێنرێن، زۆرجار "بچووك" یان "نەبوو" دەبێت.

دواجار کارمەندان لە دەسەڵاتەکانی چاودێری زۆرجار خۆیان بە هەڵسەنگراو و هەڵهێنراوان دادەنێن تەنیا هەوڵێکی کەم دەدەن بۆ ئاسانکاری و پاڵپشتی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ئەو بەڕێوبەرانە لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دەیکێشن کە رۆڵیان هەیە لە رێپێدانی ئەو دەسەڵاتە.

٢- بنەماکانی ئامراز (کەرەستە)ی پێشنیازکراو:

چۆن دەتوانرێت چارەسەری ئەم رەوشانە بکرێت؟ ئەوەی پێویستمانە ئامرازی مامەڵەکردنە لەگەڵ دامەزراوەکەیە بە هەموویەوە. ئەو ئامرازە کە پشت بە چەمکگەلی پێشکەوتووی نوێ دەبەستێ لە بواری رەفتاری رێکخراوەیی و بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر پێشکەوتنی رێکخراوەیی و راوێژکردن لە بارەی Management By Objectiv (MBO) و کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەیارمەتی ئەنجامە کردەییەکان Process Consultation سەبارەت بە (Comprehensive Systematic Plan) و، لەبەر ئەوەی پلانە نموونەییە گشتگیرەکە باشکردنی کارگێڕییە لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر بنەمای بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەم سێ چەمکە، ئەوا لێرەدا کورتی دەکەینەوە:

**١– پێشکەوتنی ڕێکخراوەیی (Organizational Development) (OD):**

ئەم چەمکە پێناسەی جۆراوجۆری بەخشیوەو، لە یەکێك لەم پێناسانە پێشکەوتنی ڕێکخراوەیی وا وەسف کراوە کە سێ پلە لەخۆدەگرێت:

أ/ کۆششی درێژخایەن: بۆ ئەوەی گۆڕاوێکی پلان بۆ دانراو لەسەر بنەمای دەستنیشانکردن کە توخمەکانی دەزگاکە بەشداری تێدا بکەن.

**ب/** بەرنامەیەك ڕێکخستنی هەمەکی یان سیستەمێکی هەماهەنگ یان بەشێك لەوە لە خۆبگرێت.

ج/ ئامانجێك کە کاریگەرییەکی ڕێکخستنی زیادی هەبێت و هەڵبژاردنێکی ڕێکخستنی پاڵپشت.

لە پێناسەیەکیتردا پێشکەوتنی ڕێکخراوەیی وا دنراوە کە گۆڕانێکی بۆ کێشراوە یان کۆششێکە کە سیستەمێکی هەمەکی هەیە، کە کارگێڕی لە خۆدەگرێت لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی باڵا لەگەڵ ئامانجە دروست و ڕاستەکاندا کە کاریگەری ڕێکخستنی گشتی زیادبووی هەیە، هەروەها یارمەتیدەرە لە وەدیهێنانی ئامانجە ڕێکخراوەییە دیاریکراوەکان.

جێبەجێکردنی ئەمەش بەیارمەتی دەستێوەردانی پلان بۆ دانراو لە بونیات و پرۆسەکانی دامەزراوەکە دەبێت بەیارمەتی زانستی کۆمەڵایەتی و هەموو زانینەکانیتری پەیوەست بە بابەتەکە. هەروەها بەشێك لە پلانە پێشنیازکراوەکە لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی ئەم زانیارییانە لە شێوەی بەرنامە یان پرۆگرامی مەشقکاری پێشکەش بکات.

هەروەها پێناسەی سێیەمی بەناوبانگ، پێشکەوتنی ڕێکخراوەیی وا پێناسە کرد، کە کۆششێکی پلان بۆ دانراوە هەمو دامەزراوەکە دەگرێتەوە لە ڕێگەی دەستێوەردانی پلانێك لە پرۆسەکانیدا بە بەکارهێنانی لە زانستە ڕەفتارییەکان و، هەموو ئەم پێناسانە خاڵی هاوبەشی زۆریان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئامانجی گۆڕانەکە دامەزراوەکەیە بە گشتی (یان بەشێکی سەرەکی لێی) نەك تاك. دووەم، ئاستەکانی



باڵا لە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکە لە پرۆسەی گۆڕاندا لەخۆدەگرێت. دواجار، ئەندامان و ڕەگەزەکانی دامەزراوەکە بەشێوەیەکی کارا بەشدار دەبن لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی پلانەکانی کارکردن لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرییەکان. چالاکییە دەستنیشانکاری و پلان بۆ دانراوەکانی پێکەوە پەیوەست وەك ئەمە، خۆی لەخۆیدا هاندەری گرنگە بۆ گۆڕان.

## ڕاوێژکاریکردن لە بارەی پرۆسەکە:

پێشکەوتنی گەورە لەکاریگەری زیادبووی ڕێکخستنیی لەچوارچێوەی بزاوتی پەرەپێدانی ڕێکخستنیی ڕۆڵێکی "تازە" لەخۆدەگرێت بۆ ڕاوێژکاران و شارەزایان. ڕاوێژکردن لەبارەی (Organizational Development OD) پرۆسەی چالاکییەکانی چارەسەری کێشەکانی کرپار وادادەنرێت کە دەستدرێژییە بۆ کێشەکانی.

تەرکیزی ڕاوێژکار لەسەر ئەو پرۆسەیە دەبێت، کە بە هۆیە ئامانجەکانی وەدی دێت، نەك خودی ئامانجەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. کەوا ڕاوێژکار چارەسەری ئامادەکراو بۆ کێشەکان پێشکەش ناکات، بەڵام یارمەتی دەزگا ڕاوێژپێکراوەکە دەدات بۆ ئەنجامدانی دەستنیشانکردنی دیاریکراو و نموونەیی بۆ سەختی و کێشەکانی و لەسەر پەرەپێدانی بەرنامەکانی کارەکەی بۆ زیادبوونی کارایی و کاریگەری ڕێکخستنیی.

ڕۆڵی ڕاوێژکاری پرۆسەکە (The Process Consultant) کە مەرکەزی و گرنگە و ئامۆژگاریکەر دەبێت لە ڕۆڵی ڕاوێژکاری کلاسیکی، بەڵام زیاتر یارمەتیدەریەتی و ئاسانکاری پێشکەش دەکات کارەکەی یارمەتیدانی دەزگاکەیە بۆ چارەسەرکردنی دەزگاکەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بەخۆی لە ڕێگەیەك وای لێبکات زیاتر ئاگاداری پرۆسە ڕێکخستنییەکان بێت و ئەوەی لە ئەنجامەکان لێی بەرهەم دێت و، بەو میکانیزمانە کە دەکرێ بەهۆیەوە ئەم پرۆسانە بگۆڕێ. ڕاوێژکاری پرۆسەکە یارمەتی دامەزراوەکە دەدات بۆ ئەوی سوود لە دەستنیشانکردن و یارمەتییە خودییەکەی وەربگرێت و، بایەخدانی ڕەها بریتییە لە پەرەپێدانی توانای

دامەزراوەکە بۆ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت خۆی ئەوە ئەنجام بدات کە هەمیشە راوێژکار ئەنجامی دەدات بەبێ یارمەتی کەسی دیکە.

بایەخی راوێژکاری کلاسیکی هەمیشە گەیاندنی زانیارییەکانێتی بە دامەزراوەکە، لە کاتێکدا بایەخی راوێژکاری پرۆسەیی گەیاندنی بەهرەو بەهاکانێتی بۆی.

**کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەیارمەتی ئەنجامەکان (Management By Objectives) (MBO):**

سیستەمێکە لە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان دروستکراوە بۆئەوەی زامنی ئەوە بکات کە بەڕێوەبەران لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئامانجەکانی دامەزراوەکە جێبەجێی دەکەن. چاوەڕوانی ئەوە لە بەڕێوەبەرکان دەکرێت لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجە تایبەتییەکانیان لەسەر بنەمای ئامانجەکانی دامەزراوەکە بونیات بنێن. دەربڕین لەبارەی ئەم جۆرە ئامانجانە بە دەربڕینگەلی وەها دەبێت دەکرێ بپێورێن، بەمەش بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانن ئاستەکەیان هەڵبسەنگێنن و باشتر کۆنترۆڵی بکەن.

کۆنترۆڵکردن لە دەرەوەی بەش (واتە وەرگرتنی فەرمانی دەرەکی) لە جۆری (MBO) و کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەیارمەتی ئامانجەکان ئەو کۆنترۆڵە ناوخۆییە دەگۆڕێ کە زۆر وردو کاراو کاریگەرە، چونکە ئەو هانی بەڕێوەبەر دەدات بۆ کارکردن نەك لەبەرئەوەی کەسێك فەرمانی پێ کردووە شتێك بکات یان قسەی لەبارەی ئەوە لەگەڵدا کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەرکەکەی لەکارکردن پێویست بەوە دەکات بەپێی ئامانجە بۆ کێشراوەکان.

حەوت رەگەزی باو لە هەموو بەرنامەکانی (MBO) و لە کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەیارمەتی ئامانجە سەرکەوتووەکان هەیە:

- ئامانجێکی دیاریکراو بۆ هەر پێگەیەك و هەر شوێنێکی کار.
- دانانی هاوبەش بۆ ئامانجەکان لەلایەن بەڕێوەبەر و چاودێرانییەوە.



- پەیوەستبوون لە نێوان ئامانجەکان لە رێگەی بەڕێوەبەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان.
- پێوان و رێککاری وەدیهێنان و وەدەستهێنانی ئامانجەکان.
- پێداچوونەوەی ئامانجەکان و دووبارەکردنەوەی یەك لە دوای یەك دوای نوێکردنەوە و راستکردنەوەی هەڵەکانی.
- سەقاڵبوونی کادیری پاڵپشتی بەڕێوەبەر بە پرۆسەکە بەشێوەیەکی گەورە.
- سەرقاڵبوونی دەسەڵاتە باڵاکان بە پرۆسەکە بە شێوەیەکی گەورە.

لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئاستەکە لەسەر ئەنجامەکان و، بڵاوکردنەوەیەکی هاوبەش بۆ ئامانجەکان (MBO) لە خۆدەگرێت و تەرکیزە گەورەکە و پێشکەوتووترینیان بۆ پلانەکانی کار دەبێت لە پێناو وەدیهێنانی. ئەو رووناکی دەخاتە سەر رۆڵی دەسەڵاتی چاودێری وەك داهاتێك بۆ بەڕێوەبەرانی لاوەکی پەیوەندییە گشتییەکان. کاتێك بەشێوەیەکی گونجاو و شیاو بەکاردەهێنرێت ئەوا پرۆسەکە ئاسانکاری دەکات بۆ گفتوگۆیەکی دووقۆڵی بە دوو ئاراستە لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و شوێنکەوتووانیان، هەروەها کەلێنی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو دوو چینەدا کەم و بچووك دەکاتەوە.

ئەم سێ رێگە نوێیە -تایبەت بە ئاستی رێکخستنی باش- تەرکیز دەکاتە سەر ئاستە جیاوازەکان لە رێکخستنی هەریەکەیان رەگەزێکی یەکلاکەرەوەیە لە رەگەزەکانی سەرکەوتن.

(OD) رووناکی خستە سەر گۆڕانکارییە پلان بۆ دانراوەکە لە سیستەمی هەمەکی دامەزراوەکە یان سیستەمە گرنگە لاوەکییەکان، بە ئاراستەی باشکردنی (Process Consultation) سەبارەت بە راوێژکردن لە بارەی (OD) ئاراستەکردنی داهێنانی تایبەت بۆ کارپێکردنی گرووپەکان کە دامەزراوە، نموونە لەمبارەیەوە، بەڕێوەبەری جێبەجێکار و کادیرەکەی. یان پەیوەندی نێوان یەکە وەزیفییەکان رووناکی دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان چاودێری و سەر بە (MBO) و پرۆسەکە و، وەك نموونە

لەمبارەیەوە کۆنترۆڵکردنی بەرهەم و باشێتی. کەچی هەوڵدەدات ئامانجە سەرەکییەکانی تاکەکان لە دامەزراوەکە بە ئامانجەکانی ئاستی پرۆژەکە سەرلەبەری ببەستێتەوە.

خاڵی هاوبەش هەن لە نێوان سێ ڕێگەکە هەموویان دووپات دەکەنەوە لەسەر سەرقاڵبوونی تەواو و کارا بۆ توخمە گونجاوەکانی دامەزراوەکە بۆ هەوڵەکانی گۆڕان.

- پلانێکی نموونەیی گشتگیر لە پێناو باشکردنی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان:

پێویستە باشکردنی ئاستی دامەزراوەکە بەپێی بەرنامە و پلانێك بێت. ڕێگەی پێشنیازکراوی خوارەوە ئەو تەکنیك و ئامێرانە تەواو دەکات کە باسکران لەگەڵ دووپاتکردنەوە و تەرکیزکردن لەسەر پێداچوونەوەو گۆڕانکاری بەردەوام. ڕاوێژکردن لە بارەی پرۆسەی (MBO) و (OD) پێشتر پێویستە ئەم پرسانە پێکەوە بگونجێنین و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کێشەکاندا کۆك بن، هەروەها دەبێت پەرەپێدانی چارەسەرییەکان هەموویەکی "پێکەوە پەیوەست" بێت. بۆیە دەبێت بەرنامەکە لەسەر پرۆژەکان جێبەجێ بکرێت بەپێی بنەمای تایبەت بەهەر دامەزراوەیەك بەجیا لەگەڵ ئەوەی دەکرێ بەشی دیاریکراو لەخۆبگرێت لەگەڵ دامەزراوەکانیتر وەکو ناوەڕۆکی ئەو زانیاریانەی کە لە شێوەی پرۆگرام یان خولەکاندا بڵاو دەبێتەوە، کە بەشێوەیەکی هاوبەش پیادە دەکرێت لە نێوان دامەزراوەکان لە ئەمریکای لاتینی.

ئەم ڕێگەیەش ئامانجی دۆزینەوەی بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکانە کە کراوە و ئامادەباش بن بۆ کارلێکی هاوبەش و هاریکاری لەگەڵ ئەوانیتر. بۆئەوەی بتوانین پلانێك بخەینە واری پراکتیکەوە پێویستمان بە بە ئەو توخمە کارپێکراوانەی خوارەوە هەیە:

- ناوەڕۆك: دامەزراوە (گشتی یان تایبەتییەکان) یاخود یەکە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان بەرپرسیارە.



- ژینگە: سەرکردایەتییە باڵاکان دەرك بەوە دەکەن، کە کەلێنێك هەیە لە پرۆسەی باشکردنی ئاستدا کە ڕازی دەبێت لە گرتنەبەری ڕێوشوێن و یاساگەلێك بۆ ئەوەی گۆڕانەکە لەخۆبگرن.

- فەلسەفە: ئارەزووکردن لە دەستپێکردن بەو چالاکیانەی کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن لە ڕێگەی سیستەمێکی کارا لەسەر بنەمای کارلێکی هاوبەش و خاوەن ڕاستکردنەوەی خودی.

- داواکراوەکان:

- ئاسانکاری لە پێناو ئەوەی مەشقەکە زۆر نزیك بێت لە شوێنەکانی کارکردن، لەوانەیە لە چوارچێوەی خودی دامەزراوەکەش بێت.

- تیمێکی بچووك لە کەسە ڕاهێنراوەکان لەسەر کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و لە زانستی ڕەفتار و لە پەرەپێدانی کارگێڕی.

سەرەڕای ئەو توخمە کارپێکراوانەی کە ئاماژەیان پێ درا، ئەم قۆناغانەی خوارەوە پێشنیاز دەکەین بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە:

**قۆناغی یەکەم:**

ئەو تیمەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا زانیاری لەبارەی دامەزراوەکە کۆ دەکاتەوە. ئەم هەنگاوە وەکو دیمەنی سەرەتاییە بۆ کێشەکانی کارەکە.

**قۆناغی دووەم:**

تیمی کۆبوونەوەکان لەگەڵ کارگێڕیدا دەچێتە نێو چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییە باڵاکان دواتر کێشەکان دەپشکنرێت لەلایەن گەورە بەڕێوەبەران لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕۆڵی تیمەکە لەم قۆناغەدا کارئاسانی و تۆمارکردنی چالاکییەکان دەبێت و ئەم پرسە وەك سەرەتایەك دەبێت بۆ پرۆسەی باشکردن. لەم قۆناغەدا بەتایبەتی ئامانجەکان دادەنرێن و ئاستەکانی ئەداو ئاماژەکان دەپشکنرێن و پلانی بەنامەکانی کارکردن دادەنرێت و هێڵە پانەکانی بۆ دەکێشرێت.

بەرنامە جێبەجێکارییەکان لەسەر گرووپگەلێك لە کادیران لە ئاستە جیاوازەکان لە دامەزراوەکەدا دابەش دەکرێت لە روانگەی ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی بالاّ، هەروەها لەم قۆناغەدا پلانەکان دەکێشرێن بە مەبەستی پێداچوونەوەکانی دواتر و خولە هەڵسەنگاندنەکان.

**قۆناغی سێیەم:**

ئەم قۆناغە لەگەڵ مەشقکردن مامەڵە دەکات، کە پێویستە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ناوچەیەکی ئەمریکایی ئەنجام دراون. ئەم قۆناغە دەتوانێت سوود بە چەندین دامەزراوە بگەیەنێت کە کێشەی هاوبەشیان هەیە و کاتێك ڕێبازەکانی سیستەمی بەشداری جیهانی بۆ مەشقکردن لە بوارێکی سوود و کارادا.

گەیاندنەکانی سەر بە (ITU):

لەم قۆناغەدا بەتایبەتی دامەزراوەکان کار دەکەن لەسەر بەرهەمهێنان و ئەزموونەکەی لە بواری مەشقی کارگێڕی بەپێی پێوەرەکانی (ITU).

**قۆناغی چوارەم:**

ئەم قۆناغە بایەخ دەدات بە پەرەپێدانی بەرنامەی کاری تایبەت کە خۆی لە بەشێکی ئەو چارەسەریانە دەبینێتەوە کە پەیوەندی نییە بە مەشقکردنەکە کە پلانی بۆ دانرابوو و، لە قۆناغی پرۆگرامی بۆ دانرابوو، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵە کەسێك بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی.

**قۆناغی پێنجەم:**

پەرەپێدانی چالاکی تایبەت لامان دروست دەبێت وەك ئەنجامێکی بەرنامەکانی مەشقکاری و ئاراستەگرتن بەرەو جێبەجێکردنی ئەو چەمك و بیرۆکانەی کە تاوتوێ کراوە لە کاتی قۆناغی مەشقکردن کە تەواو کراوە بۆ رێوشوێن و پێوەرەکانی سەر قۆناغی چوارەم.

جێبەجێکردنی قۆناغەکانی سێ و چوار و پێنج بەپێی ویستراو جێبەجێ دەبێت. کە قۆناغگەلی جێبەجێکاری کۆمەڵگەکانی کار رایدەپەڕێنن. ژمارەکەی و درێژی



ماوەکەی پشت بە قەبارەی دامەزراوەکە و پلەی ئاڵۆزی ئەو کێشانە دەبەستێت کە چارەسەری دەکەین.

دەکرێ ئەو قۆناغانە —لە یەك کاتدا- جێبەجێ بکەین لە ڕێگەی کۆمەڵە گرووپ و بەشێکی جیاواز لە چوارچێوەی دامەزراوەکە.

## پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی قۆناغەکان:

ئەنجامدانی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ناوبەناو پێویستە، لە پێناو سەرخستنی پرۆسەکە بە تەواوی. ئەم پرسانەش پێویستە لە پێناو بەردەوامیی پێشکەوتن لە پرۆگرامەکانی کار لە پاشان توانینی ئەنجامدانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و هەڵسەنگاندن و هەموارکردن لە روانگەی هەر بارودۆخێکی گۆڕاو و هەر گۆڕانکارییەك کە دێتە ئاراوە. ئەم نوێکردنەوەیەش زانیاری و ئامانجەکان دەگرێتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەکە ببێتە بەشێك لە شێوازی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکەدا.

کۆمەڵە بچووکەکە لە تاکەکان کە دەستپێدەکەن و پرۆسەکە ئاسان دەکەن، توخمێکی سەرەکییە لە جێبەجێکردنی و سەرخستنی. کە پێویستە لەسەریان زانیارییەکان کۆ بکەنەوە یان پێڕستە پەیوەستەکان بە ئاستی ڕێکخستنیی کە پەیوەندی هەیە بە بابەتەکەوە پێش دەستپێکردن بە مەشق و راهێنان. هەروەها دەبێت شوێنەوارێك بەجێ بهێڵن بۆ ئەم پێڕستانە لە کاتی قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەکە بەجۆرێك بەتوانا بن بۆ پێوانی پلەی گۆڕان و دانانی ئەنجامی هۆکاریی و پێبەستی ئاڵوگۆڕ. ڕۆڵ و ئەرکی ئەم کەسانەیە کە کارلێك دروست بکەن و شیکردنەوەی ئەزموونی پێوانەیی ئەنجام بدەن لە بارەی کاریگەری پرۆگرامەکانی باشکردن و پەرەپێدان لەسەر دامەزراوەکە.

هەر کە هەموو قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە کاراو کاریگەری بەردەوام بوو و باو بوو لە دامەزراوەکە، هیچ پاساوێك نامێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بەشێکی سروشتی

نەبێت لە پەیڕەوکارییە کارگێڕییەکان لە دامەزراوەکە بەبێ یارمەتی تیمی راوێژکاری، بەڵام لەوانەیە جیاکاری و پێویستییەك هەبێت بۆ بوونی تەکنیکێکی کارگێڕی دیاریکراو بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەك.

لە کاتی قۆناغی دووەمدا دەکرێ کۆمەڵەی ئامادەکار، هەستانی دەسەڵاتی باڵا بە دیاریکردنی ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

* ئامانجە رێکخستنییەکان و پێوانەکانی ئاست:

- جۆری ئەو کارانە چییە کە ئەنجامی دەدەین؟
- ئامانج و ئاماژەکانی ئاست و لە پێشینەکان.
- وێنابینی ئاستی ئایندەیی و دانانی پلان بۆی.

* دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی کێشەکانی ئاست و هۆکارە ئەگەرییەکان (هێزە رێگر و بەزێنەر و کارلێکردووەکان):

- پۆلێنکردن و تۆمارکردنی کێشەکان.
- هەڵسەنگاندنی توندیی هێزی رێگر و بەزێنەر.

* دروستکردنی ستراتیژییەت و بەرنامەکانی کار لە پێناو باشکردن و پەرەپێداندا:

- گەردەلولی هزرەکان.
- دەستنیشانکردنی ئەڵتەرناتیڤ و ئەنجامەکان.
- بەرهەمهێنەری دوایی: پلانێك لە پێناو باشکردنی ئاستی دامەزراوەکە.

* ریزبەندییەکان لە پێناو جێبەجێکردندا:

- گرووپەکانی کارو هەماهەنگکاران و بیرمەندان و خول و ئەنجوومەنەکانی پێداچوونەوە.
- پێشبینیکردنی سەختییەکانی جێبەجێکردن و، چۆن بەسەریدا زاڵ دەبێت (پلانگەلی جێگرەوە و پلانگەلی لەناکاو).
- دیاریکردنی بابەتە تایبەتییەکان بە گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەڵاتە دەرەکییەکاندا (لە دەرەوەی دامەزراوەکە).



- هەڵبژاردنی ئەو بەرنامە کارەی کە ئەولەویەتی زۆری هەیە.
- خول و کۆبوونەوەکانی پێداچوونەوە و بژارەکردن و نوێکردنەوە.
- تەماشاکردنی باشکردنی ئاست بەوپێیەی خولێکی بەردەوامە و کارێکە بەردەوامە.

بۆ قۆناغی سێیەم -مەشقکردن- دەکرێ سوود لە داهاتی سیستەمی بەشداریکردنی جیهانی (ITU) ببینیت لە بوارەکانی گەیاندنا. لەم بوارەشدا هەندێ کار لە ناوچەی ئەمریکایی ئەنجامدرا لەگەڵ شیکردنەوەی پێداویستییەکانی مەشقکردن لەسەر سەرکردایەتی و کارگێڕی لەچوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان، کە بەشێکە لە کارەکە کە پێویست بوو لە قۆناغی دووەم ئەنجام بدرایە و بەرهەمهێنانی زنجیرەیەك لە رێباز و خول بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ پێوەرە بچووکەکانداو، بەشداریکردن لە شارەزاییەکی نوێ لە مەشقی کارگێڕیدا.

دەکرێ سەرنجڕابکێشین بۆ دوو باری تەواو جیاواز کە بریتین لە:

- بەڕێوەبەران لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان کە لە سەرووی کارەکانیاندان.
- مەشقکردن لەسەر کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاتی ژیانی کرداری کادیری بەرپرس بە شێوەیەکی کارا، لە بارەی بەرزکردنەوەی پۆستە سەرکردایەتییە کارگێڕییەکان.

رادەسپێردرێت بەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دو بوارەی دادێ بۆ زانینی باری بەڕێوەبەرەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان کە لەسەرووی کارەکانیانن:

أ/ ئاستی باڵاو ئاستی مامناوەند بۆ کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان.

**ب**/ ئاستی کارپێکراوی و ئاستی چاودێری بۆ کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان.

دەکرێت بەهەمان ئەو بابەتانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو بوارە بکرێت سەرەڕای ئەوەی وردەکاری و الحیپیاتەکان بەپێی بەرپرسیارێتییەکان دەگۆڕێن.

بۆ قۆناغی چوارەمیش کە پێکهاتووە لە جێبەجێکردنی ئەو چارەسەریانەی کە پەیوەندییان بە مەشقەوە نییە- زۆر دیاریکراوە سەبارەت بەهەر دامەزراوەیەك و، لە ڕێگەی بەسەربردنی چوار ساڵ لە سەردانی کردنی دامەزراوەکانی گەیاندن لە ناوچەی ئەمریکایی، دەکرێ کێشەی زانیارییەکان لەهەر بارێك لە بارەکان چارەسەر بکرێن. ئەگەر ویستمان بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان دروست بکەین، کە ڕووناك و کراوەو دابەشکاری بەرپرسیارێتی و دەسەڵات لەسەر ئاستە جیاوازەکانی بەرپرسیارێتی لە چوارچێوەی بونیاتی ڕێکخستنیی لە خۆبگرێت، ئەوا پێویستە سیستەمێکی زانیاری کارگێڕی کارا بخولقێنین، بۆ ئەوەی زانیاری پێویست و کاراو تەواومان بداتێ بۆ دروستکردنی بڕیار.

دەکرێ مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە سیستەمەی زانیارییە بەشێوەیەکی کلاسیکی و روون بکەین، یان بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی چارەسەری کۆمپیوتەر.

وادیارە مایەی سوودمەندییە لەم خاڵەدا هەندێ بیرۆکە پەیوەست بکەین، کە لەلایەن نوێنەرانی (Telecomunicacoes) دەخرێنەڕوو لە کۆبوونەوە و دیدارەکاندا، کاتێك باس لە بابەتی تێکردنی تەکنیکی نوێ دەکەین لە سیستەمەکانی گەیاندن و، تێکردنی ئەم تەکنیکانە ڕوودەدات بەبێ لێکۆڵینەوەی لەوەی کاریگەری لەسەر دامەزراوەکە بە گشتی دەکات، نەك تەنیا بە سیما یان کاروبارە هونەرییەکانی، بەڵام بەسیما و کاروبارە کارگێڕییەکانی. دەسەڵاتەکانمان بەردەوام دەبێت -سەرەڕای ئەمە- بە بەکارهێنانی ڕێگە کلاسیکییەکان لە کارگێڕییەکەی لە دامەزراوەکە.

بڕوا وایە کە ئەلیکترۆنییە ژمارەییەکان و چارەسەرییەکان ( Digital Electronics and Processors) شۆڕش و گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە هەموو سیماکانی زانیاری مرۆیی بەرپا کردووە. بۆیە دەبێت پرۆژەکانیشمان نەرم و نیان بن بەشێوەیەکی تەواو بۆ ئەوەی نوێکاری بەسەر خزمەتگوزاری و کارگێڕییەکانیدا بکەین. لەم سەردەمە سەختە ئاڵۆزەدا تەنیا ئەوانەی بەتوانان دەتوانن بەردەوام بن و، ناتوانین بەتوانا بین بە ڕێگەکانی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی کلاسیکی کۆنی بەسەرچوو.



قۆناغی پێنجەم زۆر گرنگە، کە پێویستە پرۆژە گەلی بچووك ڕێکبخرێن و دروست بکرێن لە دوای ئەنجامدانی چالاکییەکانی مەشقکردن ئەمەش لە پێناو جێبەجێکردنی هەر چەمك و بیرۆکەیەك کە لە خولەکاندا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، لەگەڵ ئاگابوون لە باشکردنی ئاستی چالاکی و کارایی لە هەر نووسینگەیەکدا و تەواوکردنی پێوانە سەرەکییە گرنگەکان بۆ قۆناغی چوارەم. ئەمەش هەستێك بە بەشداربوانی خولەکە دەبەخشێت بەوەی بەشێکی تەواوکراون بۆ پرۆسەی باشکردنی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکانی ڕەوا بەمەش خولەکان بەئامرازی مردووی بێگیان نامێننەوە.

پێویستە ڕێگە بەم پرۆژانە بدرێت و چاودێری بکرێت و ڕێککاری بکرێت لەلایەن هەمان گرووپی ئامادەکارەوە کە چاودێری پرۆسەکە بەتەواوی دەکات. هەروەها قۆناغەکانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە پرسگەلی سەرەکی و کرۆکین لەپێناو سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە.

## دەرەنجامەکان (Conclusions):

وەك دەرەنجام دەڵێین مایەی گرنگییە کە هەمیشە دووبارە و دووپاتی بکەینەوە کە بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان مەشقکردن لە شێوە جیاواز و جۆراوجۆرەکان بۆ کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئەوانەن کە بە دوای باشکردن و پێشکەوتنی ڕاستەقینە لەئاستی دامەزراوەکە دەچن. پرۆسەی مەشقکردن و ڕێڕۆیشتن لەگەڵ پێشکەوتنی پرسێکی ئاڵۆزە و دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەلایەن کۆمەڵێك لە پسپۆران لەگەڵ پاڵپشتی بەهێز بۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی باڵا لە هەر دامەزراوەیەکدا.

دەکرێ باشکردن وەدی بێت کاتێك دامەزراوەکە خۆی دەتوانێت کێشەکانی دەستنیشان بکات و خۆی چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. ئەو پرۆسەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا سوورە لە پێناو دروستکردن و دۆزینەوەی ئەم توانایانە.

دواجار، کۆمەڵەی جێبەجێکاری باش ئەو کۆمەڵەیەیە، کە هەوڵدەدات و دەگەڕێت بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکان و ئامرازەکانی باشکردنی ئاست کە خۆی سەرقاڵ دەکات لە پرۆسەکانی گۆڕان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پێناو مەشقکردن لەسەر گەیاندنەکان.

## سەرچاوەکان (Bibliography):

- ڕێبەرێکی کرداری بۆ پرۆگرامی باشکردنی ئاست لە دامەزراوە گشتییەکاندا (حکومی).

بەشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی.

- هریرا ج، پلانێکی نموونەیی گشتگیر بۆ باشکردنی کارگێڕی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان، بەڵگەنامەی ژمارە ٣ لە کۆبوونەوەی پێنجەمی ناوچەی ئەمریکایی، لە پێناو مەشقکردن لەسەر گەیاندنەکان، سانتیاگۆ- چیلی- تشرینی دووەم ١٩٨٤.

- پرۆگرامێکی مەشقی جێبەجێکاری.

- ڕاهێنانی بەڕێوەبەران لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبەران.

- پلانی مەشقی کارگێڕی- کوستاریکا.

- وۆرکشۆپی مەشقی گرووپی ئامادەکار- کوستاریکا.

- کۆبوونەوەی شەشەمی ناوچەی ئەمریکایی بۆ مەشق لەسەر گەیاندنەکان- تشرینی دووەم ١٩٨٥.



## سەرچاوەکان:

١- د. حسين عبدالحميد احمد رشوان، العلاقات العامة و الإعلام من منظور علم الاجتماع، اسكندرية(مصر)، المكتب الجامعي الحديث، ١٩٩٣.

٢- د. إبراهيم إمام، العلاقات العامة و المجتمع، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٧٦.

٣- د. حسن محمد خيرالدين، العلاقات العامة- المبادئ والتطبيق، القاهرة، مكتبة عين شمس، ١٩٧٣.

٤- د. محمد عبدالله عبدالرحيم، العلاقات العامة، القاهرة، دار التأليف، ١٩٨٢.

٥- د. حميدة سميسم، نظرية الراي العام، بغداد، دار الشؤون الثقافية، ١٩٩١.

٦- د. عبدالوهاب كحيل، ..................، القاهرة، مكتبة المدينة،........

٧- احمد عبدالعزيز النعيم، مبادئ الإدارة في نطاق العلاقات العامة.

٨- علي السلمي وآخرون، اساسيات الادارة في نطاق العلاقات العامة.

٩- سيد الهواري، مبادئ الادارة في نطاق العلاقات العامة والاسس العلمية.